# نەوشەفەق 56

خاوەن ئیمتیاز:
**بەدران ئەحمەد حەبیب**

ئایار 2008

کۆواری ئەدەب و ڕۆشنبیری



**سەرپەرشتیاری ئەنجوومەنی کارگێڕی**
ئەحمەد تاقانە

**سەرنووسیار:**
یوسف لەتیف
youseeflatif@yahoo.com
Mobail :07504675056

**بەڕێوەبەری نووسیاری:**
محەمەد سەعید زەنگنە
Hamatal_z@yahoo.com

**دەستەی نووسیاران:**
سەباح ئیسماعیل
چنوور نامیق
بەکر دەروێش

**بەڕێوەبەری هونەری**
ئاراس ئەکرەم

نەوشەفەق لەم سایتە بخوێنەوە
www.dangakan.com



دەزگای شەفەق
کوردستان - کەرکوک
ڕەحیماوا - نزیک خولگەی ئەحمەدی خانی


**ڕۆمانی وەرزی کۆچ بەرەو باکوور ئەمڕۆ گفتوگۆیەکی گەرمی وروژاندووە لەسەر جیهانیی بونی ئەدەب و تایبەتمەندیەکانی ئەدەبێک کە قابیلیەتی جیهانی بوونی تیایە، هەرچەندە بەمیزاج و خەیاڵ و زەوقێکی تەواو لۆکاڵییەوە نوسراوە**

محەمەد حوسێن

**دەنووسم چونکە هیچکات چەشنێک پەروەردە نەکراوم کە شادمان و خۆشحاڵ بم، دەنووسم تاکوو شادمان و بەختەوەر بم.**

ئۆرهان پامۆک

**سەدەی بیست سەدەی زێڕینی ئەڵمانییە لەبواری فیکری و هونەر و پیشەسازیدا نازییەکان دەیانویست هونەر و ئەدەب و فەلسەفە لە خزمەتی ئایدۆلۆژیای نازیزمدا بێت.**

مەحموود نەجمەدین

هەموو ئاشتی کتێب

# پێڕست


نۆستالیگا. چەمکی رابردوو... چەمکی ئێستە. **ڕوانین**. کەریم دەشتی ........ 3

شوناسێک نییە بۆ ئاشت بوونەوەمان. **لێکۆڵینەوە**. عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە ........ 13

ئۆرهان پامۆک و کەلتووری رەخنەگرانە. **باس**. و: لە فارسییەوە: شەریف فەلاح ........ 20

ئەندازەی شیعر لە هیلامییەتی زەمەندا. **ئەزموون**. و: عەبدولڕەحیم سەرەڕۆ ........ 26

شوێن و مانەوە شوێن و جوانیەکانی ژیان. **هزر**. نەجات حەمید ئەحمەد ........ 30

ڕەهایی لە هەڵمژین و دوور لە رکێف. **شیعر**. موحسن ئاوارە ........ 37

ژمارە ژن. **شیعر**. نیگار نادر ........ 40

تا ماڵی ئێوارانێک ئەچم. **شیعر**. چنوور نامیق حەسەن ........ 44

سی و یەک منداڵ دەربارەی خەون چییان گوت ؟. **شیعر**. وەرگێڕانی: حەمە عەباس ........ 49

پەلکزەردێک بە مایۆی سوورەوە. **چیرۆک**. حەمە فەریق حەسەن ........ 59

هەڵاتن بەرەو ئاسۆ. **چیرۆک**. گوڵبەن شەریف ........ 64

دووبارەبوونەوەی یادەوەرییەکی خەمناک. **چیرۆک**. شاخەوان برایم عەبدوڵڵا ........ 76

وتی: چۆن بنووسم؟. **چیرۆکی وەرگێڕدراو**. عەزیز نەسین. و: خالید کاوێس قادر ........ 81

قوتابخانەی شیکاگۆ. **مێژوو**. ئانتۆنی گیدێنز. و. لە فارسییەوە: هیوا. محەمەدپوور ........ 92

وەرزی کۆچ بەرەو باکور... بەهارێکی جوانی. **خوێندنەوە**. محەمەد حوسێن ........ 101


هونەرمەندانی تەعبیریی ئەڵمانی. لە ڕۆژگاری جەنگدا. **هونەر**. مەحموود نەجمەدین ........ 109

دارمانی هونەری مەقام و سڵەمینەوە. لە پیرۆزییەکانی. **هونەر**. وشیار ئەحمەد ئەسوەد ........ 126

چەند تاڵە بیرێکی ئاڵۆزکاو. **شاکارەکانی دوێنمان**. جەمال شارباژێڕی ........ 130


هەوالنامەی کتێب

رِوانین



کەریم دەشـتی

# نۆستالیگا
# چەمکی رابردوو... چەمکی ئێستە

ناوەرۆکی ئەم نووسینە بریتییە لە بیرورِای جیاجیا سەبارەت بە چەمکی رابردوو، چەمکی داهاتوو، لەوەی کە ئایا دەکرێ رابردوو فەرامۆش بکەین و هەموو داهاتوویەک بپەسنین؟ یاخود دەکرێ (ئێستە) بکەین بەسەنگی مەحەک بۆ هەموو فەلسەفە و بۆچوون و رایەکانمان، یاخود دەکرێ بایەخ لە رابردوو وەرگرین، بۆ بنیادنانی ئێستە، ئیدی لە گەرمەی ئەو بابەتانەوە گەلێ لایانی شاردراوەی دیکەش پەنجە نوما دەکرێت، برِگەیەکی سەردەمی ڤیکتۆرییە لەگەڵ پێوەندییەکانی بیری چەرخی نێوەند.

١

بیرۆکەی ئێستە و رابردوو لە وڵاتی بەریتانیادا تەواوی هزری ناسک و حەساسی کۆنترۆڵ کردبوو، ئەوەشیان لەوکاتەدا بوو کە شۆڕشی پیشەسازی لەوپەڕی بەرزبوونەوەی ئاستەکانیدا بوو، بەمجۆرە گەلێ بەراورد کردن و موزارەبات هاتنە ئاراوە، هەر لە ئەنجامی ئەو وەرچەرخینە بنەڕەتی و خێرایانەوە کۆمەڵگەی بەریتانی بیرۆکەی زەمەنی کەوتە کەڵکەڵەی، چینی ڕۆشنبیرانیش دەستیان کرد بەگەڕان و سووڕان بە دوای سیستەمێک بۆ (زەمەن) کە ئەو سیستەمە بتوانێ ئەقڵەنەی زەمەن بکات لە پێناو دابینکردنی بڕێک لە یەقینی و جودی بۆ ئێستەیەکی شڵەژاو. بەمجۆرە گەڕاندنەوەی رابردوو دوو شێوازی گرتە خۆ کە بریتی بوون لە – بەراوردکردنی ئەنجامدار و غەریبیکردن – حنین – هەر لەو ساتەوە رابردوو بوو بە بابەتێکی زیندوو بۆ هەموو لێکدانەوەیەک سەبارەت بە ژیانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری ڤیکتۆری Victoran (لە حوکمی مەلیکە ڤیکتۆریاوە هاتووە) ١٨٣٧– ١٩٠١ شەست و سێ ساڵی خایاند و درێژترین مەودای عەرشی بەریتانی بوو، تەژی بوو لە ئاڵۆزی و گۆڕان و گێرمەو کێشە فیکری جەماوەری ئەو سەدەیە لە هیکەوە خۆی لە دنیایەکی شۆڕشگێڕیدا دۆزییەوە، گۆڕانەکان هەموو شتێکیان رادەماڵی هیچ لایەنێکی ژیانیان فەرامۆش نەدەکرد، هەر لە سەرەتای هەمان ئەم سەدەیە، هەست کردن بە (زەمەن) دەستی پێ کرد، راستتر مەسەلەی نوستالیگا هاتە کایەوە.

٢

لە ئەنجامی تەقینەوە و هەڵگیرسانی شۆڕشی فەرەنسە و بەدیارکەوتنی چینی مامناوەند، پاشانیش بەدیارکەوتنی دەوڵەتی ئەوروپی تازە، ستوونی کۆمەڵگەی کۆنینەی بەریتانی وردە وردە دەستی کرد بە لاوازی و لەنێوچوون، هەروەها بە هاتنی شۆڕشی پیشەسازی، لە نێو ئەو هەموو وەرچەرخانەدا بنکەی تازەی پیشەسازی هاتەکایەوە، شۆڕشی پیشەسازی بیری تازەشی لەگەڵ خۆیدا هێنا، ئابووری فیکری لیبرالی و حیساباتی بایەخی مادی و چاکسازییەکانی دیموکراسییەت، بەشێک بوون لە بنەما ئایدۆلۆژیەکانی شۆڕشی تازە، لەلایەکی دیکەوە چینی مامناوەند، چینێ بوو نوێنەرایەتی خۆی لەنێو نەقیبەکانی پیشەسازی دۆزییەوە. کە بریتی بوون لە بازرگان و زانا چالاک و

ئەکادیمی و ئایدۆلۆژیستەکان و لیبرالیستەکان، هەروەها سیاسی شارین و نووسەرەکان، جگە لە نەوەیەکی کاریگەر لە ڕۆژنامەنووس و چاودێرەکان.

لە کاتێکدا (ماثیو ئارنولد)ی خاوەن کتێبی - شارستانییەت و فەوزا - نووسیبوی ئەم چینە بە تەنیا بەرجەستەی چڕی و زۆری کۆمەلایەتی نەدەکرد و بەس، بەڵکو بەرجەستەی جومگەی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئاینده خوازیشی دەکرد.

لەبەر ئەوەی ئەقڵی حەساس لە نێوان دوو دنیادا رمابوو (یەکێ دەمرێ و ئەویتر ناتوانێ لە دایک ببێ) وەک چۆن ئارنۆلد دەڵێ (ئەوەندەی نەبرد ئەو ئەقڵە هەستی بە خۆشی - نەخۆشی ژیانی تازە - هەر بۆیەش لە هیکەوە نەبوو مێژوو هەستی کرد بەوەی ئەرکی تازەی کەوتۆتە سەرشان ئەویش بایەخدانە بە فەلسەفە و ئایدۆلۆژیا بە تایبەتی لەمەودای ئەدەبدا.

لەبەر ئەوەی جەماوەر لەو سەردەمەدا بەرهەمی چاخی شۆڕشگێڕی بوو، بە زۆری هەستی بە رەتبوونی (زەمەن) دەکرد، هەموو کارە ئەدەبیەکانی ئەو سەردەمە تەعبیریان لە ئارەزوویەکی خێرا دەکرد، ئەویش خۆگونجاندن بوو لەگەڵ دنیا تەژی لە گۆڕان.

تا بگاتە (ڕۆحی عەسر) (جون ستیوارت میل) ئەم هۆشمەندییەی ئاشکرا کرد و دەیوت (مرۆڤ کە چاخی خۆی بەچاخی پێشوو بەراورد کرد، یاخود لەگەڵ چاخەکانی دیکەی بەراورد کرد، هەمان ئەو کاتانە بوو کە فەیلەسوفەکانی بەدیارکەوتن).

بەلام ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەم بیرۆکەیە خۆی بەسەر ئەو سەردەمەدا بسەپێنێ، هەروەها ئەوەی روونکردەوە کە ئەم بیرۆکەیە لەگەوهەردا دەگەڕێتەوە بۆ چاخی گۆڕان بەرلەوەی پیاوان بە دووردرێژی بیر لە دیاردەی شتە غەریبەکانی سەردەمی خۆیان بکەنەوە، دەبێ باوەڕمان بەوە هەبێ کە ئەم زەمەنە دەبێ روودەدات یاخود دەبێ تەقدیر کراوبێت، ئەم زەمەنە زەمەنێکی جیایە لەوەی کە پێشتر هەبوو لێرەدا بوو مرۆڤ بوو بە دوو بەشەوە - ئەوان وەک چۆن بوون هەر ئاوەها مانەوە - ئەوانەش کە وەلامی چاخی گۆڕانیان دایەوە - واتە پیاوانی چاخی کۆن و رابردوو، پیاوانی ئێستە.

کە ڕۆحی عەسر جێی دڵخۆشی بوو بۆ پیاوانی ئێستەو جێگەی تریش بوو بۆ پیاوانی رابردوو، هەردوولاش لە چاودێری کردنێکی ڕاراو سووتێنەردا بوون.

هەر لەم سەردەمەدا ژمارەیەکی زۆر لە مێژوونووسان بەدیارکەوتن هەوڵیان دەدا مێژوو لە رووی زانست و هونەرەوە لەو هەموو بایەخە تەقلیدیانەی ژیانی پاشاو پاپاو خانەوادە

ئۆروستوکراتییەکان ڕزگار بکەن، شۆڕشی پیشەسازی پڕ قەسوەتترین جیاوازی لە نێوان هەژار و دەوڵەمەندەکان هێناکایەوە، بونیادی کۆمەڵگەی هەڵوەشاندەوە، تاوای لێهات (دزرائیلی disraeli) لە ساڵی ١٨٤٥ بە شێوەیەکی ترسناک جیاوازی کرد لە میانی دوو بەشی جیاوازی دژ بەیەک ئەویش هەژار و دەوڵەمەندەکان بوو، ئەو دوو بەشەی کە تێکەڵ بەیەک بووبوون هیچ رەحمێکیان بەیەک نەدەکرد. شارەزای نەریت و بیروهەستی ئەویتر نەبوو، وەک ئەوەی هەر یەک لە ئیقلیمێ دانبشتبن وابوو ناتوانین ئێستا هەڵیسەنگێنین و کەشفی پێویستیەکانیان بکەین بەبێ بەکارهێنانی رابردوو ئەمە قسەی – ماپیو ئارنۆلد –ە لە کتێبی (شارستانییەت و ئاژاوە)دا بۆ رەتکردنەوەی بۆچوونەکانی چینی مامناوەند و گشتی و ئەرستۆکراتی، ئەو بەرەو بیرۆکەی – پالاوتە – چوو، ئەو توێژە کۆمەڵایەتییەی کە تەنیا خۆی دەتوانێ بەریتانیا رزگار بکات لەم ئاژاوەیە، جا ئەم توێژە پالاوتەیە کە نوێنەری شارستانییەتە، بەسەر هەموو بەرژەوەندییەکانی چینایەتی زاڵ دەبێ و بالانسێکی نموونەیی بۆ رەگەزە سەرەکییەکانی شارستانییەت دێنێتەکایەوە کە ئەو رەگەزە کاریگەرانە مێژووی مرۆڤایەتین لە ئەزەلەوەرا، ئەو دەڵێت (ئێمە ناتوانین بگەینە رزگاری فیکری کە دوا ئارەزووی ئەم توێژە پالاوتەیەیە تەنیا رێگەی ئەوەی کە تەواو پابەندببین بە عەبقەرییەتی گریکی کۆن، هەروەها پابەندبوون بە هێمنی بابەتی دوور لە بەرژەوەندی) زۆر بوونی چالاکی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و بەڵگەبەندکردنی رووداوەکان و بایەخدان بە پاشماوە فیزیکیەکانی وەک بیناکان، کاریگەرییەتی زۆری هەبوو بۆ دروستکردنی (کەڵەکەی وێنە ورد و خاشکراوەکان کە نوێنەرایەتی چاخی نێوەندی دەکرد بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ. ئەمەو جگە لەم وەرچەرخانە کە لەگەڵ سپێدەی سەدەی تازەدا دەستی کرد بە زیندووکردنەوەی ئەدەبی لە چاخی نێوەندا، ئیدی تەوژمێکی دیکە رەهەندێکی چاکی گرتەخۆ.

(ئەلس چاندلەر chandlier) دەڵێت:

زیندووکردنەوەی چاخی نێوەند کە وردە وردە ئامادەی چاکی بەخۆوە دەگرت، لەلایەن خۆیەوە هەستێکی دروست کرد، کە بە گشتی مایەی قبوڵکردن بوو، هەروەها جیا بوو لەگەڵ ئەوەی کە لە سەدەی ناوەڕاست هەبوو، بەوەی کە دامەزراندنی رابردوو گیانێکی خەیاڵی سەربەخۆی بە ژیانی تایبەت دروست کرد، ئیدی کۆچی خەیاڵ بۆ رابردوو سەبارەت بە زەینی رۆمانی ئەنجام دەدراو دەشکرا ببێ.

ئەوەش بەوە دەکرا کە هەنگاو بۆ دواوە بهاوێژرێت بەرەو ئەو رابردووە خەیاڵ لێکراوە، بۆ نموونە خوێنەری ڕۆمانێکی (ڤوتی) هەستی خۆی درێژکاتەوە بە زیندوویی ژیانێکی دیکە بژیت، ئینجا بە تێڕوانینێکی فراوانترین حەقیقەت بگەڕێتەوە ئێستا ئەمەشیان مەرجی پێشینەی سەرهەڵدانی رووبەرووبوونەوەیە تا چالاکتر بێ، کە وای کرد ئەدەبی هاوچەرخ ئەو دیدگایە بگرێت لە میانی ئێستا و رابردوودا.

٣

ڕۆمانەکانی (والترسکوت) (١٧٧١ – ١٨٣١) بۆ یەکەمجار بوو کە مەدایەکی باشی فەراهەم کرد بۆ عیشقی هونەری دەگمەن لە نێو قودرەتی ڕۆمانسیدا، بۆ دووبارە خەڵق کردنەوەی چاخی نێوەند و بەکارهێنانی ئەوچاخە بۆ ئەوەی شتێ بخاتە دڵ، ئەویش ئەوەیە کە بوونی کۆمەڵگەیەکی نموونەیی زەرووڕەتە، ڕۆمانەکانی ئەو ڕۆماننووسە پڕن لە زیندووکردنەوەی هیوایات و تەرمی چاکی پێشووی ڤیکتۆری، ئاپۆرەی چینایەتی پێشووی شکاند، لەگەڵ ئەمەشدا بەرهەمە ڕۆشنبیرییەکان گەیشتنە توێژە کۆمەڵایەتییەکانی ژێرەوە، هەروەها ئەدمونی بیرک burk (١٧٢٩ – ١٧٩٨) کە بەرهەمەکانی بریتی بوون لە داکۆکی کردن لە مەتریالیزمی سوودگرو فیکری رووت و داوای دەکرد فۆرمی عەسری نێوەند بپارێزن، لەبەرئەوەی پاشماوەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە. لە کتێبی تێرامان لە شۆڕشی فەرەنسە ١٧٩٠ لە دژی بیرۆکەی شۆڕش وەستا و هەوڵی دا، مانا ڕابردووەکان فراوانتر بکات، ڕاوبۆچوونی ئەو نووسەرە وای کرد فەلسەفەیەک دارێژن دژ بە گۆڕانکارییەکانی شۆڕشگێڕی بێت، کە لەسەر پیرۆزکردنی تەقلید و عورف بونیاد نرا بێ، خۆشییەکانی کۆمەڵگەی نێوەند وەک چۆن (والترسکۆت) لە پەرەسەندنی ئاقاری ڤیکتۆریدا پێچەوانەی کردووە، وایکرد فیوداڵی کۆن بە گوند و شوانکارەیی ببەستێتەوە، فیوداڵەکان لە گوندەکاندا کەوتبوونە ژێر هەڕەشەی گۆڕانکارییەکانی دەوڵەت، لە کشتوکاڵییەوە بەرەو پیشەسازی دەچوون.

(کۆبیت) کێشەی نێوان سیستەمی مێژووبەند کردبوو، سەرمایەداری پیشەسازی و فیودالیزمی کۆن (گوندینی)، ئەوەشیان لە ڕێگەی چاکساز ئایینییەوە بوو، کە بۆ یەکەمجار لە مێژوودا ستوونی چەسپاوی کۆنینەی لەرزاندو سیستەمی تازەی هێنا ئاراوە، جگە لەوەی (کۆبیت)، لە ستایشی خۆی بۆ عەسری نێوەند لە کتێبی (مێژووی چاکسازی پروتستانتی لە ئینگلتەراو ئیرلەندا (١٨٢٤ – ١٨٢٦) دەڵێت: کە ئەم بیرۆکە کێشەی نێوان

چەرخی نێوەند. چەرخی تازەشی گرتبۆوە، چاکسازییەکانی کردە هێڵی ناوەندی چەرخی ناوەند و نوێ، لە کتێبەکەیدا کە بەناوی (پیاسەی گوندینی ۱۸۳۰) دەڵێت:

(سیستەمی کۆمەڵایەتی چاخی ناوەندی تاکە چارەسەریە).

کوبیت بە دوای جوانی و خۆشی گوندی منداڵێتی خۆیدا - بەرەو تەقلیدی چەرخی ناوەند، باوەڕی وابوو کە تەقلیدی چەرخی ناوەند، بەرهەمێکی پاڵەوانانە بوو، نەوەکانی رابردوو یەک پێشکەشیان کردووە، هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی رەت کردووە کە مادییەتی نوێ هێنابوونی و دەیووت:

رووبەڕووبوونەوەی سەرەکی لە نێوان ستاتیکییەت و سکۆنی چەرخی ناوەند لە نایەقینی و هاوچەرخاندندا بوو، کوبیت بۆ پاساودانی راوبۆچوونەکانی خۆی دەڵێت:

(ئەو ئەگەرانەی نکۆڵی چەقی ستاتیکیەتی ئەورووپای کرد، سەرهەڵگەڕانێکی زۆری بەخۆوە بینی، لە هەمانکاتدا پرۆتستانتیەت لەسەر حسێبی باوەڕی کاسۆلۆکی سەری هەڵدا، بە هەڵوەشاندنەوەی بزاوتی چاکسازی بەستایەوە، ئیدی وای باوەڕ بوو کە (سەروەتی پێشوو، زۆر بەرهەمی پێشوو بۆ مرۆڤایەتی هاوچەرخ و هەژارە کە (گیای دەریا دەخوات لە ئیرلەندا باشترین شتە).

لێکۆڵینەوەیەکی (تۆماس کارلایل ۱۹۷۵ - ۱۸۸۱) بەناچاری بایەخ بە بیرۆکەی گشتی و چوارچێوەبەند بدات. لەمەودای مێژوو، ئەم نووسەرە بایەخی بەوە دەدا کە ئێستای هاوچەرخ شی بکاتەوە، رۆمانەکانی والترسکوت دەورێکی گەورەی بینی لە پێگەیاندنی تێڕامانی مێژوویی ئەو نووسەرە، هەروەها سوودی لە میتۆدی سەدەی هەژدەیەم وەرگرت، کە ئەمەش زیاتر بیرۆکەی مێژووی لای ئەم نووسەرە ئاڵۆز کرد، لێکۆڵینەوەکانی کارلایل سەبارەت بەمەدرەسەی عەقڵێنی لە مێژوو کە ئەو کات باو بوو لە زۆر لاوە شتی باش بوون، یەکێ لە نوێنەرانی ئەو مەدرەسەیە (جبون gibbon) بوو. کاریگەرییەتی فراوانی بۆ نووسینی مێژوو وەک هونەر بەکارلایل بەخشی، جگە لە (هیوم hume) کە لە رووی رێرەوی گومان ئامێزی سەرچاوەکانی پێشوو سوودێکی زۆری بۆ کارلایل هەبوو.

فەلسەفەی ئەقڵێنی مێژوو پشتی بە ئەقڵ و چەسپاوی یاساکانی سروشت دەبەستا، ئەو جۆرە پێشەکییە سەبارەت بەمیزاجی (کارلایل)ی رۆمانسی، حاڵەتێکی - نامێژوویی بوو - لەجەوهەردا - حاڵەتێکی خاڵی لە هەست کردن، ئەو هێزەی (بینینی) کە کارلایل لە لێکۆڵینەوەکانی مێژوویی خۆیدا بەکاری دەهێنا بووە هۆی ئەوەی کە قووڵبوونەوەی لە

ڕووداوەکان ئاسانتر بێت.

(شیللر fschillir) لە جیاتی ئەوەی مامەڵەی ئەقڵێنی و ناعاتیفی لەگەڵ مێژوودا بکات، هەوڵی دا ئاوێنەی نێوان مێژوونووس و کەسەکان، یاخوود ڕووداوی مێژوویی دروست بکات، ئەمەشیان وایکرد زێتر بایەخ بەلایەنی کەسێتی بدرێت نەک بەلایەنی بابەتی.

کتێبی (هردر) "چەند بیروڕایەک لە مێژووی فەلسەفەی مرۆیی" بریتییە لە شانازی کردن بەسەردەمی ناوەند – هردر – دەڵێت: لەبەر ئەوەی تاعەتکردنی سەرکردەکان لە چەرخی نێوەند کەمبۆوە، بۆیە شارستانییەتی سەردەمی نێوەند لە نێوچوون، نۆڤالیس دەیوت" چەرخی نێوەند چەرخی باوەڕی زێڕن بوو، بەڵام سەدەی هەژدەیەم چەرخی گومان بوو، لێرەدا بەدیار دەکەوێ کە بەرهەمەکانی نۆڤالیس و شلیجل جگە لە – فیختەو گریس – کیانێکی فیکریان دروست کرد کە زۆر یارمەتی بزاڤی زیندووکردنەوەی دا، کارلایل دەیوت:شیعر دوو جۆرە – گوتراو وەک ئەوەی شکسپیر و دانتی – شیعری کەڕ وەک ئەوەی کە پاڵەوانیەتی پیاوی وەک لۆپر – زیندوو دەکاتەوە.

لە ئەنجامی کاریگەرێتی زۆری ئاقارە فیکریەکاندا، دنیای ماددی لە سەرووی هەموویانەوە – لیبرالیەتی نەفعی – هەموو ژیانی گرتەوە، دەسەڵاتی ڕۆحی کڵێسا وردە وردە پاشەکشەی دەکرد، بە شێوەیەکی خێراو هەست پێکراو، دنیایی و ماددیە لیبرالیەکان لە حزبی – الاحرار – دا داوایان دەکرد کە دەسەڵاتی کڵێسا بخرێتە ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی مەدەنی، چونکە دەسەڵاتی حوکمی ژیانی زەمەنی و ڕۆحی دەکات، بۆیە زۆر کەس دژیان وەستان، واتە لیبرالییەت و ئەقڵانییەت لە دەرەوەو ناوەوەی کڵێسای ئینگلیزی، بۆ نموونە – ئەدوارد بوسی – لایەنگری کڵێسا بوو، زۆر سەرسام بوو بە کارگێڕیەتی وردی کڵێسا سەبارەت بە ئیش و کاری عیبادەت کردن، وتوویەتی: بینایەکانی کڵێسای قوگی بە شووشەی ڕەنگاوڕەنگ و خاچ و ڕەمزەکانی دیکەوە ڕێگەیەکی گونجاوە بۆ زیندووکردنەوەی بیروباوەڕی چەرخی ناوەند، سرووت لەلای پیاوانی – ئۆکسفۆرد – هێزی ئەوەی هەبوو جوانی بدات بەعیبادەت کردن، بۆیە هێزی ئەوەیان هەبوو کڵێسا لە ژیانی پەرستندا بەهێز بکەن ئەندامانی بزاڤی – ئۆکسفۆرد – جاری ئەوەیان دەدا کە هونەری – قوتی پێداویستە، زۆر نموونەی عەقیدەییان هێنایەوە، بۆ زیندووکردنەوەو تێهەڵچوونەوەی هونەری (قوتی) و بەرەو ئایینیان برد.

کۆمەڵەی ئۆکسفوردی بیناکاری لە زۆر شاران پەیدابوو، هەر هەموویان هەوڵیان دەدا

ڕەمزییەتی بیناکانی کڵێساکان زیندوو بکەنەوە، کامبریدج پاڵپشتی بیروبۆچوونی ئەوان بوو، لە کاتێکا قوتیەکان هەوڵیان دەدا دەلالاتی ئاینی ببەخشنە هونەری چەرخی ناوەند (جۆن رسکن ١٨١٩ – ١٩٠٠) هەوڵی دا – ئێستا – بخاتە روو، بەخەلەلی رەوشتی ورۆحییەوە، هەروەها – رابردوو –شی بکاتەوە، هەروەها بەرهەمەکانی ئەو رابردووە لە ڕێگەی هونەر، هەرچەند خۆی بە لێکۆڵینەوەی مێژوویی خەریک کرد، بەڵام بایەخدانی بە هونەر لەوە هاتبوو کە رزگارکاری مرۆڤە لە رووخان و رمانی چەرخی نوێدا، ئەو پێی وابوو کە هەستی چاوەکی (سۆما) و بینین لە هەموو شتێ لە پێشترەو لە ئیلهامی خودایی و جوانی سروشتەوە جگە لە جوانی هونەر سەرچاوە دەگرێت، (رسکن) دەڵێت:

چەرخی ناوەند نوێنەرایەتی منداڵێتی نەتەوە دەکات، ژیانی هەر نەتەوەیەک هەمیشە وەک جۆگەیەکی گەرم و گوڕ و بەتاو وایە، یەکەمجار بە شەوق و هێزەوە هەڵدەڕژێ، پاشان کز هەڵدەگەڕێ، ساتمە دەکات و دەبێتە کوپەڵەیەکی وشک، ئەم حاڵەتەی دوایی زۆر خەمانگێز بۆ چاودێران.

٤

لێکترازانی بزاڤی بەر لە (ڕۆفائیلیەت)ی هونەری و لاسایی کارانی هونەری دەگەڕێتەوە بۆ رەحمی (چەرخی ناوەند) بە پێی بیروباوەڕی – هۆپکنز –ی شاعیر، ئەم دەنگە "دەنگی چەرخی ناوەند" ئاماژە بۆ بوونی لێکترازانی بزاوتەکە دەکات، لەو نەریتە هونەرییەی کە لە سەدەی نۆزدەیەم دامەزراو سەقامگیربوو، ئەو نەریتە کە موریدەکانی – سلوشوا – لە ئەکادیمیای مەلەکی دینامیکیەتیان پێ دەبەخشی، بەڵام هاوچەرخەکان دژی وەستان، بەوەی کە ئەم بزاوتە لە دەستووری کلاسیکی لایداوە، (رسکن) ڕێڕەوی ئەم بزاوتەی بە حەماسەتێکی زۆر گرتە باوەش، کاتێک رسکن تێرمی (بەر لە روفائیلیەت)ی راڤە کرد، پاساوێکی گرنگ و بەڵگەنامەیەکی دەگمەن بوو، بۆ پاڵپشتی کردنی ئەم کۆمەڵەیە، لەو بەڵگەنامەیەدا (رسکن) ئەو نموونە ژەهراوییەی بەدیارخست کە هونەر تووشی بووە، لەو کاتەی کە (روفائیل) لەیەک لە کارەکانیدا وێنەی شیعری بوتپەرستی لە دوو تابلۆدا لە بەرامبەر خوای لاهوتی دانا ئەم تابلۆیانە کە لە حوجرەیەکی فاتیکان هەڵواسران، جا ئەو بزاڤە بە هەڵبژاردنی ئەو ناوە تەعبیریان لە شانازی خۆیان دەکرد سەبارەت بە سەرەتاکانی چەرخی ناوەڕاست کە پێش چەرخی روفائیل کەوتبوو، (رسکن) بە بیروڕاکانی خزمەتێکی زۆری شێوەکارانی هاوچەرخی کرد بۆ دامەزراندنی بنەمایەکی

هەواڵنامەی کتێب

فیکری بۆ سەر هەڵدانی بزاڤەکەیان، هەروەها سەبارەت بە شیعری – ویژدانی – کە بووە بەیانێک بۆ بزاڤی رۆمانسی لەسەدەی پێشوودا.

(ماکسیم گۆرکی) دوای ئەوەی هەندێک لە تابلۆکانی – بزاڤی رۆفائیلیەت –ی بینی لە کتێبی (ئەدەب و ژیان) نووسی: زۆر لەو تابلۆیانە رامام کە – روزیتی وبیرن – کردوویانە و پرسیم لەبەرچی ئەو هەمو بەهرە مەزن و نەرم و نیانانە خۆیان بەوە ماندوو کردووە کە بەدوای ئیلهامەکانیاندا بگەڕێن لە ڕابردوودا، لەبەرچی نەیان توانیوە یا هەوڵیان نەداوە لە ژیانی هاوچەرخ نزیک بکەونەوە، ئایا لەبەر ئەوە بوو کە کۆمەڵگەی هاوچەرخ تەنگ بۆتەوە و کاڵ هەڵگەڕاوە و رەنگی نەماوە، ئەوانە بەڕای ماکسیم گۆرکی (ئەو کەسانە بوون بە دوای جوانیدا دەگەڕان. بەڵام لە گۆڕستانەکانی رابردوودا) چونکە (هیچ ئێستایەکیان نەبووە و ئایندەیەکی رووناکیان نەبووە).

(ولیەم مۆریس ١٨٣٤ – ١٨٩٦) یەکێک بوو لەوانەی پەیوەندی بە بزاوتی بەر لە رۆفائیلیەت هەبوو، چونکە هزرمەند بوو، دیدگای (ئایندەی رووناک)ی کەوتبووە کەڵکەڵەی هەموو سنوورەکانی بەر لە (رۆفائیلیەت)ی رەت کردەوە بۆ ئەوەی بچێتە نێو – ئێستا – بۆ پشتگیری کردنی دیدگای خۆی سەبارەت بەفیردۆسێکی سەر زەوییەوە بەوە کرد کە بگەڕێتەوە سەر بایەخدانی (رسکن) بە سروشتی هونەری – قوتی – ئیدی – موریس) بە دوای بورجی عاجی نەدەگەڕا.

٥

دزرائیلی: رۆماننووسێکی بەریتانی بوو رۆمانی (ڤیڤان گرای) لە ساڵی ١٨٢٦ بە چاپ گەیاند.

جون رسکن: لە منداڵییەوە خەریکی شیعر بووە، خاوەنی کتێبی – نەقاشە تازەکان – لە دانشگای ئۆکسفۆرد مامۆستای هونەرە جوانەکان بوو.

والتر سکوت: شاعیر و ڕۆماننووسێکی ئوسکوتلەندی بوو، دیوانێکی هەیە بە ناوی (سروودەکانی گۆرانبێژ ١٨٠٥)، چەند کۆمەڵە چیرۆکێکیشی هەیە لەوانە (مارمیون) خانووی دەریا.

فریدریک شلیجل (١٧٧٢ – ١٨٢٩): رەخنەگرێکی گەورەی ڕۆمانسی بوو، خەڵکی ئەڵمان بوو، کتێبێکی هەیە بەناوی – فەلسەفەی ژیان – هەروەها ئەدەبی نوێ.

یوجین (١٨١٢ – ١٨٥٢): لە خێزانێکی ئورستوکراتی بوو، دەستێکی باڵای لە ئارکیۆلۆژیا و نووسین و بیناکاری هەبوو، لە ساڵی ١٨٣٣دا خانوێکی (قوتی) غەریبی دروست کرد کە بۆ خۆی کتێبێکی هەیە بەناوی (بەراوردکاری).

کارلایل: خودان ماستەر بوو لە ماتماتیک، لێکۆڵینەوەی هەیە سەبارەت بە ئەدەبی ئەڵمانی لە بارەی – بینز، جونسن، گۆتە، ڤۆڵتێر، شیللەر، شتی نووسیوە، کتێبی شۆڕشی فەرەنسە و مێژووی ئەدەبی ئەڵمانی نووسیوە.

کوبیت (١٧٦٣ – ١٨٣٥): رەخنەگرێکی زمان درِ بوو، دەستێکی باڵای لەرەوانبێژی و مەنتیق و زمانی فەرەنسی هەبوو.

هردر (١٧٤٢ – ١٨٠٣): شاعیرێکی گەورەی ئەڵمانی بوو (کانت و هامان)ی خستە بەر باس و لێکۆڵینەوە، کتێبێکی هەیە بەناوی (چەند بیروڕایەک لە فەلسەفە و مێژووی مرۆیی)

تۆڤالیس (١٧٧٢ – ١٨٠٣): پەیامبەری ڕۆمانسییەت بوو.

هەوڵنامەی کتێب

**سەرچاوە: خوێندنەوەیەکی کتێبی – انتصار الزمن –ە**

لێکۆڵینەوە



عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە

ستاتیکای دەق و مامەڵە بە ڕەگەزەکان

# لە کۆمەڵە چیرۆکی
# شوناسێک نییە بۆ ئاشت بوونەوەمان




چیرۆکی فشاری خوێن..
هەڵدانەوەی گۆڕی عەشقێک
رووتبوونەوە لە بەردەم ئاوێنەی ویژداندا

هەواڵنامەی کتێب

شوناسێک نییە بۆ ئاشت بوونەوەمان

کۆمەڵە چیرۆکی (شوناسێک نییە بۆ ئاشتبوونەوەمان)ی سەلمان شێخ بزێنی، کە بە تیراژی (٥٠٠) دانە و قەبارەی (٧٩) لاپەڕە لەم ساڵدا (٢٠٠٨) بە چاپ گەیەنراوە و چیرۆکنووس (فەیسەڵ هەمەوەندی) پێشەکیەکەی بۆ نووسیوە

لە خوێندنەوەی هەر دەقێکی ئەدەبیدا (شیعر، چیرۆک، ڕۆمان.. هتد) خوێنەر، هەر خوێنەرە و بە پێی ئاستی ڕۆشنبیریی گشتی و ڕۆشنبیریی ئەدەبیی بە تایبەتی، بە دوای مانا و دەلالەتەکان، وێنە و ستاتیکای زمان و بە دوای خۆی و کەسانی تر و خودی نووسەردا دەگەڕێت.

لەو ڕووداو و هەڵوێستانە دەگەڕێت، کە ڕەنگە لە ساتەکانی ژیانی خۆی و کەسانێکی زۆری دەروبەریدا هەروا بە سادەیی گوزەریان کردووە، کەچی لەو خوێندنەوەیەدا هەمان ئەو ڕووداو و هەڵوێستانە ڕۆحێکی تریان وەبەردا کراوە و بە زەحمەت باوەڕ دەهێنێت هەمان ڕووداو و هەڵوێستەکانی ئەوان بن ! ئەمە یەکێک لە ئەرکەکانی نووسەرە، کە شتە مەئلوفەکان لە ڕێی ستاتیکای دەقەوە بگۆڕێت بە نامەئلوف و تەنانەت مەئلوفە نەگۆڕەکانیش بە نامەئلوف خەسڵەتی نوێ وەربگرن و ببنە مایەی ڕامان و لێبوردنەوە.. دیارە ئەمە لە نزیک و دوورەوە پەیوەست نییە بەوەی نووسەر زمانی دارشتنی دەق ئاڵۆز بکات بە هۆی وشە و دەستەواژەی قووڵ و نامەئلوفەوە، بەڵکو دەکرێت بە زمانێکی سادەش بنووسرێت، بەڵام بە هۆی چڕوپڕیی ڕووداو و دیالۆگ و مەنەلۆژ و فلاش باک و بەرفراوان کردنی مەوداکانی دەقەوە ئەو مەبەستە بەدی بهێنرێت. هاوکات لەگەڵ خەسڵەتێکی دیکەدا کە (شیعرییەتی) نووسینەکە تیایدا بە چەند وشەیەکی جوان شێوازی گێڕانەوە دەگۆڕن و نووسەر بەو ڕەگەزەوە خۆی لە درێژدادڕی ڕزگار دەکات.

بایەخدانی زیاتر بە ڕەگەزەکانی چیرۆک (زمان و گرێچن) بە تایبەتی، وادەکات جیهانێکی بەرفراوان بۆ خوێنەر دروست بکرێت، جیهانێک کە لە بنەمادا هەمان ئەو جیهانەیە، کە لە واقیعدا خوێنەری تێدا دەژی و ژیاوە (بە ڕابردوو و ئێستا و ئایندەشەوە). بەڵام ئەو بە هۆی بەرتەسکبوونەوەی هزر و بیر و ڕۆشنبیرییەوە بێت، یان بە هۆی کوێت بوونییەوە بێت لە مەودایەکی دیاریکراوی گوزەران و ژیانیدا، وەک ئەوەی نووسەر وێنای کردووە نەدەهاتە بەرچاوی، بۆیە خوێنەری لەو جۆرە لە دەقێکی تۆکمەی پڕ لە ڕووداو و ستاتیکای زمان و وێنەییدا سەرسام دەبێت، بە پێچەوانەیشەوە، هەرچەندە نووسەر بە سادەیی و بێ بایەخی مامەڵە بە (زمان و گرێچن) بکات، هێندەش کەم توانا دەبێت لە خوڵقاندنی ئەو جیهانەدا کە خوێنەری تێدا سەراسیمە دەبێت، تا دواجاریش لەبەر سادەیی و لە واقیع چوونی دیمەن و دیالۆگەکان، خوێنەر چێژی ئەدەبی لە دەقەکە وەرناگرێت.

لێرەوە دێمە سەر خوێندنەوەیەکی کۆمەڵە چیرۆکی (شوناسێک نییە بۆ ئاشتبوونەوەمان)ی سەلمان شێخ بزێنی، کە بە تیراژی (٥٠٠) دانە و قەبارەی (٧٩) لاپەڕە لەم ساڵدا (٢٠٠٨) بە چاپ گەیەنراوە و چیرۆکنووس (فەیسەڵ هەمەوەندی) پێشەکیەکەی بۆ نووسیوە.

*** چیرۆکی فشاری خوێن..**

لەم چیرۆکەدا نووسەر پەنای بردۆتە بەر سەردێکی ڕاستەوخۆ کە هەر لە سەرەتاوە بە کۆمەڵێک وەسفی کەسێتی (تۆ) کار لەسەر حاڵەتێکی دەروونی دەکات، کە حاڵەتی چاوەڕوانیی ڕووداوێکە، ڕووداوێک کە (ڕاپەڕین) و لە ئێستاماندا زیاتر لە (١٦) ساڵی بەسەردا گوزەر کردووە و بۆ ئەم نەوەیە گێڕانەوەی بەو شێوازەی (سەلمان شێخ بزێنی) شتێکی نوێ ناخاتە سەر ئەو ڕووداو و زانیاریانەی لە زیهنییەتی خوێنەردا کەڵەکە بوون. ڕاستە ڕاپەڕین ڕووداوێکی مێژوویی گرنگ بوو، بەڵام قسەکردن لە ساتەوەختی چاوەڕوان کردنی ڕوودانی ئەو ڕووداوە و گوزەرکردنی (١٦) ساڵ و گەیشتن بە قۆناخی ململانێ لە وڵاتدا هەروا بە سەردێکی سادە و ئاسایی خودی دەقەکە لاواز دەکات ! چونکە وەک وتمان لە هەموو دەقێکدا خوێنەر بە دوای مانا و دەلالەتی وشە و دەستەواژە و ڕستە و وێنەکاندا دەگەڕێت، کە تا چەندە وردەکارانە داڕێژرابن، ئەوەندەش زیاتر چێژ بە خوێنەر دەدات.. نەبوونی دیالۆگێک وای کردووە لەم چیرۆکەدا کەمترین پرسیار لای خوێنەر بخوڵقێت، تەنها مەنەلۆژێکی ناوخۆیی هەیە، کە باس لە ئازاد بوون و گەڕانەوە دەکات بۆ کەرکووک، لە کاتێکدا لە ئێستادا خەڵک باس لە بەجێهێشتنی کەرکووک دەکات، ڕاستە ئەمە وەبیرهێنانەوەیەکە، کە ئێمە چەندە تامەزرۆی ئەم گەڕانەوەیە بووین! بەڵام نەبوونی گرێچن، نەبوونی ستاتیکای زمان و دەربڕینی وێنەیی لە ڕێی زمانەوە، خوێنەر بێ هیوا دەکات لە گەڕان بە دوای پرسیارەکانی خۆی و خوێندنەوەی بابەتی تر بۆ پەیبردن بە پرسیارەکانی نووسەر لەم چیرۆکەدا..

لەم چیرۆکەدا وەک پێویست مامەڵە بە زمان نەکراوە و لە تەواوی چیرۆکەکەدا ڕستەیەکی سەرنج ڕاکێشی ئەوتۆت بەرچاو ناکەوێت کە هەرچەندە باس لە تراژیدیاش بکات فەرامۆشییەکت پێ ببەخشێت، تۆ بڕوانە(عەتا نەهایی) لە ڕۆمانی (گوڵی شۆڕان) دا بە چ ڕستەیەک دەسبەکار دەبێت: "لاس کوڕە گەورەی ئاغا دوای پانزە ساڵ و لە ساڵڕۆژی مەرگی خۆیدا گەڕایەوە...ل٧".

خوێنەر هەر لەم یەکەمین دێڕەوە ناچار دەبێت بگاتە ئەو شوێنەی بۆی ڕوون بێتەوە چۆن ئەو گەڕانەوەیە ساڵڕۆژی مەرگی کەسێکە، دوای پانزە ساڵ دیار نەمان ئەوسا گەڕاوەتەوە ! دەشێت ڕاستەوخۆ خوێنەر بەوە بگات، کە ئەوە هەمان ڕۆژە کە لاس تیایدا ڕۆیشتووە و لای خانەوادەکەی بە مردوو دانراوە، بەڵام شتی شاراوە و نادیاریش هەڵدەگرێت.

یان دەڵێن:"دوابەدوا چەند سەگە بەرەڵا لێی وەڕین.. سەگەکانیش کە لە بێ ئازارییەکەی

گەیشتن، زۆر شوێنی نەکەوتن وازیان لێ هێنا"..

لەم چیرۆکەی (سەلمان) دا ڕستەیەکی ( وێنە و ریتم) داری لەمجۆرە بەدی ناکەیت. خۆ ناوەڕۆک لەم دەقەدا کە چاوەڕوانی کردنی ڕاپەڕینە دوای کارەساتی ئەنفال و تراژیدیاکانی گەلی کورد، نابێتە پاساوی بایەخ نەدان بە زمان و داڕشتنی ستاتیکایی وێنەکان بە زمان، نەبوونی دیالۆگ هاوکات لەگەڵ کەمیی کارەکتەر، وای کردووە نووسەر نەتوانێت زیاتر بە ڕووداوەکاندا ڕۆبچێت و زۆرترین هەست و پرسیار و خواستەکانی پاڵەوانەکەیمان بۆ ڕوون بکاتەوە، ئەمە جگە لەوەی کەمترین مەوداو وەسفکردن بۆ (پاڵەوان، شوێن، کات) تەرخان کراوە.

*** چیرۆکی هەڵدانەوەی گۆڕی عەشقێک**

نووسەر دەیەوێ لەم چیرۆکەدا پێمان بڵێت:

ئێمە بایەخمان بە ڕواڵەت داوە و ڕۆشنبیریمان پشتگوێ خستووە.. ڕەگەزی مێ ڕەگەزێکی ڕاڕایە و هەر زوو بە کەمترین قسەفری و دەخوات.. ڕێکخراوەکانی ژنان ئەوەندەی بایەخ بە شتە لاوەکییەکانی ژنان دەدەن، نیو ئەوەندە بە لای پرس و کێشە هەستیارەکانی ژناندا ناڕۆن، مامەڵەی هەڵە بە خۆشەویستی کارەساتی لێ دەکەوێتەوە.

بەڵام دەکرێت بپرسین: خوێنەرەکەی بە چ جۆرێک دەگاتە ئەم بۆچوونانەی نووسەر کارێکی وای کردووە خوێنەر بە لێکدانەوە و تێرامان بگاتە ئەم دەرەنجامانە، یان وردە وردە و لەگەڵ بەردەوامیی خوێندنەوەدا هەرچارە و ڕاستەوخۆ و بێ ماندوو بوونی هزری و ئەندێشە جولان سووک و ئاسان مانا و دەلالەتەکانی خراوە بەردەست، تا چەندە نووسەر توانیویەتی بە نەسەقێکی ڕێک و سیستماتیکی ڕووداوەکان پێکەوە گرێ بدات و بۆ بەردەوامیدان بە دەق. ڕووداوی لاوەکی نەئاخنێتە دەقەکەوە؟ ئایا پاڵەوانی ئەم چیرۆکە (ڕێژین) نوێنەری کێیە؟..

کچێک دەیەوێت بچێتە دیداری خۆشەویستەکەی تا ڕێوشوێنی مارەبڕینی تاوتوێ بکات.. بەڵام دوای دەرچوونی لەماڵ خۆی دەکات بە ڕێکخراوێکی ژناندا.. لەوێ چەند قسەیەکی بۆ دەکەن و ئەو قسانە دەبێتە هۆی ئەوەی بگاتە ئەو قەناعەتەی هەڵبژاردنی (ڕێبوار)ی بە هەڵە بووبێت، بۆیە کە دەگاتە لای ڕێبوار ئەمەی پێ ڕادەگەیەنێت و ئەڵقەکەی دەداتەوە.. ئەویش گۆڕێکی گچکەی بۆ هەڵدەکەنێت و دەڵێت هەرکات لەم بڕیارەت پەشیمان بوویتەوە، وەرە و ئەڵقەکە دەربهێنەوە.. (ڕێژین) پەشیمان دەبێتەوە، بەڵام دوای ئەوەی ڕێبوار لە ڕێی هەندەران و لە دەریای ئیجەدا گیان لەدەست دەدات". جا لێرەوە دەچینە نێو ڕووداو و دیالۆگەکان بەمەبەستی شیکردنەوەیان.

* (ڕێژین) لە چوونیدا بۆلای (ڕێبوار) کە لادەداتە ڕێکخراوی ژنان، ئەم ڕووداوە ڕووداوێکی

سروشتی نییە و بەمەبەستی گۆڕینی عەقڵییەت و بیرکردنەوەی (ڕێژین) ئاخنراوەتە نێو دەقەوە، دەکرا بە ڕووداو، بیرکردنەوە، هەڵوێستێکی تر بکرایە.

* ئەو قسانەی ڤیان خان بەرپرسی بەشی هۆشیاری دەیکات کۆمەڵە بۆچوونێکن بە هەمان شێوە ئاخنراونەتە نێو دەقەوە، چونکە بەرپرسی هۆشیاری بۆ یەکەمین جار کەسێک ببینێ کە تازە بووەتە ئەندام هەرگیز قسەی لەو جۆرە ناکات، مەگەر لێرەدا نووسەر بۆ ئەوە خولقاندبێتی کە مەبەستەکەی بپێکێت کە گۆڕینی بیرکردنەوەی (ڕێژین)ە.

* دواتر ئەو کۆمەڵە رستەیەی (ڕێژین) وەک پارچە پەخشانێکی ئەدەبی دەیکات ئاماژەیەکی رۆشنبیریی لێ دەخوێندرێتەوە، بەتایبەتی کە ئەو دەرچووی پەیمانگەیە، بەڵام هەرزوو بە قسەکانی بەرپرسی هۆشیاریی رێکخراوەکە دەگۆڕێت و یەکەم شتێک کە لێی پەشیمان دەبێتەوە، ئەو خۆشەویستییەیە لەگەڵ (ڕێبوار) کە گەیشتووەتە قۆناغی مارەبڕین.

* ڕووداوەکان فریودەریی رێکخراوەکانی ژنان و خۆشباوەڕیی کچان و بێئومێدیی کوڕانمان بۆ دەردەخەن، کە ئەمەش پرسێکی ڕێژەییە و ناکرێت وا بە ڕەهایی بڕیاری لێ بدرێت.

* لە وڵاتی ئێمەدا پرسی عەشق هەروا بە ئاسانی و بێ کێشە گوزەر ناکات. چۆن عەشقی (ڕێژین و ڕێبوار) هەروا بە ئاسانی گەیشتە قۆناغی مارەبڕین؟! ئەی چۆن هەرواش بە ئاسانی گەیشتە بنبەست؟ ئەمە پرسیاری زۆرمان لەلا دەخولقێنێت کە دەبوو نووسەر لە ڕێی دیالۆگەوە چارەسەری بکردبایە، ئەو ئازادییەی (ڕێژین) لە چوونە دەرەوە بە ئاشکرا واتە درکاندنی باری خۆشەویستی لەگەڵ ڕێبواردا لای دایکی بێگومان ئاماژەی کرانەوە و بەرزیی ئاستی رۆشنبیریی نییە، بەڵگەش ئەوەیە کە لە کاتی ماکیاژ کردندا، دایکی پێی دەڵێت: (من لەم کارەت ڕازی نیم..؟ دیارە لەبەر نەبوونی کارەکتەری (باوک، برا، خوشک) دەگەینە ئەو بڕوایەی ئەو خێزانە تەنها ئەو دوو کەسەن و کەمیی دیالۆگیش بووەتە هۆی نادیاریی زۆر لایەنی کەسێتی (ڕێژین)..

هەر ئەم چیرۆکە لێ وردبوونەوەی زۆر دەخوازێت، چونکە بابەتی چیرۆکەکە زۆر هەستیار و گرنگە و نووسەریش ویستوویەتی بەئاسانی بیخاتەڕوو، بەڵام لەوەدا تێکەوتووە و هەندێک جووڵە و دیالۆگ و ڕووداوی هێناوە کە ناهاوسەنگن لەگەڵ واقیع و دووبارە داڕشتنەوەی ئەو واقیعە لە شێوە ئەدەبییەکەیدا. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، گەر دیقەتی ناونیشانی چیرۆکەکە بدەین، جۆرێک لەو ستاتیکایە بەدی دەکەین کە بەدەگمەن لە چیرۆکەکاندا ئیشی لەسەر کراوە.. (هەڵدانەوەی گۆڕی عەشقێک) دەربڕینێکی جوانە و خوێنەر ناچار دەکات سەفەرێک بەنێو دەقی چیرۆکەکەدا بکات، گەرچی لەبەر ئاسایی و مەئلوف بوونی تراژیدیاکانی عەشق بە درێژایی مێژوو لە

کۆمەڵگەی کوردەواریماندا، تەنها خوێنەری بەسەلیقە دەتوانێت دەرک بە جوانییە شاراوەکانی رستە و دەربڕینە هونەرییەکان بکات، کە ناونیشانی چیرۆکەکە یەکێکە لەو دەربڕینە هونەرییانە.

*** چیرۆکی: (رووتبوونەوە لە بەردەم ئاوێنەی ویژداندا)**

ئەم چیرۆکە بەهەمان شێوە باس لە تراژیدیایەکی تری عەشق دەکات کە پێویست ناکات زۆری لەسەر بوەستین تەنها ئەوەندە نەبێت کە پەیوەندیی بەبونیادی دەقەکەوە هەیە:

* نووسەر لەم چیرۆکەدا دەیەوێت پێمان بڵێت دەکرێت لە هەموو گرفتەکانماندا کە دابونەریتی نادروست رەقیبمانە سەرکەوتن بەدەست بهێنن، بەڵام ئەو دێت و لەم پرسە هەستیارەدا یەکێک لە پاڵەوانەکانی چیرۆکەکەی، کە گرنگترین کارەکتەری کێشەکەیە (بە مەرگ) دەگەیەنێت، کە ئەمە چارەسەرێکی نالۆژیکییانەیە، من هەمیشە ئەوەم گوتووە کە دەبێ (کچان) لە ئاستی ئەم گرفتانەدا بەرگری بکەن، سووربن لەسەر خواستەکانیان، بە عەقڵ و لۆژیک مامەڵە بکەن، تا ئەگەر پرسەکە گەیشتە ئەوەی لەلایەن ناحەزانی عەشقەوە (بکوژرێن)، لەو ساتەدا بە نەمری دەگەن.. لە هەر حاڵەتێکی خۆکوشتندا پرسەکە بە ئاقارێکی مەترسیدارا دەبرێت. پەشیمان بوونەوەی باوکی (کچ) لەم چیرۆکەدا، دوای ئەوەی بۆ خۆکوشتن خۆی فڕێ دەداتە (زێ)یەکەوە، هەڵوێستێکی نالۆژیکییە، چونکە ئەوانەی دژی عەشقن دەیانەوێت پێگەی (باوک سالاری)ی خۆیان تۆکمە بکەن، هەڵوێستی لەو جۆرە سۆز و بەزەییان ناجوڵێنێت!
* خۆ رووت کردنەوەی (کچ) بەدەم ڕاکردنییەوە بۆ خۆخنکاندن مەگەر لەبەر ئەوە بێت دەلالەتی ناونیشانی چیرۆکەکە روون بێتەوە، هەروەک ناشچێتە چوارچێوەی فانتازیاوە، چونکە لەو جۆرە هەڵوێستانەدا هەرچەندە (هیستریایەک) لای خۆکوژ دروست دەبێت، بەڵام ئەو (هیستریایە) تەنها پاڵنەری سووربوون دەبێت لە خۆکوشتنەکە. بەداخەوە، هەندێک لە چیرۆکنووسانی دەڤەری کەرکووک پەنایان بۆ ئەم جۆرە و ئەم فۆرمە چیرۆک نووسینە بردووە، کە تا ڕادەیەکی زۆر دەچێتەوە سەر فیلمە (کوردییە بازرگانی)یەکان، دەنا سەرکەوتنی عەشق بەسەر دابونەریتی چەوتی لە کولتوور چەسپاودا لە دەقی چیرۆکێکدا مامەڵە بە کەرەستەیەکی زۆر بکات نەک تەنها (شمشاڵ، رانەمەڕ، نامە) و ئەندێشەیەکی کورت. هەردوو عاشق لەم دەقەدا هیچ رۆڵێکیان نییە لە ڕووبەڕووبوونەوەی واقیعە تاڵەکە، ئەو هەوڵی خۆکوشتنەکەش بە (مەرگ) گەیاندنی (عەشقەکەیە) نەک سەرکەوتنی.. چونکە لێرەدا باوکێک خوڵقێندراوە کە نووسەر بە پێی دەقەکەی دڵنەرم و بەسۆزی دەکات، بۆیە لە هەڵوێستێکی لەو جۆرەی کچەکەیدا بڕیار دەدات ئیتر بڕیار لەدەستی خۆیدا بێت.. ئەگەر باوکەکە هێندە خاوەن سۆز

بێت، دەبوو پێشتر لەسەر شووکردنی پرسێکی پێ بکردایە! ترسی کوڕەکە، کە کچەکە رزگار دەکات بۆخۆی ئاماژەیە بەبێ سۆز و بەزەیی و دڕندەیی رەقیبان: "لە دڵی خۆمدا گوتم!! تۆ بڵێی بۆ بەردباران کردنمان هاتبن؟! دیارە ئەم بۆچوونە لە بۆشاییەوە نەهاتووە، بەڵکو لەو دژە هەڵوێستانەوە هاتووە، کە بە درێژایی مێژوو دەرهەق بە عاشقان نوێنراون.. کەچی لە ناکاو دیمەنێکی تەواو پێچەوانەی ئەو ترسە دێتە ئارا!!

بەگشتی.. (سەلمان شێخ بزێنی) لە کۆی چیرۆکەکاندا توانیویەتی کۆمەڵێک کێشەو گرفتی هەستیاری (سیاسی، کۆمەلآیەتی) بەتایبەتی بکاتە هەوێنی بابەتەکانی، بەلآم لە کۆی چیرۆکەکاندا نەیتوانیوە سەلیقەدارانە مامەڵە بە رەگەزەکانی چیرۆک بکات، رەنگە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ (سەرەتا) بوونی لە ئەزموونی چیرۆک نووسیندا، بۆیە دەبوو پەلەی نەکردایە بۆ لەچاپدانی چیرۆکەکانی، هەر بەو هۆیەشەوە لە زۆرینەی دەقەکاندا دەرک بە گواستنەوەی دیمەنە واقیعیەکان دەکرێت وەک خۆیان، لە هەندێ باریشدا، کە ویستراوە ئەو واقیعە رتووش بکرێت، رتووشێکی نالۆژیکیانە کراوە. لە کۆی چیرۆکەکانیشدا مامەڵە بە کەمترین (کەرەستە)کراوە، لە کاتێکدا هەر ئەو واقیعەی چیرۆکنووس دەیکاتە سەرچاوەی ناوەڕۆکی دەقەکانی، زۆر دەوڵەمەندە و دەکرێت چیرۆک یان دەقی پێ دەوڵەمەند بکرێت. ئەمەش خوێندنەوەی زیاتر، شارەزابوونی زیاتر دەخوازێت لە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ رەگەزەکانی چیرۆک و کەرەستەکانی لە واقیعدا! ماوەتەوە بڵێین:

بەداخەوە هەڵەکانی چاپ و رێنووس بەتایبەتی ریتمی خوێندنەوە لە خوێنەر دەشێوێنن، نازانم بۆچی ئەم لایەنە پشتگوێ دەخرێت و نووسەر خۆی بێت یان کەسێکی تر پێداچوونەوە بەدەقەکاندا بکات بەر لەوەی بۆ دواجار رابکێشرێت و بکرێتە کتێب. نووسەر خۆی دەتوانێت جارێکی تر هەڵەکانی چاپ و رێنووسی ئەم کۆمەڵە چیرۆکەی هەژمار بکات، تا بزانێت چەندەی تێدان و تا چ ئاستێک مەسەلەی خوێندنەوە تێک دەدات.

سوود لەم کتێبانە وەرگیراون:
١- رەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی/ وەرگێڕانی عەبدولخالق یەعقوبی
٢- عەتا نەهایی/ سەرجەمی رۆمانەکانی
سەرچاوەی بابەتەکە/ کۆمەڵە چیرۆکی (شوناسێک نییە بۆ ئاشتبوونەوەمان)
نووسینی (سەلمان شێخ بزێنی)
لە چاپکراوەکانی ساڵی ٢٠٠٨



ف.ح. گۆران

# ئۆرهان پامۆک و کەلتووری رەخنەگرانە

و: لە فارسییەوە: شەریف فەلاح

هەواڵنامەی کتێب

**دەنووسم چونکە لە دەستی هەموو ئێوە و هەموو مرۆڤەکانی تر تووڕەم**

له ئەستەمبۆڵ بووم، لەسەر تەختی کەشتییەک کە سەدان تووریستی بۆ دیتنی خانووی جوان و سەرنج ڕاکێشی هەردوولای دوورگەکەی دەبردە سەفەر. سوکی کەش و هەوا، هێوری و ئارامشێکی غەریبی هەبوو دڵێی تەنیا خەیاڵ و بیرم کاری دەکرد و جەستەم له سیاچاڵێکی تردا بەندکرابوو، کارەسات ساز و نادەرباز. کیژو کوڕێکی گەنج چاویان لێم دەکرد و پێدەکەنین. ئەوانم له کۆشکی ژێرزەوییەکە دیبوو و هەرکه سواری کەشتی بووم دووباره کەوتنەوە بەرچاوم.

هەردوو کورد بوون، خەڵکی دیاربەکر. پرسیاریان کرد: خەڵکی کوێی؟

وەڵامم دایەوە: هەر ئەم نزیکانە، دراوسێی ڕۆژهەڵاتیتان.

پێکەنین. کوڕە کتێبێکی ئۆرهان پامۆکی بە دەستەوە بوو، "ئەستەمبۆڵ بیرەوەری شارێک".

تا کەشتیەکە گەڕایەوە لەنگەرگاکە، چەند لاپەڕەیەک لە کتێبەکەیان بە تورکی بۆم خوێندەوە و کوردی وەریان گێڕایەوە. کچە گوتی: ئەمە هەر ئەو نووسەرەیە کە بەدەنگی بەرز هاواری دەکرد و دووپاتی دەکردەوە کە یەک میلیۆن ئەرمەنی و ۳۰ هەزار کورد لە تورکیە بە شێوەیەکی کۆمەڵکوژی کوژراون.

کوڕە گوتی: ئۆرهان پامۆک نووسەرێکی زیندووە کە...

کتێبەکەیان بەدیاری پێدام و ڕۆیشتن.

کە لە ئەستەمبۆڵ گەڕامەوە ئەو چاڵە ڕەشە، دیتم کە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ئۆرهان پامۆک بەشێک لە خوێندنی تاریکی کارەساتە لەم بەشەی جیهاندا و هەرچی زیاترم لێ خوێندنەوە زیاتر بۆ لای خۆی ڕایدەکێشام و گیرۆدەی کردم.

کتێبی" ئەستەمبۆڵ بیرەوەری شارێک "تێکەڵاوێکە لە دەق، وێنە و نەقاشی کە پۆڵین کردنی لە چوارچێوەی یەک چەشن و شێوازی دیاریکراودا ناگونجێ. لە ڕاستیدا بەوتەی خودی پامۆک کتێبەکە" هاوژیان پێوەندییە کە لەگەڵ ئۆستوورە، مێژوو ڕاستی" ڕوانگەو ڕوانینی نووسەر بۆ ئەستەمبۆڵ، خوێنەر دەباتە ناو قووڵایی و نوقمی کەش و هەوایەکی دەکا کە ڕێک وەک کەش و هەوای کۆشک ژێر زەوینی" باسیلێکا سیسترێنە" پێکهاتەی کتێبەکە لەسەر بنەمای هەمان هێماو توخمانە قەوار و فۆرمی گرتووە و تەژییە لە نهێنی و ڕمزو ڕازەکانی. لەو کۆشکەدا کەللەی مدوزا، یەکێک لە ئەستووره و ئەفسانەکانی یۆنانی



هەواڵنامەی کتێب

کۆن دێته بەرچاوم کە بۆتە بەشێک لە میعماری بینا. لە کتێبی پامۆکیشدا، ئەم ڕووداوە لە زمان و شێوەی گێڕانەوەی پێکهاتەیدا ڕوودەدا. پامۆک لە تەمەنی گەنجێتیدا دەیهەویست کە میعماری بخوێنێ بەڵام سێ ساڵ دوای چوونی بۆ زانکۆی ئەستەمبۆڵ، دەکەشێتەوە. میعماری بە وشە لە جێگای میعماری بە خشت و قوڕو... دادەنێت. خۆی گوتوویە" دەمهەویست میعماری نووسین لەگەڵ میعماری شاردا پێکەوە گرێ بدەم". لەم کتێبەو چەن کتێبی دیکەدا بۆ وێنە لە دوو ڕۆمانی "کتێبی رەش" و "بەفر"دا ئەم کارەی کردووە لە بەرهەمەکانیدا، شوێن و کەش و هەوا میعمارییەکان، ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە و لە فۆڕم و قەوارە بەندیی کەش و دۆخی گێڕانەوەدا شوێن دانەرن.

لە کتێبی " ئەستەمبۆڵ..." لە سۆنگەو ڕوانگەیەکی" دیکەوە بۆ زێو شوێنی لە دایکبوونی دەڕوانێ، شارێک کە هەوری هێماو نیشانەی مێژوویی، ئایاسووفیە ئەم بینایە لایەو شان بە شان و پالیمستیکە.

ئایاسووفیە سەرەتا کلیسا بووە(سەردەمی ئیمپراتۆریی کنشانتتینیوس) دوایی بوو بە مزگەوت (لە سەردەمی عوسمانییەکان)و ئەمڕۆ، مووزەیەکە "پڕ لە بوون و نەبوونی ڕابردوو". لەم پێکەوە ژیانەدا هەم دەکرێ جیاوازی ببینین و هەم تەبایی پێکەوە ژیانیش. شێوەی شان بە شان و لابەلای ئایاسووفیە، ئێستا لە ئاستێکی تردا راڤە دەکرێ. ئەویش خودی ئۆرهان پامۆکە و هەم ئەو هەزاران توورێستەی کە ڕۆژانە دێن بۆ دیتنی ئەم مووزەیە. پامۆک دەنووسێت" من هیچ کات ئەستەمبۆل، خانووەکان، شەقامەکان و جیرانەکانی سەردەمی منالیم لە بیر نەبردۆتەوە". و دوایی لەسەر ئەم ڕستەیە پێداگری دەکات." من مردوویەکی زیندووم". لە ڕاستیدا ئەو "ڕەوتی ژیان" لە ئەستەمبۆل بە هاوپێوەندیی لەگەڵ "شێوازەکانی مەرگ"دا دەنووسێت هەر بەو چەشنەی کە ئایاسووفیە بە هۆی قۆناغە جۆراوجۆرەکانی ژیان و مەرگ، چەندین جار بە شێوەگەلی جیاواز بە زمانێکی تر نووسراوە و هێشتا لایەنەکانی گێچ لەسەر نەقش و نیگاری گونبەدو دیوارەکانیدا دیارە. ئەستەمبۆل بەو چەشنەی کە پامۆک وەبیری خوێنەری دێنێتەوە شاری سەرگەردانی رابردوو ئێستایە، شاری دابەش کراوی نێوان ئورووپاو ئاسیا، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە. "ئەستەمبۆل کانوونی ئەو شتانەیە کە ئیدی لە ئارادانین یان بە شێوەیەکی دیکە هەن" ئەو لەم کتێبەدا، ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی دەخاتە ڕوو کە نموونەیەک بووە ژیانی نەگونجاو لە شاردا. لە جێگایەک لە مەڕ هەست و سۆز و سەرخۆشییەکان و خەم و

ئازارەکـانی خـۆی دەنووسـێ کـە بە شـێـوەیەکی نامـۆ و غـەریب لەگـەڵ مـێـژوو و خـەم نۆسـتالۆژیای ئەسـتـەمبـۆل گـرێ دراوە و لە جـێگایەکی دیکە، لە ئەندامـانی بنەماڵەکەی دەگێڕێتـەوە کە "سـەلمێنەر و عاشق و هۆگری بیرکاری بوون، جا کەوایە چوونی بەرەو لای هونەر مـیـعـماریش بێ هۆ نەبووە، باوکم دەیگوت: بۆ ئەوەی تورکیـا بنیـات بنێین بیـرکـاری بخـوێنـین نەک ئەوەی بکەوینە شـوێن هەست ئیـحـسـاسـی سـۆزداری، بەڵام پامـۆک وانالێت بەڕای ئەو ڕۆڵـی وشـە و واژە لە خـوڵقـانـدنی سـەردەمـێکی نـوێ بۆ ئەسـتـەمـبـۆڵ بـە هیچ شێوەیەک کەمتر لە بیرکاری نییە. ئەو دەنووسێت لەسـەر تەختەی کەشتییەکان دادەنیشتم و چاوم دەبڕییـە مـاڵەکـانی هەر دوولای... و چـاوم لە سـەفـەر دەکـرد کـە ئامـادەبوون بۆ نووسـین.

بەم حـاڵەیشـەوە چەنـدین سـاڵ درێژە دەکـێـشـێ تـاکـوو پامـۆک سـەودای نووسـینی ئەستەمبۆڵ بهێنێتە سەر لاپەڕەکانی کاغەز. ئەو ئامارە بە کۆچ و سەفەری نووسەرگەلێکی وەک: وی. اس. ناپیـاول، جـۆزێف کێنراد و ویلادیمێیـر ناباکۆف لە زمـان و کولتـورەکـانی دیکەدا دەکـات و ئەوەی کە ئەوانیش دوای ئەزمـوونی و تاقـیکاریی دنیـای کەسـانی دیکە دەسـتیـان دایە دۆزینەوە و خوڵقاندنـی دنیای زمـانی و کولتـووری تایبـەت بە خـۆیان. دەبوا هەست و ناخ و سـۆزی کـاژی دەخـست تاکـوو وەشـەکـان هەل و دەرفـەتـی دیتن و خـۆدەرخـسـتنیـان بۆ بڕەخـسـیـبـا. هـەر چەند کە ئەو لە ڕۆمـانی "ناوی من سـووره "شـدا وێنایەکی دیکە لە ئەسـتەمـبۆڵ گەڵاڵە دەکـات. "کاتێ خـەریکی نووسینی ئەم ڕۆمـانە بووم بە خـۆم دەگـوت ئەگـەری ئەوە هەیە کـە ڕەخنەگـران بڵێن هـەر بەو چەشنەی کـە جـیـمـزجـۆیس، دوبلینـی گێڕاوەتەوە، پامـۆکیش ئەسـتـەمـبـۆڵـی گێڕاوەتەوە". لەم لێکچـووە گێـڕانەوەیەدا، هـاوچەشنی و یەکسانیگەلێکیش دەبینرێ.

دۆبلـین و ئەسـتـەمـبـۆڵ هـەر دوو لە پەراوێزو لـێـواری ئورووپادان نەک لە ناوەند. بـەم پێیـە هـەر دوو نووسـەر گێـڕەرەوەی پەراوێزەکانـن هـەرچەند کە پەراوێزەکـانی ئەستەمـبۆڵ گەلێک زیاتر و جـوانتـرو سـەرسـامـتـرن لە دوبلـین. ئەسـتـەمـبـۆڵ لە سـەردەمـانی کـۆنـەوە تا ئەو سـەردەمە، شـاری بازرگـانی و دانوسـتانی کولتوور و شارسـتـانیەتەکان بووە و لەم بارەیەوە، دۆخ و کـەشـێکی هـەزار و یەک شـەوی هەیە، لـە پەراوێزدایە بەڵام یەکـێک لە کـانوون و ناوەندەکانی کولتـوور، تووریسـم و جیهانگەردی و بازرگـانییـە لە سـەردەمـی نوێدا. پامۆک بۆ نووسـین لە مـەڕ ئەسـتـەمـبۆڵ، بە سـیمـاو فـۆرمێکی منداڵیی و مێرمنداڵیی خـۆیەوە دەچێتە

ناخی ناخودئاگای مێژوویی و ژیانی ڕۆژانەی ئەو شارەوە. ژیان لە شارە گەورەکان، ژیان لە کاکێشان ڕووداوی بە هەڵکەوت وێنە و ڕووخساری بێ واتاو بۆشە. دەبێ شەقامەکان، کۆڵانەکانە بەردچنەکان، میعماریی خانووەکان، پەنجەرەکان، گۆشەو هەیوانەکان، ویستەگەی پاس و ئوتوبووسەکان، و هێماو نیشانەکانی شار و شارنشینی تێپەڕ بکەی... پێکهاتەو دەقی هەر شارێک لەم توخمانە پێکدێت و لەم بارەیەوە هەر شارە شارێکی جیاوازە کە بۆ نووسینی دەبێ سەرنج بدرێتە ئەم وردەکارییانە دەنا وێنەی راستەقینەو زەینی هیچ شارێک لە رووی کارتە پۆستاڵەوە بە دەست نایەت. کتێبی پامۆک کارتە پۆستاڵێکە و دەروازەیەکە لە "وشەو وێنەکان" بە رووی ئەم شارە باستانییەدا. پامۆک، خەم و ئازارەکانی ئەستەمبۆڵی دەربڕیوە و خەمەکان هەمان نۆستالۆژیان: وشەیەک کە لە زمانی عەرەبییەوە هاتۆتە ناو زمانی تورکی و لە کتێبی "ئەستەمبۆڵ بیرەوەریی شارێک" ڕۆڵی سەرەکیی پامۆک چەند ڕۆژ بەر لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ لە ستوکهۆڵم لێدوانێکی سەرانسەر نۆستالۆژیکی لە سوپاس و ستایشی باوکیدا خوێند.

باوکم دوو ساڵ پێش لە مەرگی جانتایەکی بچووکی پڕ لە دەست نووس و یاداشتەکانی دایە من و بەهەمان شۆخ و هەستی ئاساییەوە وتی: کە دیهەوێت من ناوەڕۆکی بابەتەکەی ئەم جانتایە پاش مەرگی بخوێنمەوە. بەڵام پامۆک دەڵێت کە تا چەند ڕۆژ دوای مەرگی باوکی، بەملاو بەولای جانتاکەدا پیاسەی کردوە و ترساوە کە دەستی لێ بدات. ئەو جانتایە وەک بیروەرییەک لە ڕابردووی خۆی و پێوەندیی خزمایەتی و کولتووری لەگەڵ باوکیدا دادەنێت. باوکی بەردەوام ئەم وتەیەی لە سەر زار بووە "ئۆرهان تۆ ڕۆژێک دەگات دەبییە پاشا" ، بەڵام، پامۆک نەتەنیا نەبۆتە پاشا بەڵکو لە یەکێک لە چیرۆکە کورتەکانیدا بە شێوەیەکی تەنزئامێز ئەم "جێناو و تایبەتمەندییە باوەکانەیەی" ناوەتە سەر کارو دەست خەڕۆی کردووە.

"براکەم چوار مارشاڵ فووزی چاکماک، پێنج ئاتاتۆرک، و ئێدیسینێکی پێ بڕا، هەر کامەمان بنێشتێکمان خستە زارەوە و دەستمان کرد بە خوێندنی نووسین و لێکدانەوەی پشت وێنەکان: بە بڕاوی خۆش شانسێک کە هەموو ١٠٠ وێنەی مرۆڤە بەناوبانگەکان کۆبکاتەوە تۆپێکی چەرمیی فوتبال وەک خەڵاتی پێشکەش دەکرێ..." (وەرگێڕاو لە چیرۆکی مرۆڤە بەناو بانگەکان لە بەرهەمەکانی پامۆک بەتایبەت چوار کتێبی بەفر، ناوی من سوورە، کتێبی ڕەش، ئەستەمبۆڵ بیرەوەری شارێک) جیا لە نوێخوازی و داهێنانی زمانی

و پێکهاتەیی لەگەڵ توخمی تەنزیشدا بەرەوڕوو دەبین کە کارکردی ڕەخنەگرانەی هەیە.

ئەو شتەی کە ئەو وەک "کەلێن و بۆشایی نێوان خودئاگایی کەسایەتی و ئەکتەرەکانی ڕۆمانی " بەفر"و راستییەکانی شاعێرانەی ژیان لە تورکیەی ناو لێ دەنێ پێوەندیی بە هەمان کارکردو کاریگەریی تەنزاوییەوە هەیە. لە هەمان حاڵدا ئەو قامک لەسەر خاڵگەلێک لە ژیان لەم گۆشەیەی جیهاندا دادەنێت کە خاڵە کوێرەکانی هەمان ئەو چاڵە رەشەیە. ئەگەر وەک نووسەرێک لە دونیای ڕۆژئاوادا چیرۆک بنووسن نەتەوەکەتان گرینگ نییە، بەڵام ئەگەر لەم بەشەی جیهان (تورکیەو...)دا بنوسین نەتەوە و – تەنانەت خراپتر – ئەخلاقیش گرینگە، کاتێ کە نووسەرێکی ئینگلیزی سەبارەت بە هەراو هوریای عەشق دەنووسێت لە عەشقەوە وەکوو چەمکێکی مرۆیی دەنووسێ بەڵام کاتێ من سەبارەت بە عەشق دەنووسم – بە ناچاری – تەنیا لەسەر عەشق لەناو خەڵکی تورکدا دەنووسم. {وتووێژ لەگەڵ گاردێین،}و ئەمە هەمان حیکایەتی پەردەپۆشی و هێشتنەوەی سەرپۆشی وشەکانە کە بۆتە سەرپۆش و رووخساری راستەقینە. بۆ نموونە کاتێ نەکرێ دیوی خەوی کەسایەتیی کوژراوی ڕۆمان بە زمان دابێنین و چ دەمێنێتەوە بۆ نووسین.

پامۆک لە لێدوانەکەیدا ئەو پرسیارە لە مێژینەیە "بۆ چی دەنووسیت؟"ی هاوردۆتە مەیدان بەم چەشنە وەڵامی داوەتەوە: دەنووسم چونکە پێویستییەکی ڕەهاو نەگۆڕی بەنووسین هەیە. دەنووسم چونکە ناتوانم وەکو و خەڵکانی تر خەریکی کاری ئاسایی دیکە بم. دەنووسم چونکە لە دەستی هەموو ئێوە و هەموو مرۆڤەکانی تر تووڕەم... دەنووسم چونکە بۆنی کاغەز، پێنووس و جەوهەرم خۆش دەوێ. چونکە باوەڕم بە ئەدەبیات هەیە. چونکە لە فرامۆشی لە ژیان لە بووندا دەترسم. دەنووسم چونکە دەمهەوێ بخوێنرێمەوە. دەنووسم چونکە هەر تاکێک چاوەڕوانییەکی لێم هەیە کە بنووسم. دەنووسم چونکە هیچکات چەشنێک پەروەردە نەکراوم کە شادمان و خۆشحاڵ بم، دەنووسم تاکوو شادمان و بەختەوەر بم.

تەنیا ئەدەبیاتی رەخنەگرانە و جیاوازیی دانەر دەتوانێت وەها تایبەتمەندییەکی هەبێت، و بەدیهێنەری شادمانی.

پامۆک دەترسێت کە جانتاکەی باوکی بکاتەوە چونکە ڕەمزاوی و ترس و تۆقێنەرە، ڕابردوویەک کە شادمانیی فێر نەبووبێت دەبێ لێی بترسێی و نووسەرێک کە لەگەڵ ئەم ترس و شادمانییە بەردەوامەدا دەرگیرودەستەملان نەبووبێت چی هەیە بۆ نووسین؟



ئەزموون

ڕەزوان ئەلسائیحی

## شیعر و مێژوو
# ئەندازەی شیعر لە هیلامییەتی زەمەندا

و: عەبدولڕەحیم سەرەڕۆ

**"شیعر ئەو گالیسکە ئەفسوناوییەی دوو ئەسپی سەرکەش ڕایدەکێشن (سۆزو ئەندێشە)، سوارێکی داناو کارامەش دەیرۆڤێت"**

ئەمە کۆنترین پێناسەی دەقی شیعرییە کە گریگەکان بەر لە دەیان سەدە باسیان لەسەر کردووە.

وێڕای پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی مرۆڤ لە شارستانییە شکۆمەندە ئینسانیەکانی هەموو مێژوو شیعر هەر بە ڕۆحە پارێزراوەکەی خۆی ماوەتەوە. وێڕای کارلێکردنەکانی کولتوورو هزرە جیاوازەکان لە داتاشینی شیعرو گۆڕینی ڕوخسارە دەرەکیەکانی، ئێستاشی لەگەڵدا بێت بە هەمان گوڕو تاوی سەردەمە کۆنەکان کاریگەری و بەردەوامی خۆی دەردەخات.

هەر پێشکەوتنێک چ لە بواری زانستیدا یان لە مەیدانی فیکردا بێت زادەی ئەو میکانیزمەن و جەختکردنی ئامادەگی بەرەو پێش چوون و بەردەوامییە لە ئینساندا. کە ئەمەش ناکاتە ڕەتکردنەوەی مرۆڤ بۆ سۆزو ئەندێشە و پێویستی مرۆڤ لە هەموو سەردەمەکانی بە بزاوتێکی تەڕو ناسک دەروونی و بە ئاکام گەیاندنی مەبەستی چێژوەرگرتن لە جوانیەکان. هەر لێرەشەوە شیعر دەبێتە ڕێچکەیەک بۆ ئەندێشە هەست بزوێنەرەکان و تەواوی ئەو بۆچوونانەی کە مرۆڤ لەڕێی ئەکسیری ئەم زەمەنە جەنجاڵەوە زۆر خێرا بەخشی دەکات، زەمەنێکی موتوربە کراو بە فیکروکولتوورە ئینسانیەکان کە گالیسکەی زەمەن زۆر تیژڕەو بەرەو پێشەوەیان دەیبات.

پەیوەندی شیعریش بە زەمەن و پێشکەوتنەوە وەک سیمرخە ئەفسووناوییەکان... لە خۆڵەمێشی خۆیەوە سەر لە نوێ ڕۆحی دێتەوە بەرو یندوو دەبێتەوەو کاراتر دەبێت. هەر ئەزموونێکی شیعری بەسەرچوو خۆی لەخۆیدا کەڵەکەبوونی مەعریفەیەکە کە ئەزموونێکی نوێی بە پێی پێوەرو ئەو مەرجانەی کە لەگەڵیدا هاوتا دەبن و جۆرە ئاوێتەبوونێک دروست دەکەن و شان بەشانی ئەو کولتوورو چەمکە هاوچەرخانەی کە نوێگەری ڕەتیان دەکاتەوە شیعر بە نوێترین کلۆج لەدایک دەبێت و پانتاییەک لە دۆزەکە داگیر دەکات.

ئەوەی شیعر لەسەرخستنی خەونەکانیدا جێگیر دەکات و بەسەر ڕۆحە مرۆییەکاندا دەیڕێژێت هەمان ئەو هێزە دەروونییە لەبن نەهاتووەیە کە لە دێرزەمانەوە تا ئەمڕۆ بەردەوامەو ئەو گاریگەرییە نەمرەی شیعر وێڕای دەستاو دەست کردنی لەنێو مرۆکاندا هەتا ئەمڕۆش هەر لەسەر بنەمای قبووڵ کردن و گەڕانەوەیە بەرەو هۆنراوەی کۆن لەلایەن خودی شاعیرانەوە، چونکە ئەزموونی نوێگەری لە شیعردا بۆی نییە بگاتە ترۆپک بەبێ ئەوەی هەڵقولاوی کاریگەری ئەزموونە کۆنەکان بێت.

چەمکی شیعریش وەک هەر هونەرێکی تر بە پێی سەردەمەکان گۆڕانکاری بە خۆیەوە دەبینێت. چونکە هەر سەردەمێک زادەی هۆشیارییەکی تایبەتە بەخۆی و چەمکە

مــەعــریفــیــەکــانی لەو تـایبــەتمەندییــەوە هـەڵدەقــوڵێن کــە گــۆڕان و نـوێبـــوونـەوەو خــەوبینـین بە گــۆڕان و گــۆڕینی واقــیـع یان شکاندنـی سنووری مـــەحـــاڵەکـــان لەخـــۆ دەگرێت. لەم بارەیەوە ئەدیبی گەورەی عەرەب ئەمەل دەنقەل دەڵێت"شیعر سێ ئەندازە لەخۆ دەگرێت (ڕاستی و جوانی و فەڕ [خێر])" ئەم سێ ئەندازەیە کرۆکی نەمرییە لە شـیـعردا. بێگومـــان دەبێت ئەویش ڕەچاو بکرێت کـە ئــەم ئـەنـدازەیـە ڕێژەیـیــــــەو لـەگــــــەڵ گـۆڕانکارییـەکاندا گـۆڕانی بەسـەردا دێت و هـەرگیز چەسپاو نییـە. چونکە فەلسـەفە لە سـەردەمـێکەوە تا سـەردەمـێکی تر جیاوازی و ڕەتکردنـەوەو گـــۆڕانـی بـەســــەردا دێت و کـاریگەری تەواوی بـەســەر بوارەکـانـی تری ژیانی کولتووری و فەرهەنگیدا دەبێت هەمان شت شــیــعــریش بەر ئەو کــاریگەرییــەی و بەرلێککەوتنە دەکەوێت. ئەم پێوانـەیە هەموو کـــات نـۆبەرەی گـــۆڕانکاریـەکـــانە لە رووی کۆمـەڵایەتی و سیاسی و فـەلسەفییەوە کە لە ئاکامدا هەر کۆمەڵگەو سەر بە



کـولـتـوورێک و دەســـەڵاتێکی تایبــەت بە خــۆیان دەبن و لە کـۆمــەڵگەکانی تر جـودا دەکـرێن، هـەمـان شت هـەرکـۆمـەڵگەو جـۆرە ڕەنگێکی تایبــەت بـە ئەدەبـەکــەی خـــۆیەوە دەبینێت.

ئەو قــەوارە زەمــەنیــیــەی کــە دەکـرێت بە چوارچێوەیەک و شیعری تیا لە دایک دەبێت،

هەرگیز نابێت خۆی لە تاکە ڕوانگەیەکی لاتەریک و دوورەپەرێز و تاک ڕەهەندا ببینێتەوە. چونکە وەک ئیبن خەلدوون دەڵێت " زەمەن شتێک دەخاتەوە و گۆڕانکاری بەسەردا دەهێنێت ولە ناویشی دەبات" ئەویش بەپێی لۆژیکی گەشەسەندن و بەرکەوتنەکان لە کاروکاردانەوەدا.

لەم ڕوانگەیەشەوە بوارەکان زۆرتر دەبن لەچۆنیەتی پێگەیشتنی چەمکی شیعر. شێوەی کارپێکردنەکانیش بە پێی گۆانکاری و ئەو گەشەسەندنانەی کە دیاری دەکەن جیاوازیەکانی تێدا دەبینرێت و چەمکی زەمەن سنووردار دەکات، چونکە مێژوو خۆی داهێنەری خەونە سەرەتاییەکانە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی مەبەستەکان و بیردۆزەکان و هەرچییەک لە هەمانەی فیکرو وێژدانی مرۆڤایەتیدا کەڵەکە بووە.

هەر چەندە بەراویتەی زەمەن و ڕەنگدانەوەی شارستانییە یەک لە دوای یەکەکان لێک جودا بن، نووسین و خوێندنەوەی شیعر هەمان ئەو بارمتەیەیە کە بە هونەری جوانکاری و جوانسازی کاریگەری خۆی لە ناخی مرۆڤدا جێدەهێڵێت، شیعر ئاوێنەیەکی ئەفسوناوییە ڕەنگدانەوەی هەستی تیا دەبینرێت ڕووەو ئەو شتانە ئاراستە کراوە کە لە ئەرزشێکی دیاریکراودا بە هەموو سەرکەوتن و گەشەسەندنە هزریەکانەوە دەبینرێن.

بەڵام ژمارەی ساڵەکان و مێژووی ڕووداوەکان بە تەنها پۆلین کردنێکی وەهمییە بۆ ئەو هێڵکارییە زەمەنییەی کە رابردوو چ دوور چ نزیک لە زاکیرەی تاکدا جێی دەهێڵێت. بەڵام زەمەنی راستەقینە زەمەنێکە لە ڕەنگدانەوەی قەسیدە چونکە خۆی لە خۆیدا ئیستاتیکایەکی گرژ و ئاڵوزە لە سەردەمێکی چڕو هەڵکەوتوودا کە سەرڕێژە لە وێنەی هەست و بەرامی ساز.

لێرەوە هەر قسەکردنێ لەسەر شیعر قسەکردنێکی پێشوەختە، چونکە شیعر وەک ڕەگەزەکانی سروشتە، کێ دەزانێ دواڕۆژێ هەوا و ئاو و خۆڵو ئاگر چییە؟

شیعریش بەراویتەی زەمەن و مەردووم و خاک و خۆشی و ئارازەکانە و چارەنووسی بە چارەنووسی ئەوانەوە بەندە.



نەجات حەمید ئەحمەد

# شوێن و مانەوە
# شوێن و جوانیەکانی ژیان

Bawagorgor @yahoo.com

هەواڵنامەی

**بەشی دووەم**

دروست کردنی گوند و پاشان شارەکان، تەنها لە روانگەیەکی ژیاری و گوزەراندنەوە نییە، بەڵکو هەوڵێکی مرۆڤە بۆ دوورخستنەوەی بیری ترسناک و تەنیا و پڕ لە وەحشەتی مرۆڤ، لێرەوە جوانکاری لە سیماکانی شوێنی گوزەراندن هەوڵی باوەر بەخۆهێنانە بەوەی مرۆڤ لە پەرتبوون ڕزگاری دەبێ بەمەش لە ترس لەوەی دێ، لە ئایندە لە باوەڕە ئەفسانەییەکان رزگاری دەبێ مرڕۆڤ کاتێک لە سەرەتای ژیانی لە باوەشی سروشتدا دەبێ خەسڵەتەکانی جوانکاری لەلایدا بزربوونە و شوێن هۆیەکی کاریگەری خۆپاراستن بووە بە خودی مرۆڤ و گیانەوەرە دڕندەکان، بەمەش سەختترین شوێن بۆ گوزەراندن و ژیان ئەو شوێنە بووە کە گەورەترین ئارامیی بە مرۆڤ بەخشیوە لەوێدا مرۆڤ جوانکاریەکانی بوونی خۆی لە شوێندا لە دەست دەدات، چونکە شوێن کە وابەستەی ترس و گومان و دوودڵی کرا،

جوانکاریەکانی خۆی لە دەست دەدات لە شوێن گۆڕین و جێگیرنەبوون و کۆچ و گوزەراندن لە پێناوی خۆپاراستندا تەنها واقیعی ژیان بەسەر جوانکاریەکاندا زاڵ دەبێ بەو پێوەرەی خۆ دوورخستنەوەی لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان کە ئەفسانە و واقیع لەلای مرۆڤ تێکەڵ بەیەک دەبن، ئیتر جوانیەکان و دەرک کردن بە جوانی مۆرکێکی غەریزەیی وەردەگرێ و لە هەڵبژاردن و مانەوە لە شوێندا دەردەچێ، سروشت وەکو خۆی جوانیەکانی خۆی بە مرۆڤ نیشان دەدات و مرۆڤ دەست بۆ سروشت نابات لەو شوێنانەی کە هەڵیان دەبژێرێ بۆ مانەوەو پەرەسەندنی چەمکی گوزەراندن پەیوەست بە کەرەستەی ژیان و پێداویستییەکانی داهێنانی ئامێری جەنگ و فراوانبوونەوەی لە شێوە سەرەتایی و ڕەمەکیەکانیدا، ئارامی و دڵنەواییەکی بە مرۆڤ بەخشی لە ڕەواندنەوەی ترسی ئەفسانەو ترسان لە واقیع و سروشت جێهێشتنی شوێنە سەختەکان لە چیا و ئەشکەوت و لە نێو دۆڵە سەختەکاندا وایان لە مرۆڤ کرد بوێرێ و ڕووبەڕووبوونەوەی ترس ببێتە بەشێک لە ژیان و مانەوەی. ئەوە سروشت نییە کە کۆتایی بە بە زۆر لە ئاژەڵە زەبەلاح و دڕندەکان دێنێ، بەڵکو ئەوە بیر و دەستی مرۆڤە لەگەڵ پەرەسەندنی کەرەستە و هۆیەکانی خۆپاراستن و ڕەوانەوەی ترسدا. هەموو ئەو هەڕەشانە لەسەر خۆی لادەبا و بە بوێرییەوە بەرەو پێدەشتەکان دەکشێ و هێدی هێدی ئەشکەوتەکان جێدێڵێ و لە شێوەی جیاجیادا بەتاک و پاشان بە کۆمەڵ خانوو دروست دەکات کە یەکەمین جارە لە ژیانی خۆیدا شوێنێک بۆ مانەوە دروست دەکات کە کەسایەتیی خۆی بنوێنێ، واتە خوڵقاندنی شوێن بۆ ژیان خۆڵقاندنی کە سایەتیی مرۆڤە و گواستنەوەی ئەو کەسایەتییە، لەکەسایەتییەکی ترساوی بێ شوێنەوە بۆ کەسایەتییەکی هەڵگری ناسنامەی شوێن.

گوند و پاشان شار، کۆتایی هەموو گەڕانەکانی مرۆڤ بووە لە خوڵقاندنی شوێندا ئاخۆ ئەم دابەش بوونە چی دەگەیێنێ؟ ئاخۆ شار چ ناسنامەیەک هەڵدەگرێ؟ ئاخۆ شوێن دەربڕین لە ئیرادەی تاکە کەسی دەکات، یاخود ئیرادەی بە کۆمەڵ بوون؟ ڕەهەندە فیکری و فەلسەفیەکانی شوێنی گشتیی وەکو شار و گوند چین؟

کۆبوونەوەی بە کۆمەڵی خەڵک لە شوێندا یەکەمین ئاماژەکانی بە جیهانی بوونی مرۆڤە لە شوێندا کە دابڕی جوگرافی و ئەتنی و زمانەوانی و تاکە کەسی یەکەمین ڕێگر بووە لەبەردەم کۆبوونەوەی لەم جۆرەدا، شار ناسنامەی تاک، بەشێکی گەورەی ناسنامەکەی دەکوژێت تاکو ناسنامەی مرۆڤێکی بەکۆکراو و بە کۆمەڵ کراوی پێ ببەخشێت. بە کۆمەڵ بوون و کۆ بوون تەسلیم بوونێکی بە جیهانیبوونی ئیرادەی تاکە کەسییە بەئیرادەی ئەوانی

دی ئەوەی بەوە رازی دەبێ لە کۆمەڵێکی بە کۆکراو لە شوێنێکدا بژی دەبێ بەوە رازی بێت کە گونجانێکی دیکە بۆ مەرج و پێکهاتنەکانی خۆی بدۆزێتەوە لەگەڵ ئەوانی دیدا، بەرامبەر بەم نوچدانەوەیەی تاک و تواناکانی قەبووڵکردنی ئەوانی دی تاک لە ڕوویەکەوە لە تەنیایی و ترس ڕزگاری دەبێ بە ڕوویەکی دیکەوە هۆی زیاتری بۆ ژیان و مانەوە دێتە دەست، ئاسانکاریی گەورەتریش بۆ مانەوەی بەدی دێنێ، شارەکان گەورە دەبنەوە بەڵام گوندەکان وەکو خۆیان دەمێنێتەوە شار لە سروشت  دەردەچێتە دەرەوە و سروشتی خۆی لە ڕوویەکی فانتازییەوە دەخوڵقێنێ، گوند لە باوەشی سروشتدا دەژی و ناتوانێ فانتازیای نوێ بخوڵقێنێ ئەم ڕووەی شار دەرچوونە لەو یاساو داسەپاندن و پێگیرکردنانەی کە شوێن وەکو شوێنی سروشتی و بوونایەتی بەسەر مرۆڤیاندا دەچەسپێنێ، هەر بۆیە شار هەموو داسەپاندنە سروشتی و بوونایەتیەکانی شوێن ڕەت دەکاتەوە، بەوەی سیمای شوێن لە بنەڕەتەوە دەگۆڕێ و دەیکاتە شوێنێک بۆ ژیان کە لە بوونایەتیی سروشتیی شوێن دەردەچێ و مرۆڤ بەرەو کرانەوەی بوونایەتی و کەسایەتیی نوێ دەبات، کەسایەتییەک کە جۆرێک لە ناوەندێتی گەردوونی بە خۆی دەبەخشێت، لە ئەفسانەکانی بوون دوور دەکەوێتەوە تاکو ئەفسانەی خۆی بخوڵقێنێ، لە مێژووی شوێنی تەنیایی و باوی ڕابردووی دەردەچێتە دەرەوە، تاکو بەرەو شوێنێک بچێت کە جیابوونەوە و دابڕان لەگەڵ زەویدا بخوڵقێنێ، ئەمەیە فانتازیای هەرە گەورەی خوڵقاندنی شوێن وەکو شار، پەیوەست بە جوانیەکانی شوێنەوە کە ناوڕۆکی باسەکەمانە کەسایەتیی شار جوانیەکانی سروشت ڕەت دەکاتەوە تاکو تێڕوانینی خۆی لە جوانیەکاندا بەرجەستە بکات. باڵەخانەکان کە شێوەی کەوانەیی و هەرەمی و لوولەیی و چوار گۆشەیی و.....هتد دەگرنە خۆیان هەروەک لاسایی کردنەوە و بە بەرامبەر ڕاگرتنی شێوەی ئەستێرەکانە، لە دۆزینەوەیەکی نوێدا هەرەمەکانی میسر لە شێوەی ئەستێرەکانی کاکێشان  دروست کراون. مرۆڤ لەم گوزەرە هاوشێوەییەدا کار لە ڕەهاکردنی ئیرادەکانی مرۆڤ دەکات بەرامبەر بە بوونی سروشتێکی گەورە و بەرفراوان کە ناتوانێ بە تەواوەتی لێی بگات. شێوە ئەندازەییەکان گێڕانەوەی شێوەی دار و میوە و چیا و گردۆڵەکە و ڕیزبەندیەکانیانن. داهێنانی ڕووناکی شوێنی ڕووناکی خۆرومانگ و ئەستێرەکانە هەموو ئەم شێوانەش لە کۆتاییدا خوڵقاندنی جوانییەکن لەدەرەوەی جوانییە چەسپاوەکانی بوونەوە بە هەموو شێوە و ڕەنگ و ڕیزبەندییە ئەندازەییەکانیەوە. کەواتە جوانیەکانی شار سەندنەوەی ئەو جوانیانەیە کە سروشتێکی دوورە دەست و فراوان و سەخت و بەهێز تاکو هەموو ئەو جوانییانە بکەونە

ژێر دەستی مرۆڤەوەو هەر ئەویش لە پاش هەموو شتێکدا چێژ لەو جوانیانە وەرگرێ کە هەر خۆی خوڵقێنەریەتی و جوانییەکانی سروشت بەشێکی گەورە لەبیرکردنەوەی مرۆڤ داگیردەکەن. مرۆڤ هەموو شێوە جوانەکانی گوڵ و دار و گژوگیا دروست  دەکات هەموو بۆن و بەرامەکانی سروشت دروست دەکات، هەموو دەنگەکانی سروشت و وێنەکانی دروست دەکاتەوە هەر بۆیە ئەو هەموو سروشت دەخاتەبەر دید و بینینی خۆیەوە هەموو دەخاتە ژێر ئیرادەی دەسەڵاتی خۆیەوە. مرۆڤ لەم کارەیدا لەلایەکەوە شوێن لە سروشتێکی بەرفراوانی زەوییەوە دێنێتە نێو شوێنێکی سنووردارەوە، لەلایەکی دیکەوەش جوانییەکانی سروشت هەموو جوانییەکانی سروشت دێنێتەوە نێو پانتاییەک لە زەویی دیاری کراوەوە بنیاتە شاراوەکانی ئەم گەڕان و داهێنانانەی مرۆڤ چەسپاندنی ئەو بیرەیە کە ئەوە مرۆڤە ناوەندی هەموو بوون و گەردوونە و بە عەقڵ و زانست پراکتیکی ئەو ناوەندێتی بوونە دەکات هەروەها لە لایەنێکی دیکەوە دەیەوێ ئیرادەی کەسایەتی و توانای خۆی لە بوون و شوێندا بەرجەستە بکات. شوێن و دووریەکانی شوێن هەروەها رێگر بووە لەبەردەم مرۆڤ کە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بڕوات و دۆزینەوەکانی خۆی تێکەڵ بەو ئیرادەیە بکات. بۆ ئەمەش لە ئەفسانەکاندا هاتووە کە مرۆڤ چەرخ و فەلەک، ئەسپی باڵدار مەڕی باڵدار، دروست کردنی  باڵ هەموو ئەم هۆکارانەی هەبووە بۆ گەڕانەکانی لە زەوی و ئاسماندا ئەوە ئەفسانەکانن کەوایان لە مرۆڤ کردووە کەشتی و فڕۆکە و پاسیکل و ئۆتۆمۆبێل بەهەمان مانای ئەفسانەکان بەرجەستە بکات. سروشت لەسەر بناغەی قەبارە و شێوە و رەنگ و جوانییەکانی بەرجەستە بووە، مرۆڤیش ئەو جوانییانە دێنێتەوە نێو یەک شوێن و یەک قەبارە ئاخۆ مرۆڤ لە خۆلقاندنی شوێن و گەڕانەکانی لە شوێن و بەرجەستەکردنی نموونەیی شوێن وەکو جوانکاری چ ئامانج و مەبەستێکی هەیە؟! گەردوون بە هەموو   دەلالەت و ئاماژەکانیەوە لە دوولاوە دەچێتە بیرکردنەوەی مرۆڤەوە لەلایەکەوە نمایشی بەربەست گیری خۆی بەرامبەر بە تواناکانی مرۆڤ دەردەخات و سنوورداریان دەکات، بەوەی مرۆڤ دەبێ هەمیشە لە بیرکردنەوەی ئەوەدا بێت کە توانا عەقڵیەکانی سنووردارن بەرامبەر بە فراوانییەکی باوەڕ پێ نەکراوە و فانتازیایی بوون و گەردوون، لەلایەکی تریشەوە نمایشی سنوورە فراوانەکانی جوانیەکانی خۆی دەکات بە ڕادەیەک مرۆڤ گرفتار و سەرسام دەکات کە چەندێک مرۆڤ لە بوونەکانی سەر زەوی و ئاسمان و گەردوون و وردبێتەوە ئەوەندەش سەرسام و گرفتار دەبێ. گوڵەکان بە سەدان هەزار جۆرن گیانەوەرە زیندەوەرەکان بە سەدان هەزار جۆرو رەنگ و قەبارە و. بچووکی و

گەورەیین و بە رەنگ و شێوازی زۆر سەیرن. ئەستێرەکان شەبەنگ و رەنگی بەرفراوان و بێ سنووریان هەیە، دەریاکان پڕن لە فانتازیاو رەنگ درەخت و گژ و گیا و ڕووەکەکانی سەر زەوی بە سەدان هەزار جۆر و زۆربەی ئەم بوونانە جۆر و شێوەیان ملیۆنەها تێپەڕدەکەن، ئاخۆ ئەمە تەنها بوونەوە و بەدەرن لە دەلالەتەکانی بەرجەستە بوونی خۆیان؟ بێگومان گەورەترین دەلالەتەکان سەرسام بوونی مرۆڤە بە جوانییەکانی سروشت لە شوێندا، لە راستیدا دەڵێی هەموو ئەم جوانییانە بۆ گرفتاری و بینینی مرۆڤ خوڵقێندراون و هاتوونەتە بوونەوە. کەواتە جوانیەکانی شوێن بە هەموو جیاوازیەکانیەوە هاودەلالەتی بوون لەبەرجەستەبووندا بەدەر لە هەر دەلالەتێکی دیکەی ئامادەبوونیان، کەواتە مرۆڤ و تواناکانی جۆرێک لە گونجان و هاودەلالەتیان هەیە لەگەڵ بووندا وەکو شوێن کە جوانی لە مێژووی دروست بوون و پەیدابوونی مرۆڤەوە لەسەر زەوی دەرکەوتووە و مرۆڤ و سروشتی لە مانایەکدا کۆکردۆتەوە. مرۆڤ هەمیشە لە ناخەوە هەست بە گرێی جوانییەکان دەکات، بۆیە هەموو هەوڵەکانی لەلاسایی کردنەوەی ڕووی واقیعی و ئەفسانەیی بوون. بەشێک، بەشێکی کاریگەر لە و هەوڵانەیدا نمایش کردنی بوونی خۆی و ژیانیەتی وەکو بوونێکی بەرجەستەیی جوانکاری، چونکە هەڵبژاردنی جوانی وەکو پێوەرێکی روشتی و شێوەیی بەرجەستەبوونی شتەکان دوو سەرەیی لە هەڵبژاردندا دێنێتەکایەوە، چونکە جوانی و خەڵق دوو کرداری لێک جیاوازن لەبەر ئەوەش فراوانیی گەردوون و بەرجەستەبوونی پێویست بە بوونی جیاوازی زۆر و شتی زۆر دەکات بێگومان جوانییەکان دەرکەوتەیەکی سروشتی و سەرەتایی بوونە. جوانی لەلای مرۆڤ بە هایەکی گەورەی لە شوێن و مانەوە هەیە. ئەم مەیلەی مرۆڤ بۆ گەرانەوە چیی لە پشتەوەیە؟ ئەم مەیلە بەڵگەیەکە یا هۆیەکە بۆ تەبایی و پێگەیین و رێکخستنی هارمۆنیا و مۆسیقاداری بوون گەر جوانی وەکو بەهایەک نەکەوتایەتە هەڵبژاردنەکانی مرۆڤەوە ئەوا توندوتیژیی هەڵبژاردن دەبووە سیمایەکی بوون مرۆڤ لە کارەی بایۆلۆژی و ژیناتەکان دەسکاریی خەسلەت و سیماکانی مرۆڤ دەکات، مرۆڤ لەم کردارەیدا دەیەوێ گرێکانی جوانی لە سروشت و خەڵقبووندا داڕێژێتەوەو بەرەو کامڵ بوونیان بەرێ، مرۆڤ خانوو ماڵ و خۆپۆشتەکردن و هەموو وردەکارییەکانی دەوروبەری خۆی تەنانەت خۆشی بەرەو جوانکارییەکی شێوەیی دەبات لەو کاتەی جوانی بەهایەکی دوو سەرەی دژ بەیەکی تێدایە لە بیری گونجان و نەگونجان لەلایەکی دیکەشەوە ئەم گونجان و نەگونجانە لەبیرەوە دەبێتە کولتوورێک بۆ ژیان کە چۆنێتی دابەش بوونە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ رێک دەخات هەروەکو جیاوازی لە رەنگ و سیمای دەم و چاو و



گەورەیی و بچووکی و کە لە پاشاندا هەموو ئەم جیاوازییانەی شێوە جۆرێک لە دژبەیەکی و دووسەرەیی بوون و نەگونجان دێننەکایەوە لەو کاتەی چەمکی جوانکاری و جوانی تێکەڵ بە خەڵق دەبێ مرۆڤ لەبیرو فەلسەفەدا هەڵبژاردنەکانی بۆ جوانی دەگۆڕێتەوەو دەیگوازێتەوە بۆ بەهای نوێ کە ئەویش هەمدیسان لەسەر دابەش بوونەکانی مرۆڤ و دووسەرەیی بوونەکانیدا دەگیرسێتەوە. کاتێک بەهایەکی رەوشتی و دیاری کراوی بە جوانی دەبەخشرێت جوانییەکان لە شوێن و لە مرۆڤدا بەهایان دەگۆڕێ و لە جوانیی شێوەکانەوە بەرەو جوانیی لایەنە مانەوییەکان دەچن. کۆماری ئەفلاتوون لەسەر هەڵبژاردنی جوانییە ڕوشتیەکان دارِشتراوە، کۆتایی ژیان و زیندووبوونەوە هەروەها لەسەر بەها جوانەکان دارِشتراوە جوانی دەدرێتە پاڵ چاکەوەو خراپەش دەدرێتە پاڵ ناشرینییەوە تەنانەت مرۆڤ خودا بە جوان وەسف دەکات. لە راستیدا جوانی و وابەستەبوونی بە بەها ڕەوشتیەکانەوە دەرکردنی جوانییە لە بەها شێوەییەکانی بوون و شاردنەوەی ئەو بەهایانە کە کاری راستەوخۆ لە ژیان و بیرکردنەوەی مرۆڤ دەکەن. هەموو جوانیەکانی بوون لە پەیوەستێکی هارمۆنیاداری بوونگەراییدان کەشێوەکان و دەلەلات و بەهایان کاریگەرییان هەیە لەسەر چۆنێتی دارِشتن و خۆڵقاندنیان لەبووندا.

جوانییەکان لە شوێندا دەربڕین لە هێزی گەورەیی، فراوان بوونەوە، گۆڕانی شێوە کارلێک کردن لەناو بردن و دروستبوونەوە دەکەن کە بێ ئەوان جوانییەکان ناتوانن لە شوێندا بیرکردنەوەمان بەرەو چێژ و هەست پێکردن بەرن، چونکە زەمەن بەلایەنی مرۆڤەوە هەمیسان لە هەناوی شوێنەوە لە دایک بووە کە ئەویش مۆرکێکی چەسپاو بە تێروانین و بیرکردنەوەی مرۆڤ دەبەخشێت و وا دەکات مرۆڤ لە بینین و بیرکردنەوەکانیدا بە تێڕوانینێکی چەسپاوەوە سەیری شوێن بکات هەروەکو چۆن ئەوە زەمەنە وا لە مرۆڤ دەکات جوانییەکانی شوێن گۆڕانێکی گەورەیان لە تێڕوانیندا پێ نەبێت، کەواتە ئەوە هێزی جووڵە و گۆڕانی شوێنە کەوا لە مرۆڤ دەکات ئەویش هێزی تێڕوانین و دەرک پێکردنەکانی خۆی لە ئاست شتەکان بگۆڕێت جوانییەکان بەهایەکی چەسپاویانیش نابێت، واتە جوانییەکان هەروەک بوونەکانی دیکەی بیرکردنەوەی مرۆڤ و تێڕوانینی بەهایەکی دوو سەرەیان هەیە، نەچەسپاویی جوانییەکان لە گومان و دوو دڵی و هەستە بێ هوودەیی و نا ئومێدی و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی مرۆڤەوە لە دایک دەبن لەو کاتەی مرۆڤ هەست بە قووڵیی دیاردەگەڕایی بێهوودەیی زەمەن و شوێن دەکات، لە پاشاندا خودی تێڕوانین بۆ شوێن و جوانییەکانی وەکو بەهایەکی چەسپاو هەمیسان مرۆڤ بەرەو جۆرێک

لە هەست پێکردنی دووبارەوەبوو دەبات لێرەوە هەروەکو چۆن سروشت بەجەستەی هێزی داسەپاندنی کاریگەرە جوانکاریەکانی خۆی هەیە، هەروەها مرۆڤیش دێت لەو سروشتە چەسپاوەی بەرجەستەبوونەوە شتەکان بەرەو بەهای گۆڕاو دەبات و هونەری ئەندازەیی و شێوەکاری لە بنیاتنانی کۆشک و تەلار و ڤێلا و خولّقاندنی  کاشیی مەڕمەڕو سیرامیک و مۆزاییک و خشتی رەنگاو رەنگ و شووشە و چەندین شێوەی جوانکاریی دیکەی دروست کردنی شوێنی خاوەن بەهای گۆڕاو و نەچەسپاو جگە لەوەی خۆڵقاندنی فانتازیای ئەفسانەیی مرۆڤە کە خۆی دەکاتە ناوەندی شوێن و دەیەوێ شوێن لە بەها چەسپاوەکانی دەرکاتە دەرەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا. توانای بەرجەستەکردنی خەیاڵ و وەهمەکانی مرۆڤە بۆ دەرچوون لە بەها چەسپاوەکانی جوانیی شوێن و هەموو ئاینەکان، ئەوانەی باوەڕیان بە زیندووبوونەوە هەیە باس  لە بەهەشت و تواناکانی مرۆڤ دەکەن لە شوێنێکی دەگمەن و فانتازی و ئەفسانەییدا، مرۆڤیش دێت و دەیەوێ ئەم فانتازیایە لە شوێنی ژیان و مردنی خۆیدا بەدی بێنێت. بەمەش جوانییەکانی شوێن جگە لە بەرجەستەکردنی تواناکانی مرۆڤ لە خولّقاندنی فانتازیا هەروەها خۆڵقاندنی ئیرادە و توانا سنووردارەکانیەتی لەلاسایی کردنەوە و هاو وێنەکردنەوەی دەلالەتە مانەوی هەستیاریەکانی شوێن کەواتە مرۆڤ بۆچی بەم ئاراستەیە دەڕوات؟!

مرۆڤ هەر لە سەرەتای بوونیەوە خەمی مانەوە لە شوێن و دەربازبوون لە مردن و دۆزینەوەی جاویدانییەکی هەمیشەیی لە ناخی بیرکردنەوە و چەوسانەوە دەروونی عەقلّیەکانیەتی، هەر بۆیە ئەو لە ژیانیدا کە بنیاتی شوێن دەنێتەوە و لە مۆرکە سروشتییەکەی دەری دەکاتە دەرەوە و جوانییەکانی خۆی لە شوێندا بەرجەستە دەکات هەروەها لە هەوڵی ئەوەدایە جوانییەکانی بوونی خۆشی لە شوێندا بەرەو مانەوەیەکی هەمیشەیی بەرێت. ڕێزگرتنی مرۆڤ لە بەدی هاتووەکانی شێوەکانی شوێنی ژیان و پاراستن و مانەوەیان لە ناخەوە لە بەهایەکی ئەتینی و شارستانێتی دەردەچنە دەرەوە تاکو بەرەو خولّقاندنی مێژوویەکی هەمیشەیی بچن کە تیایدا شوێن لە سروشت جیا دەبێتەوە و ئەویش مێژوویەکی مانەوەی گەورە بۆ خۆی دەهێڵێتەوە ئەمە پەیوەندیی بە سروشتی شوێنەوە هەیە بۆ خۆڵقاندنی فانتازیای جوانی.



موحسن ئاوارە

# ڕەهایی لە هەڵمژین و دوور لە ڕکێف

هەواڵنامەی کتێب

١

تێر تێر بووە گیانم لە خەم
لێوان لێوە لێی دەڕژێتەوە
با سەرداری خەم
عارەبانەی ڕاکێشێ و لێی خوڕێ
چیتر خەمم بۆ ناخوڕێ
ئەگەر خەم بە بەردەمما تێپەڕێ
ڕووی لێ وەردەگێڕم
ئەگەر ئەو دانیشێ، من هەڵدەستم
تا ماوم گرێبەستێکی لەگەڵدا نابەستم
تێر تێر بووە گیانم لە خەم
پڕ پڕ بووە ژیانم لە خەم
گەر زەمبیلەی جاران مابێ
ئەو کاتانەی ڕۆژانە پڕم دەکردن
لە خەمی وشک و تەڕ

دەمبردەوە بۆ ماڵ
لە مەودوا زەمبیلەی تر بەتاڵ ناکەم
ناچمەوە ژێر ڕکێفی خەم
من خەمێکی گەورەترم هەیە بیخۆم
ئەویش خودی خۆمە، بە مێوانم دەزانن
لەسەر خاک و نیشتمانی خۆم!!

٢

ئەشکەوتێکی دێرینە ساڵ
دەگەیەکی پۆڵاینی بێ پەنجەرەی پێوەنرا
لە ژوورەوەیدا
(ئازادی) تەنگە نەفەس بوو، عەجمانی نەما
لە ناخەوە خرۆشا و جۆشا
وەک ئەسپە کێوی لغاو کراو
سەرکێشانە ڕەوییەوە
بەرووی تاریکی و دەرگەی داخراو
دەرگەی لە ڕێسمەوە هەڵتەکاند
بەسەر پشتدا وەریگەڕاند
ڕەها بوو ... هاتە دەر
ڕووناکی لە باوەش گرت
لە لەوەڕگەی تەڕ و تازەدا
پڕ بەسینەی هەوای کێوانی
هەڵمشت!!

٣

سپارتاکۆس عیشقی ڕەهایی لە دڵدا بوو
بۆیە لە چاوەڕوانی هەتاوی ئازادیدا
وەک گوڵەبەڕۆژە زەرد هەڵگەڕا بوو

هەواڵنامەی کتێب

٤

له سەفەری ئەندێشە و ڕامان
تا دوا شەبەنگی بینین
دەڕوانمە تۆ ئەی ئاسمان
ئەی ئاسمانی بچووک بچووک
بەقەد گلێنەی چاوم
ئەی ئاسمانی گەورە گەورە
بەقەد ئەو بازەی هەڵتداوە
ڕۆژێ دەربێنێ هەردوو چاوم
کوا ئەو بۆشاییانەی ڕۆژانێ هەبوو
ئەوەتا باڵندە و مووشەکە بێ باڵەکان
فرۆکە و مانگە دەستکردەکان
هەور و خۆر و مانگ و ئەستێرەکان
باڵۆنی ڕەنگا و ڕەنگ و کۆلارەکان
گیانیان بەتاڵ نەهێشتووی
گەر منی مرۆڤ
(باڵ)یشم نەبێ،
بە نێو ئەو بۆشاییانەی تۆدا
بەخورجینەی پڕ لە وشەوە بفڕم
هەردەم من بەهێزترین فڕندەم بۆ فڕین
ئازادیشم لێ زەوت کرێ
خەیاڵ هەڵمدەگرێ
زەینی شتە جوانەکان بەرزم دەکاتەوە
خواوەندی شیعر گۆرانیم بۆ دەچڕێ
هەرنا لەو فەزایە بێ (بازگا)یانەی تۆدا
وەک ڕەوەند و کۆچەریان
ئێرە و ئەوێم پێ دەگرێ؟!

هەواڵنامەی کتێب

شیعر



نیگار نادر

# ژمارە ژن

هەواڵنامەی کتێب



ئەگەر ئەورۆ بمرم
بانکەکەم سی هەزار پاوەند و
موبیلەکەم هەشتاونۆ تێکست مەسیج
مەیل بۆکسەکەم پێنج سەد ئیمەیل و
گیرفانم بیست پاوەندو
دڵم
تاقە پیاوێکی تێدایە

ئەز ژنەکم تژی لە ژمارە
ژمارەی ساڵ، ژمارەی خۆشەویست
ژمارەی نیشتیمان، ژمارەی تەلەفۆن
ژماری پارە، ژمارەی ماچ
ژمارەی نامە
لەبۆیە تازە بەچ خڕناکرێمەوە

ئەگەر ئەورۆ بمرم
بانکەکەم سێ هەزار پاوەند و
موبێلەکەم هەشتاونۆ تێکست مەسیج
مەیل بۆکسەکەم پێنج سەد ئیمەیل و
گیرفانم بیست پاوەندو
دڵم
تاقە پیاوێکی تێدایە

هەردەم لەهەر جێیەک
لەسەر هەر پەڕەو دیوارێک
ژمارە هەشت و دوو و پێنچ و سێ و
سفرێک بێنە پیش چاوانم
خۆشمدەوێن و
ژمارە تەلەفۆنی تۆم وەبیردەهێننەوە
بە تاڵوکە
پەنجەیەکیان دەگەیەنمێ
داخوا دەنگی تۆم نادەنەوە

ئەز کاتژمێرێکم بێ دەرەتان

هەواڵنامەی کتێب

پتر لەیەک چرکە
لەسەر هیچ پیاوێک بەن نابم و
ڕاناوەستم
لێ بێ ئەژمار بەسەریاندا
دەگەڕێمەوە و دەخولێمەوە

ئەگەر ئەوڕۆ بمرم
زمانم یەک ملێون وشە و
قەندانەکەم سێ کلۆ شەکر و، بەفرگرەکەم
سەمونێک و جزدانەکەم بیست کارتی ناونیشان و
جانتای شانم ڕۆژمێرێک و
تاقە بتلێکی ئاو تێدایە

ئەز ژنەکم پێنج ئەستێرە
لە قەرەباڵغیان جمەم دێ
لێ ئەگەر تاقە خۆشەویستێک
لێم وەژوورنەکەوێ
بە بەلاش وەگیردەکەوم

وەسیەتیشم تژیە لە ژمارە
هەر لەسەر کێلی من نا
لەسەر کێلی بارانێش بنووسن
ڕەحمەتی خودان
هەزار دۆست و پەنجا و پێنج خۆشەویست و
دوو سێ مێرد بوو

هەواڵنامەی کتێب

ئەز ژنەکم تژی لە کلیل
کلیلی کار و، کلیلی ماڵ و کلیلی جانتا و
کلیلی دەرگای نیشتیمان
لێ ئەگەر هەر ئەورۆ بمرم
چەکمەجەکەی بن سەرم ڕاکێشن
سی چل ڕەچەتە و دوو نەخشە و
جووتێک پاسپۆرت و
تاقە قفڵێکی تێدایە


ئەز ژنەکم یەک کڵاس
لێ ئەودەمەی ئازیزێک
پاڵم وێندا
نرخم دادەبەزێتە سەر سفر

تازە وەبن ژماران کەوتووم
هەموو ڕێسایەکانی ماتماتێک
دەرەقەتی
دابەشکردن و لێکدان و
شیتەڵکردن و
کۆککردنەوەم نایەن و
تێمدا پوچەڵ دەبنەوە.

١/٤/٢٠٠٨ – لەندەن

هەواڵنامەی کتێب

شیعر



چنور نامیق حەسەن

# تا ماڵی ئێوارانێک ئەچم

هەواڵنامەی کتێب



ئێوارەیەکی کۆنە ئاشنا
بەبای سەبا هاوارم بۆ ئەنێرێ و
بانگم ئەکا
بەڕێوەم و
ژیان هەورێکی تەریوە
لەچاوی منەوە هەڵدێ
هاتووم لەم تەمتومانی غوربەتە
پرچم بە بۆڵە بۆڵی
ئەم درەختە بشۆم
هاتووم چاوم لە بێ نازی
ئەم کانییە تینووە پڕکەم
لە زۆر زۆر
دوورەوە هاتووم
هاتووم بە روخسەتی مەرگ

ئەم ئێوارە خۆڵەمێشییەی
تەماشام

بەسەر وێرانەکانی جاراندا
بپرژێنم
کەچی ئەو منداڵێکی لاسارە
گەورەییم لە ژێر پێ ئەنێ و...
خۆی وێڵ ئەکا
ژیان سێبەرێکی رووتە و
لە رۆحی منەوە ئەڕژێ
هاتووم کراسێک لەم عەسرە
دابماڵم
گوڵە ونبۆکانی جاران
ئەمژاکێن
کەچی ئەو خۆی لێم ون ئەکا...
وەکو ئاسانم پۆشیوە
لێوم گۆرانی شین ئەگرێ
راوە عەسری ئەوسا ئەکەم
چاوم هەوراوی ئەڕوانێ
جار نەجارێ
قومێ لە هەناسەی ئەم عەسرە ئەدەم
سات نا ساتیش
بەدەم تەریی تەماشاوە
زامێکی تر
لەناو رۆحم داڵدە ئەدەم
زووبە هاورێ...



هەواڵنامەی کتێب

چوونە شاری ئێوارەکانی منەوە
زۆرتری لە تەمەن ئەوێ
وەکو ئاسمانم پۆشیوە
وەکو کانییەکە زوو ئەڕۆم
هاتووم ئەم ئێوارە دوورە
بۆ ناو جۆلانەکانی منالْیم
ببەمەوە
هاتووم لێوم
بە هەناسەی ئەم ساتانە ئاشت کەمەوە
لێ زەمەن پێشم لێ ئەگرێ
زووتر لە کات ئاوا ئەبم
لە زۆر زۆر دوورەوە هاتووم
لەم تەمتومانی بارینەم
هاتووم قۆمی لەم تەنهاییە سەرگەرمە
بخۆمەوە
حەرامەکان لەبیرم کەن
لێرە تەنها سووریی زەمەن
لە روومەتەکانم ئەدەم
کەچی ئەویش زۆرێک نابات
بۆڵە بۆڵی لێوەکانم
ئەسڕێتەوە...
ڕەنگی جێماوی گوڵەکان
لە لێو ئەدەم
هاتووم لەم ئێوارە دوورە
تاوێ روخسەتی مەرگ بدەم

هەواڵنامەی کتێب

نیگاکانم لەگەڵ ڕۆیینی بێ حەزەر
هەڵئەڕێژم
لە فێنێکی ئەم عەسرەدا
قوم قوم زەمەن هەڵمئەدا
مێژوو فوارەی نەمانی لێ هەڵئەستێ
هاتووم خوڕەی بەخەبەری کانیلەیەک
خەیاڵم بەخەبەر بێنێ
بە چەپکێ خەنینەوەی تۆ خومار ئەبم
هەستە بڕۆین، کۆنە مەنزڵی ڕێبواران
تازە نابێتەوە داڵدە...
هاتووم لەم هەورەبانی عەسرەوە
سەرێکی ژووان بدەم وبتوێمەوە
وەلێ چاوم هەوراوی ئەڕوانێ و
لەم تەنهاییە سەرگەرمە
ئەخۆمەوە
رەنگی زەمەن ئەمخواتەوە
کەچی ئەویش زەرد ئەنوێنێ
گوڵ ئەچنم
ڕێگای جارانم لێ وێڵەو
خێراتر لە کاڵبونەوەم
وێڵم ئەکا
نا بەڵەدم
هاتووم وەکو ئاسمان بگریم
شین ئەپۆشم
سوور ئەپەیڤم

هاتووم
پرچم بە بۆڵە بۆڵی ئەم درەختە
سەوزکەم
روورم لە تینوێتی
ئەم کانییە بشۆم
کەچی گوڵە سورەکانیش
وەکو لێوم
کاڵ کاڵ زەمەن ئەژاکێنن
وەکو هەور سەرهەڵئەگرم
وەکو زەوی سەوز ئەپۆشم
لەم ئێوارە بێ داڵدەیە
بۆ قیبلەی جاران ئەگەڕێم
رێ دەرناکەم
نابەڵەدم
لەم دەڤەرەدا ون ئەبم
چوونە ناو ئێوارەکانی ڕوومەوە
زۆرتری لە زەمەن ئەوێ
کە دەیگەمێ زۆرێک نابا
خەمەکانی لەبیر ئەکا و
لە بێ ئارامی تەماشام
ئەتوێتەوە

هەواڵنامەی کتێب

شیعر

ستیڤان واتس

# سی و یەک منداڵ دەربارەی خەون چییان گوت ؟

وەرگێڕانی : حەمە عەباس



ستیڤان واتس شاعیرێکی ئینگلیزی زمانەو لە داوێن کێوەکانی ئالپەوە لە باوکێکی ئیتاڵی و دایکێکی ئینگلیزی کەوتۆتەوە، بەشێ زۆری تەمەنی خۆی لە باکووری خۆرهەڵاتی لەندەن بەسەر بردووە، بەیەکی لە شاعیرە دیارو بەرهەڵستکارەکان دادەنرێت و شیعرەکانی بۆ سەر چەندین زمان وەرگێڕدراون، ئەم شیعرەیّ لەپاڵ چەند شیعرێکی دیکەیدا لەلایەن کچە شاعیری ئێرانی زیبا کرباسی بۆ فارسی وەرگێڕدراوە و وەرگێڕانەکەش بە ئاگاداری و هاوکاری خودی شاعیرەوە بووە.

ویل دەڵێ:
بۆ هەر شوێنێک کە دەڕۆم
لە خەونەکانمدا
سپی، تەنها سپی دەدرەوشێتەوە
لە بازنەیەکی چوار دەورمدا
من بەچوار دەوریەوەم
من لە بەلەمێکدام لە دنیاکەی دیکەی خۆمدا

سەعدیە دەڵێ:
خەون ئاوێکە دەڕوات
ئاوێکە دەڕوات خەون
بە بڵق و بازنەکانیەوە
بازنەو بڵقەکان
بە سەوزەکان و سپیەکانیەوە
بە سەوز- سپیەکانیەوە !

کارلی دەڵێ:
هیچ بەربەست و سنوورێک لە خەونەکانمدا نییە
خەونە بێ یاساکان
خەونە بێ سنوورەکانم
کە سادەیی بە رووداوەکان دەبەخشن
خەونەکانم ، ئەم ژەنگە کریستاڵیانە !

دانیاڵیش دەڵێ:
خەون وەک بیرکردنەوە وایە
بیرکردنەوە وەک خەون
ئەو وێنانەی دەڕۆن
ئەو وێنانەی وەستاون
ئەو رەنگانەی کە رەنگەکانیان دیار نییە

هەواڵنامەی کتێب

لۆرن دەڵێ:
خەون ناناسم
بەڵام خەونێکی ناوازە وێنە دەکێشێت
کە لەژێر ئاوەکانیەوە هەوایەکی سپی هەیە
ئەویش مەلە لە سپیاتییەکاندا دەکا و
شینایییەکان لە سپیاتییەکان جیادەکاتەوە !

ئۆرلاندۆش دەڵێ:
خەونەکانم چوار خانەن
وەک ئەوەی کە لە سەردار هەڵیانکۆڵیبێ
خەونەکان وەک ئەوە دەمێننەوە
کە بابە ئوتومبێلەکەی لە شوێنێک راگرتبێت
کە وەک هیچ جێگایەک نییە

هەواڵنامەی کتێب

مەروان دەیگوت:
ئەوێ بازنەیەک بوو لە جادوو
کاتێ لە سیمفۆنیا دەگەڕاینەوە
لەژوورۆچکەی خەون !
مەروان قسەێ دیکەشی دەگوت...

دێڤید دەڵێ:
تۆ ئارام دەگریت
لەناو خەون ئارام دەگریت
جیهان دەگۆڕێت
تۆ لە جیهاندا دەگۆڕێیت
خەونیش لەوسەری جەنگەڵەوە
بە کڤەکڤی باوە دێت

ئێما دەڵێ:
مانگ و هەتاو چەند بازنەیەکن
کە خەون لە نێوانیاندا ونبووە
نا
خەون لە شوێنێکی دیکەیە
رەنگە لە نێوان نۆتەکانی مۆسیقا بێ !

چارلی دەڵێ:
هەموو شتێ لە خەوندا لەناکاوە
هەموو لەناو یەکتر ونن
ونن هەموو لەناو یەکتر
لە تەلیسمێکی ئەفیون و جادوو و
لەبەر ئەوەیە....

هەواڵنامەی کتێب

کەریم دەڵێ:
دوعای خەون بوو
خەونی چاو
رووپۆشێک بۆ هەتاو
کڵاوی دزانی دەریایی
بێ هەستکردنی پێکانم بە کاتی خەو!

شارلت دەڵێ:
خشخشۆکەی سەر پەلکە زێڕینە بوو
نا ! مافوورێ ئەفسووناوی بوو بۆ رۆیشتن
نا
دەتوانم خەون وەک وێنەیەک
بخەمە ناو چوارچێوەوە

(هەنری)ش قایەخێک لە خەون دروست دەکات بە کاغەزێکی شین لەسەریا دادەنیشێت و لێی دەخورێت
بەڵام دەگەڕێتەوە تا پێمان بڵێ :
خەون وەک گوڵەبەڕۆژە وایە و
وەک خەون دەمێنێتەوە

ئێیمێ دەڵێ:
خەون دەستەسرێکی کاغەزە
دەشێ نایلۆنێکی خوان بێ !
ئەهاا....
لەنێو بادا دەڕوا !
کاتێ کە هێدی هێدی
لەسەر کورسییەوە دەکەوێتە ژێر مێز
گوتمان کە ئەمە سەرەتای یارییە
خەون دەستی پێ کردبوو

بیلێ دەڵێ:
خەونیش یاریم لەگەڵ دەکات
کە کۆترە چوستەکەی خۆم هەڵدەفڕێنم
لە ئاسمانێکا هەڵیدەفڕێنم کە بردنەوەی مسۆگەر بێ
نا !
خەون (شەوە)یەکە ماڵی لەناو خانووەکەی ئێمەدایە
ئەهاا....
ئەویش خەو دەناسێت
خەونیشمان بۆ لێک دەداتەوە

گوڵێ دەڵێ:
من هێلنج دەدەم و شەیتان دەردەپەڕێ !

هەواڵنامەی کتێب

بە خێراییەکی وەک بروسکە
خەون وەک بازنەیەکی ژەنگاوی دەمێنێتەوە
وەک نۆتە خوار و خێچەکانی مۆسیقاو
بای هاوین

مێلینا، چیرۆکی کۆشکی بەردینی ئەفسووناوی و چل کەزی دەگێڕێتەوە
بێ ئەوەی کە بزانێ چل کەزی کێ بوو !
ئەو دەڵێ: تەنها لە خەودایە
کە ئەم جێگایە دەتوانێ ببێتە جێگایەکی دیکە و
ئەم شتانە ببن بە شتی تر
بۆ نموونە ئەم باخچەیە ببێ بەمانگ
ئەم مانگە بە باڵندە !

ببسی دەڵێ:
خەون وەکو راستی وایە
هەندێ جار روودەدات و هەندێ جاریش نا
بەڵام ببسی ئەو خەونانە باش دەناسێ کە روودەدەن و
بۆ ئێمەی لێکدەداتەوە
ببسیی دەستەپاچە و سپیهەڵگەڕاو !

کیتی دەڵێ:
چادر گوڵێکی بەهارییە
شین – وەنەوشە
بەشووسەبەندی بچکۆلەوە
نا !
خەون هەتاوە، رووناکە
لە پەنجەرە دەڕوانم و لەپڕدا بەفر دەبارێ !

هەواڵنامەی کتێب

تێدی دەڵێ:
لەکاتی نەخۆشیدا
خەو جێگای خۆی لە ناو نوێن دەکاتەوە
من سوور دەبینم
رەنگە خەون سوور بێ
ئەگەر شین بێ لە بێداری نزیکترە
بەڵام من شین نابینم !
ئایا تۆ لە خەونەکانتا شین دەبینیێ؟!

جاستین دەڵێ:
باڵندەیەکی زەردی گەورەیە
رەنگە بەقەد ئەم مێزە بێت !
باڵەکانی دەکاتەوە و بەمن دەڵێ کە دەمۆرم
لێم دەدات
دەنووکم لێ دەگرێت
بەڵام من دەزانم
ئەم باڵندەیە خۆی دەمۆرە
ئەم باڵندە زەردە زلە
خۆی!
نەک من

پەروین دەڵێ:
وایێ بۆ دەچم پەپوولە بێت
یان وەنەوشە
گوڵە وەنەوشەکان
باخێ پڕ لە گوڵی خەون !
یاریی بووکۆکەی پشت دەوار، لەو دیوی ئاوریشمی سپی
بە چرایەکەوە کە هەمیشە

هەواڵنامەی کتێب

خامۆشی دەکات و دایدەگیرسێنێتەوە !
ئێستا شتێک نابینی !
ئێستا دەبینیێ

کەیوان دەڵێ:
لە خەوەڕۆییدا
خەیاڵەکانت دەترفێنن
راتدەکێشن
بۆ نیشتمانێک کەتیایدا
بەهەموو زمانێک دەدوێن !
فارسی
ئیسپانی
کوردی
ئینگلیزی
ئازەری
ئەفریقی
چینی و ....

چلسی دەڵێ:
لە خەونەکانمدا فڕۆکەیەک هەیە
لە شینایییەکاندا دڵخۆشم دەکا
وەک ئەوەی لەوێ
باڵندەکان هەمیشە گۆرانی بڵێن
ئاسمان وەک دەریا دەمێنێتەوە
شین وەک دەریا

ریچل دەڵێ:
ئەو هەندێ جار پەتێکی بە دەستەوەیە

هەوالنامەی کتێب

که لەپشت سەریەوەی دەبەستێ و
دەتوانی بەو پەتەوە هەرکاتێ بیەوێ
لە ئاسماندا ونبێت
بەرەو گەرمایی
بەرەو شوێنێک کە ئێمە ئیتر ناتوانین بیبینین !

خالیدیش بۆ خۆی ئاگاداری قسەکانی خۆی دەبێت و وشەکانی بە ڕێکوپێکترین نیشانە وێنە دەکێشێت، خەیاڵەکانی لە شەقامە راستەقینەکاندا دەڕۆن، ئەو هەموو شتێکی ماڵەوەی زۆر بە روونی دێتەوە یاد

دۆمنیک دەڵێ:
وشەکان لە دەممەوە سەرەو ژێر دەبنەوە
لە دێرە ڕێکوپێکەکاندا
لە بازنە خولاوەکاندا
وشەکان دەبن بە گوڵ
دەبن بە پەپوولە
دەبن بە نیلۆفەری شین
وشەکان دەبن بە خەون
وشەکان دەبن و ...

مەریەم دەڵێ:
تۆ باوێشک دەدەی
تۆ دەکۆکیت
تۆ بەرسینچکە دەگریت
تۆ قسە دەکەی
تۆ بێدەنگ دەبیت
ماسیش لە خەونی تۆدا مەلە دەکەن
بەلەمیش لێدەخوڕن

هەواڵنامەی کتێب

له شیناتی دەریای شووشەیی

کامیل دەڵێ:
کاتێ سڵاو لە شەو دەکەی
خەون دەگاتە جێ
وەک ئەوەی کە هەزار ساڵ تێپەڕیبێت
وەک با
کاتێ کە لەخەو هەڵدەستی
تەنها چەند رەنگێکی شێواو
لەسەر پێڵووەکانتەوە جێماون

جنین دەڵێ:
خەونەکانم لە چاوانمدان
لە سەرمن  لە نوێنمدان
سەماکەریش بەژێر مێزەوە دەلکێ
گۆرانیبێژ تەماشای ئەوێ دەکات
تا لێی وردبێتەوە

جیمێ دەڵێ:
مانگە، هەتاوە، زەنگە، سەرمێزە، پەنجەرەیە
شاڵێکی شینە
کە لە سەرتەوە دەردەچێت
خەون دێت و
دێت
بێ هیچ قسەیەک
بێ هیچ کۆتاییەک...

هەواڵنامەی کتێب

چیرۆک



حەمە فەریق حەسەن

# پەلکزەردێک بە مایۆی سوورەوە

پەلکزەردێک بە مایۆی سوورەوە

دەشێ سروە بای دەریا. هەتاوی دەمەو نیوەڕۆ تەواوی شەپۆڵەکانی ئاماڵ زیویی هەڵگێڕاوە... وردە شەپۆل لەسەر ئاوازی با لە سەمای بێ پسانەوەدان. هەزاران کەس، مەتووی دەریا و هەتاو، بە توێی مایۆی ڕەنگاوڕەنگ و چاویلکەی هەتاوەوە، پێخاوس، جەستەیان بەمەرهەمی دژەخۆر هەنووە. دوور لەنێو سەوزەگیا گەش و ڕەنگ تێردا هەڵاژاون یان دەخۆن و دەخۆنەوە، نزیک لە نێو لمی دەم کەناردا، لەگەڵ تیشکی خۆردا ئارام و هاوئاهەنگن، دەریاو کەناریان پێ ئاوەدان و ڕەنگاوڕەنگە... چەند پڕ ئەفسوونە ئەم دەریا بەبریسک و هووڕە... لە سروشتی بڵێسەی نارنجیی ئاگردایە، زۆر لەخۆم دەکەم، کەچی هێشتا هەر ناتوانم پشتی



تێکەم... ژنەکەم لەوێ، لەنێو چیمەنەکەدا پان بۆتەوەو هەیتا هەیتا دەستم لێ هەڵدەتەکێنێ و بانگم دەکا، (کارا، کارا، وەرە چایی دەمبووە!) چا خواردنەوەی دەم کەناری دەریا... چایی ناوکتری... بە خەڵووزی بەردین دەمکراو... وەلێ بەدەست خۆم نییە، پشتاوپشت لە دەریا دەکشێمەوە، چ نهێنییەکە، بۆچی دەبێ ڕووم هەر لە شینایی تەڕی دەریابێ...

دەشێ خۆشیم بە مەزنییەکەی بێ، یان بخوازم بەڕەنگە درەوشاوەکەی چاوانم بڕێژم و ناخیشمی پێ لەخەوش بشۆمەوە. ڕەوە شەپۆل لە سوپای تەیار دەچێ، تیپ لەدوای تیپ جەنگاوەر بەرەو شەڕگە بەڕێ بکاو هێشتا هەر لە داوە تیپی دیکەی یەدەک چاوەڕوانی فرمانن و دەخوازن بەرەو کەناری سپاترەنگ، ڕووەو وشکانی سینگ بکوتن. پێدەچێ ڕۆژێک دابێ، تەواو زەوی بەژێر هێرشی دەریاوە ببێ و دەریا وشکایی قووت بدا... بەشوێن یەکدا فڕۆکەی ڕێبوار، سپی سپی و سوور سوور لەم ئاستەدا بەسەر دەریادا هەڵدەفڕن و دەنگیان دێ، ئەوان لەم ئاستەوە دەچنە ناو دەربەندە هەواییەکان...

لەم کەنارە خەون و خەیاڵ جڵەویان بۆشل دەبێ... زیندە خەونەکان دەزێن... ئەم شەپۆلانە ئەوەی بەلایانەوە گرنگ بێ، ئەگەر بۆ تاوێکیش بووبێ سەر ڕووی دەریا بکەون و جوانی تافی هەڕەتی خۆیان بنوێنن. ئاون لەتافی فڕین و هەڕەتی لڤین و خرۆشی خۆیاندا، تاوەو دوا تێکدەکشێن، بڵا بمرن...

شاخەی گریش بەڕووی شین و نارنجی و سوورەوە وەک شەپۆلی دەریا متووی هەڵکشانە ڕووەو ئاسمان. شەپۆلەکان ئاون، تەمەنی شیرینی خۆیان بە تاوێ جوانیی دەگۆڕێنەوە. ژیان و جووڵەش بۆ خەیاڵی متی ئەو مەردمە دەگێڕنەوە.

لەودیو هۆ ئەو سنوورەوە، کە لێرەو لەوێ بە گۆی پلاستیکی نارنجی دیاری کراوە، بەلەمە سپییە سەر ئاوەڵا خێراکان بەشوێن خۆیاندا ڕووی شینی دەریا مینا شیر سپی هەڵدەگێڕن. پرێ ئەولاتر کوڕان بەلەمی چارۆکەداری سپی سپی داژوون. ئەوان لەپێش خەڵکی کەنار گرتوودا بە کیژە پەلک زەردەکانی هاوڕێیانەوە لێهاتوویی خۆیان لە دەریاوانیدا دەنوێنن. ئەم لاوە بەلەمرانانە ئەو دەریا بێ سنوورەیان کردۆتە باخچەی ماڵەکەیان و



بەئارەزووی خۆیان پیاسەی پێدا دەکەن. شەپۆلی زیوین و کوژەکەیی و کریستالی هەدادانیان نییە. بە خەیاڵمدا نایەت هیچ یاری و مەزاقێکی سەر زەوی هیندەی مەلەوانیی تەنکایی و بەلەمڕانیی دەریا خەمڕەوێن بێ. دەریا بە سیحر و هێزێکی نادیارەوە، بۆ لای خۆیم کێش و سەرقاڵ دەکا. ئەم وردە شەپۆلانەش دەستەکانی دایکم دێنێتەوە یاد، ڕامدەژەنن و دەمدەنە دەست جیهانێکی بێ وێنە، بێخەم و پڕ لە ئەفسوون...

بە مایۆی شینەوە، لە کەناری دەریایەکی کووژەکەیی، لەبان لمێکی کاهیرەنگ، دڵۆپەی ئاو بەبالامدا ڕێچکەی بەستووە و دوور بۆ قووڵایی دەریا دەڕوانم. ئەوا گوزوگومەت بەرزە شەپۆڵێک لە دووڕا بەدیارکەوت بەرەو کەنار سینگ دەکوتێ، شەپۆڵێکە لەوانی دیکە ناچێ، پێدەچێ لەو جێیەوە شینایی ئاسمان و شینایی دەریا تێکەڵ دەبن بەڕێوەبێ. با خێراتر هەڵدەکا و شەپۆڵ هاشەی دێ، وەک بیەوێ شۆقێکی قایم لە کەڤرە ئاوەسووەکان بسرەوێنێ و ئەوجا هەڵکاتە سەر کەنارە لمینەکە. وا گەیشتە جێ، بەرزە شەپۆل... کێشایە دەم لێوارەکان، سپی هەڵگەڕاو بەخێرایی چەند هەنگاوێک لە کەناری تێپەڕاند... کەنار تواناو هێزی هەڵمژی و شەپۆل شکایەوە... وەلێ لەتافی کێشانەوەدا کووپەیەکی لەدەم کەنار، ڕێک لەبەر لووتما جێهێشت.

قەدەرێک حەپەسام و بەدیارییەو دۆشدامام، سەرنجی دەوروبەرم دا، کەسێ مرخی لێ خۆش نەکردبوو. بۆیە لێی کەوتمە گومانەوە. وەلێ کاتێ قوڵفی کووپەم بەدەستەوە هات ناچار بووم بڕوا بە چاوەکانم بهێنم. ئیدی قوڵفەکەیم گرت و مرخێش مرخێش بۆ ناو قولایی لمی کەنار ڕامکێشا... کاتێ بە ترس و گومانی تێکەڵ بە چاوەڕوانیی ڕووداوێکی کوتوپڕ، قەپاغەکەیم لادا، تەمێکی لوولی خۆڵەمێشی لێوە بلند بوو... پاش چەند هەناسەیەک دێوێ، لێی دەرپەڕی هێندەی کێوێ... بەپەلە چەندین ژنی بالا شووشی بێ مەمک بەندو کچۆڵەی پەلک زەردی جەستە برونزیی بە تۆێی مایۆی سوورەوە، لەتەک سەگە تیسکنە بەنازەکانیاندا پەیدابوون و کەوتنە هەناسە هەڵکێشانی ئەوق بوون و حەپەسان... منداڵی لایپڕەسەنی سوورو سپیی بە چاویلکەی هەتاوەوە ئاپوورەیان لێمان دابوو. دێوی تاین قاوەیی و تیسکن، چاوەیل سوور، هەریەکە و هێندەی دەمی مەنجەڵێک. پێکانی جارەها پانتر لەپێی ورچەکانی



جەمسەری باکوور. دێو گرماندی و کەڵبە قوڵینگییەکانی دیارکەوتن... قیژەی ماسیگرە و شڵپوکۆی شەپۆل و هاڕەی فڕۆکەی بەژێر نرکەی خۆیەوە کرد. دێو لە سەرێڕا بۆی دەڕوانیم ومنیش لەبەرپێیدا مابوومەوە سەر بوونەوەرێ هێندەی گزگلێک.

« دەی مرۆڤ فەرمان بدە، چیت دەوێ تاکو هەر ئیستا لەبن عەرد بێ بۆتی بخەمە سەر عەرد!»دەلەرزیم... بڕوام دەکردو بڕواشم نەدەکرد... نازانم بۆچی لەو دەمەدا لێم نەپرسی، «تۆیەک لەم کەناری دەریای باکوورەدا چلۆن فێری ئەم کوردییە جوانە بووی؟ یان جەنابی دێو بە چدا زانیت ئەز کوردم؟» نانا... لە هەیبەتا زەینم بۆ ئەم پرسیارانە نەچوو... لەو کەناری دەریایەشدا تەنیا منی تێدابووم سینگ و پشتی تووکن بێ، ڕەنگە بەوەدا زانیبێتی کوردم، بە کاریگەریی شکۆ و سەروسیمای جەنابی دێو، تەواوی حەشامەتی کەنار دەریا دووچاری ترس و سەرسوڕمان هاتبوون. کەچی شتاقیان زەنگیان بۆ پۆلیس لێ نەدا. چاوەڕوانی پێشهاتێکی مەترسیدار بوون و هەناسەیان ڕاگرتبوو، بێدەنگ دەیانڕەوانی... دێو بەچاوی سوورەوە، لەمنەوە چاوەڕوانی وەڵام بوو. چەند جارێک چاوم گلۆفت، کۆکیم و گەردنم هەڵێنا. لە ژێڵدا بە باڵایدا نیگام سەرخست، دیتم دێوێکی ڕاستەقینە بەدیارمەوە منیا کێو هەڵچووە. بە دڵە لەرزەوە بە خەیاڵمدا هات و وتم:

«بێ جایی نەبێ، دەکرێ بمگەیێنیتە لێواری گۆمە گێژەی سەر چەمی دێوانە؟» دێو وەک هەوری سەروەختی بەختەباران بەیەکیدا داو گرماندی، «تۆ مەبەستت لە گۆمە گێژەی چەمی دێوانەی لایی زەردیاوایە، وانییە؟» منیش وتم، « ئائا دەمخۆش... دەق مەبەستم ئەوێیە!»بێگومان ئێستا بەری لای چیای بە لەرزەک پەرژێنە. کەناری بە قرژانک و بۆق ئاوەدانە... لە دوور ڕا قاسپەی کەو و ویتەی سوێسکە دێ و... عەینە مەل و کەندەسمە ئاسمانی ئەوێیان ڕەنگاندووە... لەبن هەر دەوەنێکدا زریوەی وردە مەل دێ... خشەی خشۆک و زریکەزریکی کولەو مەشکە دەڕەو تانجی پێغەمبەر دێ... لە خۆشییاندا دەمودەست بەزەینما نەهات بڵێم، خۆتۆ ئەو ڕێگە دوورە هەر دەبڕی، دەبا ژنەکەشم لەگەڵماندا بێت... هەموو کاتێ ئاوەز مێوان نییە نا... یان هیچ نەبێ نەمکرد پێی بڵێم، جەنابی دێو بەڵکو بەفڕکانێ پڕ بەو



کووپەیەی لەمەڕ خۆت لیرەم بۆ بێنی وبێیتەوە... ڕاستت دەوێ پرسیاری یەکەمیشم هەر لەجێی خۆیدا نەبوو، باش بوو نەمدایە ڕووی، ئاخر ئەوە دێوە نەگاڵتە، دێویش گەرەکە هەموو زمانەکان بزانێ... لە پڕێکا هاڕاندی و گرماندی « هەر ئێستا خۆت هەڵدەرە سەرپشتم کارا؟»تمەس ناویشم دەزانێ... دیارە چۆن زانیی کوردم ئاوەهاش ناوم دەزانێ. ئەو وەک کێوێک لە پێشمدا هەڵکشابوو... ناخۆم نەگۆڕی... هەر بە تۆیی مایۆ شینەکەمەوە... بێ ئەوەی لەخۆم بپرسم، زەردیاواومایۆ؟ پرسیشم بەژنەکەم نەکرد... هەر لە خەیاڵیشما نەمابوو... وتم، گەشتێکی مێژووییەو هەرگیز لە چاکەی دێو دەرناچم... هەر لە حەنای خۆم بیست سی هەنگاوێ کشامەوە، ئەو حەشامەتەش لە چاوەڕوانی پێشهاتێکی دراماتیکی هەستیان ڕاگرتبوو... تفم لەناو لەپم کردو وتم «گۆمە گێژە خۆت بگرە واهاتم!» بە هەموو هێزمەوە گوڕم بەستەوە و بە خێراییەکی زۆر تێتەقێنە تاکو هەر بەو خێراییەی غارم دەدا یەکسەر بازبدەمە سەرپشتی دێو.

بێجگە لە کاک دێو کەسی دیکە نەیدەزانی چی دەڵێم و بە چ زمانێک دەدوێم... نەمزانی بۆچی لەم هەراو هەنگامەیەدا ژنەکەم مێش میوانی نەبوو. ئەو یەک بست چییە لەجێی خۆی لەناو ئەو چیمەنە شێدارەدا نەجووڵا. نا، لە سەرسامی خۆم و تەلیسمی پێشهاتەکە، ژنەکەمم هەر لەیادیش نەمابوو... بە گوڕم، وەک سەردەمی مێرد منداڵیی خێرا دەهاتم و تەنیا سێ هەنگاوی مابوو بیگەمێ... لەگەڵ وتم هەرسێکی، بە هەموو هێزێکمەوە خۆم بۆ سەرپشتی جەنابی دێو هەڵدا... لە خۆشیاندا بە فڕین دەفڕیم... بە هەوای فێنکی ڕووی دەریا جەستەم تورت. لەو تافەدا کێشی تەنیا کۆترێکم مابوو... کاتێکم بەخۆ زانی لە ئاسمانێڕا، دەهاتمەوە و شلّپ بەربوومەوە ناو دەریایەکەی ژێرم. دەریای باکوور. بەخێرایی هەتا بنی بنەوە ڕۆچووم! کاتێ بەپەلە قاژەو پشووی سوارو جەستەی ماندووەوە، بڵقە بڵق لەڕووی دەریاوە سەرم کێشایەوە، نەکووپە دیار مابوو نە جەنابی دێو...

july 27,2007 – کۆبنهاون

هەواڵنامەی کتێب

چیرۆک



گوڵبەن شەریف

# هەڵاتن بەرەو ئاسۆ

هەڵاتن بەرەو ئاسۆ



هەڵاتن بەرەو ئاسۆ

شەوی ڕابردوو ئاسمان بارانێکی زۆری ڕۆکردبووە سەر زەوی تینوو، بە هەموو هێزی خۆی بەرەو ئاسۆی بەیانی ئەو شەوە ڕایدەکرد، ئاسمان یەکپارچە دوکەڵێکی مەیلەو سپی داگیری کرد بوو، سەدای ئەو گرمانەی کە بەگرمەی هەورێکی توورە دەچوو گوێی کاس کرد بوو، بە شێوەیەک گوێی لە دەنگی پێی خۆی نەدەبوو، هەر خۆی بەتەنیا نەبوو کە ڕایدەکرد، بەڵکو خەڵکانێکی زۆر لە ژن و پیاو و منداڵ بە توندی رایاندەکرد،

وەکو ئەوەی لەکەرنەڤاڵی ماراسۆنی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بۆ بۆنەیەکی تایبەت ئەنجام ئەدرێ و یەکەم تا دەیەم خەڵات دەکرێن، بەڵام ئەمانەی ئێستا کە ڕادەکەن هیچیان ئەو جۆرە خەڵاتانەی پێ نادرێ.

سەناریا کە ئێستا زۆر پاش کەوتووە و ئەو ڕەوە خەڵکەی لە پێش ئەوەوە ڕادەکەن و هەرجارەی کەسێکیان وەکو گەڵای دارێکی وشکەوەبوو بەردەبێتەوە، گوێی کاس بووە و ئیدی ورده ورده بینایی چاوەکانیشی لە دەست ئەدات و تا ئێستاش نازانێت بۆ ڕادەکات، بەڵکو ئەو دەرفەتەشی لانییە بیر لە هۆی ڕاکردنەکەی بکاتەوە، هەر بەو جۆرەی ڕایدەکرد لەناکاو چۆن کەسێک پێی لەبەردێک هەڵبەکەوێ دەماودەم کەوت و ڕووخساری لەناو کێمی ئەو خاکە قوڕاوییەدا ون بوو، تەنها هەستی بەبۆنێکی ناخۆش کرد.

بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە داخو پارەی پێیە یان نا، بەو پیاوەی کە لە پشت هێزی دووکانێکی گەورەوە ڕاوەستا بوو گوتی:

– زۆرم تینووە ئاوێکم نادەیتێ؟ پیاوەکەش بێ ئەوەی دوای پارەی لێ بکات ئاوەکەی داپێی و سەناریا ئێستا تەمەنی نزیکەی شانزە ساڵ دەبێت یەکبین ئاوەکەی خواردەوە و هەستی کرد بە تەواوی تینوێتی شکاوە، پاش ئەوەی سوپاسی پیاوەکەی کرد گوتی:

– دەکرێ بپرسم ئێرە کوێیە؟

پیاوەکەش کە تەمەنی نزیکەی پەنجاساڵێک دەبوو، خاوەنی دوو برۆی سپی و پان بوو، وەکو ئەوەی نیشانەیەکی تایبەت بێت بەسەرچاوەکانییەوە، کراسێکی سپی و یەخەڕەشی لەبەردابوو، ویستی دەم هەڵبێنێ و قسە بکات، کەسێک لە پشتی ئەوەوە کە ڕووخساری بەلای سەناریاوە نامۆ نەبوو دەستی پیاوەکەی بە توندی گرت و گوشی، وەکو ئەوەی بە پیاوەکە بڵێت "هیچ قسەمەکە"!، پیاوەکەش وەک خاوەن کارێکی کارامە کە ڕێز لە موشتەرییەکانی خۆی دەگرێت فەرمانی کەسەکەی بەجێهێنا و هیچی نەگوت.

سەناریاش کەزانی وەڵامی ناداتەوە پشتی لەو کردو ڕووی کردە دوکانەکەی بەرامبەر کە نزیکەی بیست مەترێک لەوبەری شەقامەکەوە بوو، تا نزیکی ئەوێ بووەوە هەستی برسێتی کۆنترۆڵی کرد، بۆیە هەندێک پێش چاوی لێڵ بوو، بەباشی نەیدەتوانی کەسانی بەرامبەری خۆی بەرجەستە بکات، لەپێش دوکانەکە ڕاوەستاو داوای خواردنی لە پیاوی پشت مێزەکە کرد، ئەویش بێ ئەوەی داوای پارەی لێ بکات، کەوچکێکی ئیستیل کە بە ئەندازەی کەوگیرێک دەبوو کردی بە مەنجەڵە ڕەنگ ئاڵتونییەکەی پێشی خۆی، کەوچکەکەی لە

خواردنی ناو مەنجەڵەکە قەلا کرد و کردییە ناو سەموونێکی چوار گۆشەو دایە دەستی سەناریاو گوتی:

– فەرموو بەڕێز.

سەناریا یەکەم گەزی زۆر بە توندی لە سەموونەکە دا، تامێکی زۆرخۆش زبانی داپۆشی، پاش ئەوەی لە خواردنەکە بووەوە هەستی کرد بە تەواوی تێری خواردووە، بەشێوەیەک کە پێی وابوو جارێکی دی نەتینووی دەبێت و نەبرسی، چاوە منداڵەکانی هەڵێنا تا سوپاسی خاوەن دووکانەکە بکات، بەسەرسووڕمانەوە لە پیاوەکە نزیک بووەوە، هەر بەپەلە ئاوڕی دواوەی دایەوە، تا بزانێت ئەو پیاوەی ئاوەکەی لای خواردەوە لەناو دوکانەکەیەتی یان نا، چونکە ئەم پیاوەی ئێستا خواردنی پێدا هەمان سیما و هەمان جلوبەرگی ئەو پیاوەی پۆشیبوو کە ئاوەکەی لا خواردەوە، کە دڵنیابوو ئەو لە جێگای خۆیەتی رووی کردەوە لەم و گوتی:

– تۆ چی ئەو پیاوەی ئەوەبەرەوە دەبیت؟

پیاوەکەش بە برۆ سپییە پانەکانییەوە هەروا بەسەرسوڕمانەوە تەماشای سەناریای کرد و هیچی نەگوت، بەڵام سەناریا شتێکی لە سیمای پیاوەکە خوێندەوە، وەکو ئەوەی ئەو پیاوە هەست بەوە بکات کە هەڵەیەک هەیە، چونکە بەوە دەچوو کەس ئەو پرسیارەی لێ نەکرد بێت.

سەناریا کە زانی هیچ وەڵامێکی گوێ لێنابێ، لەوێ دوورکەوتەوە، بەرەو ئەو خەڵکە رۆیشت کە سرەیان گرتبوو تا سواری شەمەندەفر بن، لەناکاو هەستی کرد کەسێک لە پشتێوە بە دوای کەوتووە، ئاوڕی دایەوە کەسی نەبینی، دیسانەوە رووەو خەڵکەکە کەوتەوە رێ، تا نزیک بووەوە هەر بیری لە سیمای یەکسانی خاوەن دوکانەکان دەکردەوە.

هیچ کەسێک لەوانەی وا لە سرەکەدا ڕاوەستابوون قسەیان نەدەکرد، تەنها ئەو کەسەی وا لە دەرگای شەمەندەفەرەکە ڕاوەستابوو، هەرجارەی ئاماژەی بەکەسێک دەکرد و دەیگوت:

– تۆ... وەرە پێشەوە.

ئەو کەسەش ڕەنگی رووخساری بۆ سپییەکی مەیلەو زەرد دەگۆڕاو بێ ئەوەی هیچ بڵێ دەهاتە پێشەوە، دەرگاوانەکەش کە هەمان سیمای دوکاندارەکانی هەبوو، بەهەمان کراسی سپی و یەخە ڕەشەکەیەوە کارتێکی ڕەنگ خاکی پێ ئەدا، ئەویش کارتەکەی وەردەگرت و

سـوار دەبوو، ئـافـرەتێک ملـپـێـچـێکی ڕەنگـاورەنگی بەگـەردنـیـیـەوە ئاڵاندبـوو، شـیـری بە منداڵەکەی ئەدا و بـە چـاوە ڕەشـەکـانیـیـەوە دەیڕوانییـە دەرگـاوانـەکـە، لەسـەر کـورسـیـیـە لە تەختە دروستکراوەکانی وێستگەکە دانیشتبوو، کاتێک دەرگاوانەکە بانگی کرد، ئافرەتەکە منداڵەکەی لەسـەر کـورسـیـیـەکە بەجـێـهـێـشت، کـارتە ڕەنگ خـاکـیـیـەکەی لە دەرگـاوانـەکـە وەرگـرت لەنـاو شـەمـەنـەفـەرەکـەدا ون بـوو، ئـیـدی سـەنـاریا زۆر لەوێ مـایـەوە تـا کـەس نـەمـا، چووە پێشەوە ویستی سواربێت، دەرگاوانەکە دەستی نایە سەرسینگی سەناریا و گوتی:

– تۆ نا... بگەڕێوە!.

بێ هیچ ووتەیەکی دی درگـاکـەی داخست و شـەمـەنەفـەرەکە کـەوتە فیکە لێدان و هێـواش هێــواش دووردەکــەوتەوە، دەرگــاوانـەکــەش لـە پشــتی پـەنـچــەرکــەوە بـێ چاوتـرووکــاندن تەماشایەکی پڕ لە بەزەیی سەنارپای دەکرد و سەری بەملاو ئەولادا دەهێناو دەبرد.

سەنـاریا بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە دیڕوانییە شـەمـەنەفـەرەکە کە هێواش هێـواش وەکو تـەمـــەنی مـنداڵـی خـــۆی دووردەکـــەوتـەوە، لەوکـــاتـەدا نـەیدەزانـی بیـــر لـەچی بـکاتـەوە و لەکاتێکیشدا کە هیچ بیرۆکەیەکی لەسەر ئەم شوێنەی تێی کەوتووە لا نییە. بە چوار دەوری خۆی دەڕوانـی، هـەموو شـتێک ئـاسـاییە، زەوی، ئاسـمان، رووناکی، پەڵە هـەوری سـپی بەتەم داپۆشـراوی سـەر لووتکـەی چیا دوورەکان و سـەوزایی بەهـار، تەنهـا شت کە ئەم سـەری لـێ سـووڕمـاوە ئـەوەیە نازانـێ ئێـرە چ شـوێنێکە و چـۆن گـەیشـتـە ئێـرە؟، چەند جـارێک ئەم پرسـیـارانەی لەخـۆی کرد و نەگیشـتە هیـچ ئەنجامـێک، بە توندی بیری دەکردەوە و فشـاری دەکـردە سـەر مـێشـکی خـۆی، لـەم کاتـەدا دەنگێک لە پشـتێوە بە نـەزمـێکی تایبـەتی کە بە سەدای کەسێکی میهرەبان دەچوو گوتی:

– کچەکەم سەرت سووڕنەمێنێ، دەبێ وابێ!.

بەپەلە ئاوڕی دایەوە، ئەو کـەسـە بوو وا نەیهێشت پیـاوە ئاودەرەکە قسـەبکات، بێ ئەوەی بەباشی لەکەسەکە بڕوانێ گوتی:

– بۆ نەتهێشت ئەو پیاوە قسە بکات؟

ئەم کـەسـە پیـاوێکی سـیـما سـپی و چاوە کـەسکەکەی لـە پشت شووشـەی چاویلکەکـەیەوە دیاربوو، کـراسـێکی سـپی درێژ بێ ئەوەی یـەخـەی ڕەشـی پـێـوە بێـت، وەکـو کـراسـی سـپی دکتۆرێکی لەبەردابـوو، پرچی سوور و مەیلە و خەنەیی لە ئاسایی درێژتر و ڕیشێکی شەش ڕۆژی خــەنەیی هـەبـوو، بەبزەی کـەسـێکی زۆر خـەمـبـارەوە، وەکـو کـەسـێک بیـەوێ تەنهـا

بەرامبەرەکەی دڵخۆش بکات، خەندەیەکی پڕ لە پرسیاری بۆ کرد و گوتی:

– کچەکەم دەتویست چ قسەیەکت بۆ بکات؟

سەناریا هەندێک ڕاوەستاو زۆر بە تێڕامانەوە ورد تەماشای کرد، هەستی دەکرد ئەم پیاوە دەناسێ، گوتی:

– دەمویست ناوی ئەم شوێنە بزانم، بەڵام تۆ کێی؟.

پیاوەکە گوتی:

– ئێرە وێستگەی گواستنەوەیە، منیش...

سەناریا چاوەڕوانی وەڵامی دەکرد و پیاوەکە قسەکەی تەواو نەکرد دەنگی جەڕەسێک کە سێ جار لێیدا چپی بە گوێی سەناریادا، پیاوەکە ڕاستەخۆ قسەکەی گۆڕێ و گوتی:

– سەناریا ئێستا کاتی ئەوە نییە، لێگەڕێی بابگەڕێینەوە ناو بازاڕەکە.

پیاوەکە دەستی درێژ کرد و...

سەناریا خۆیشی نەیدەزانی بۆچ بە گوێی دەکات، دەستی دایە دەستی پیاوەکە و کەوتە تەنیشتی، ویستیان بڕۆن، سەدای گریانی منداڵە ساوا بەجێماوەکەی سەرکورسییە تەختەکە ڕایانی گرت، سەناریا دەستی پیاوەکەی بەردا و بە پەلە چوو منداڵەکەی هێنا، ئیدی تا گەیشتنەوە ناو بازاڕ وێسگەکە کەسیان هیچیان نەگوت و منداڵەکەش وەکو ئەوەی لە باوەشی دایکیا بێت بێدەنگ بوو.

هەرکە گەیشتنە ئەوێ، پیاوەکە دەستی برد و ئەمجارە توندتر دەستی سەنارییای گرت و گوتی:

– کچەکەم لێرە بەدوا پێویستە بە تەواوی بە قسەم بکەیت و..

لەم قسانەدا بوو، لەوبەری شۆستەکەوە پیاوێکی پرچ درێژی کەتە و درێژ و خاوەن دوو چاوی سووری پڕ لە خوێن، بە پاڵتۆیەکی ڕەشەوە کە تاکو خوار چۆکی هاتبوو تەماشای دەکردن، سەناریا بۆ یەکەمجار هەستی بەترسێکی گەورە کرد و ناو دەستی ڕاستی پڕ لە ئارەقە بوو، دەستەکەی دیکەی کە منداڵە ساواکەی پێ هەڵگرتبوو تەواو سڕببوو، پیاوە میهرەبانەکە گوتی:

– کچەکەم تا من لەگەڵتدابم مەترسە، ئەو کۆڵانەی تەنیشت دوکانی ئاو فرۆشەکە دەبینی؟

سەناری گوتی:

– بەڵێ.

پیاوە میهرەبانەکە گوتی:

– بێ ڕاوەستان و بێ ئاوڕدانەوە لەگەڵ هەنگاوەکانی مندا دەچینە ئەو کۆڵانەوە، باشە؟

سەناری سەری ڕەزامەندی بۆ جوڵان.

پیاوە میهرەبانەکە گوتی:

– زۆر باشە، ئێستا دەی با بڕۆین.

لەولاشەوە پیاوە چاو خۆێناوێکە بە شێوەیەک چاودێری دەکردن، وەکو ئەوەی ئامادەی هێرش کردن بێت، پیاوە میهرەبانەکەش کە بەدەستی چەپی دەستی سەناریای پڕ لە ئارەقەی بە توندی گرتبوو، دەستی ڕاستی ڕوو لەو پیاوەی چاودێری دەکردن بەرز ڕاگرتبوو، دونیا هێشتا ڕووناک بوو، هەرچەندە هیچ خۆرئاوابوونێک دیار نەبوو، بەڵام ئاسمان هێواش هێواش تاریک دەبوو، دووکانەکانیش وردە وردە دەرگای دووکانەکانیان کلۆم ئەدا و خۆیان کۆدەکردەوە.

پیاوە میهرەبانەکە چی پێ گوتبوو سەناریاش وای کرد، هەردووکیان پێکەوە لەناو تاریکی کۆڵانەکە ون بوون.

هەر بەلای چەپدا سوڕانەوە و چوونە ماڵێکەوە، پەنجەرەکەی ڕووەو دەیان هۆڵی گەورە و بێ دەرگا بوو، هۆڵەکان پڕ بوون لە مرۆڤ، سەناریا منداڵە ساواکەی لەسەر مۆبیلێکی ناو ماڵەکە دانا، ئەو ماڵە بە کۆشکی پاسەوانێک دەچوو، بەڵام هەموو دەرگاو پەنجەرەکانی زۆر پتەو بوون و بەچەندین قوفڵی پۆڵا کلۆم دەدران، سەناریا لە پەنجەرەکەوە دەیڕوانییە ئەو خەڵکە زۆرەی ناو هۆڵەکان، هیچ کەسێک لەوانە جانتای سەفەریان پێ نەبوو، هەریەکەی بە جلوبەرگێکەوە هاتبوون، هی وایان تێدا بوو بە چاکەت و پانتۆڵەوە هاتبوو، تێیاندا هەبوو بە کراس و بیجامەوە هاتبوو، ئافرەتێکی موسافیریش کە سەرنجی سەناریای بۆ لای خۆی ڕاکێشا هەر بەژێرکراسە پەمبەیەکەیەوە هاتبوو، وەکو ئەوەی فریای خۆ ئامادەکردن بۆ ئەم سەفەرە نەبووبێتن و کتوپڕ بانگی سەفەر بە گوێچکەیاندا چپا بێت و ڕاستەخۆ بەرێکەوتبن.

سەناریا گوتی:

- ئەوانە کێن؟

پێش ئەوەی پیاوە میهرەبانەکە وەڵامی بداتەوە، لە دەرگا درا..

پیاوەکە چوو و دەرگاکەی کردەوە، ئافرەتێک بە جلێکی سادە سپییەوە و کاسکێتێکی لەسەر بوو هێمای (کۆ)یەکی سوور و پان بە ناوچەوانەکەیەوە بوو هاتە ژوورەوە، پیاوەکە گوتی:

- خانم ئەوە منداڵەکەیە!

ئەویش چوو منداڵەکەی هەڵگرت و لە دەرگاکە چووە دەرەوە.

سەناریا خۆیشی نەیزانی بۆچی هێندە بەلایەوە ئاسایی بوو کە ئەو ئافرەتە جلک سپییە منداڵە ساواکە ببات.

پیاوەکە بێ ئەوەی ئەو هەڵسوکەوتەی بەلاوە گرنگ بێت، راستەخۆ وەڵامی پرسیارەکەی پێشتری سەناریای دایەوە و گوتی:

- ئەوانە لە چاوەڕوانی سەفەری سبەی لەوێ ماونەتەوە، ئەوێ شوێنی پێشوازییە بۆ ئەو موسافیرانەی کە شەوان دەگەنە جێ، چونکە ئیتر لە تاریکیدا ناو بازاڕەکە بە کەڵکی سووڕانەوە و چاوەڕوانی نایات!.

سەناریا گوتی:

- مەگەر بۆ؟

پیاوە میهرەبانەکە گوتی:

- ئەو پیاوەی بەچاوی خوێناوییەوە تەماشای دەکردین، لەیادت ماوە؟

سەناریا گوتی:

- بەڵێ لە یادمە و زۆرش ترسام.

پیاوە میهرەبانەکە گوتی:

- دەی ئیتر ئەوانە کۆشش دەکەن بۆ ئەوەی هیچ کەسێک لێرە نەگەڕێتەوە، بەڵکو هەموویان بەشەمەندەفەری شەوان بنێرن، واتە بە بێ کارت.

سەناریا لە دڵێ خۆیەوە تەمەننای دەکرد لەدەروە بووایە، بەڵکو ئەوان سەفەرەکەیان بۆ رێک بخستایە.

هەواڵنامەی کتێب

پیاوە میهرەبانەکە گوتی:

– ئەوانە هێجگار بێ بەزەیین، چونکە ئەو موسافیرانەی بەشەمەندەفەری شەوان بەبێ کارت دەیاننێرن، لەوێ بۆ هەتاهەتایە ون دەبن.

لەم کاتەدا سەدای هاوارێکی خنکاو کە لەناو بازاڕەکەوە دەهات و هاواری فریاکەوتنی دەکرد بۆ کەسێک فریای بکەوێت!. بەڵام وردە وردە سەدای هاوارەکەی لەناو تاریکیدا خنکا.

سەناریا لە تەمەنناکەی خۆی پاشگەز بووەوە. سوپاسی خوای کرد ئێستا لەگەڵ ئەم پیاوە میهرەبانەدایە.

لە دەرگا درا...

پیاوە میهرەبانەکە دەرگای کردەوە، پیاوێک بوو هەمان جلوبەرگی ئەم پیاوە میهرەبانەی لەبەر کردبوو، بەڵام سیمای جیاواز بوو، کۆمەڵێ لەو کارتە خاکییانەی بەدەستەوە بوو گوتی:

– ئەوە کارتەکانە، ئامادەیە!.

پیاوە میهرەبانەکەش تێکڕای کارتەکانی لێ وەرگرت و کەوتە واژووکردنیان و پاشان پێی گوت:

– لەگەڵ یەکەم تیشکی رووناکیدا بیگەیێنە دەرگاوانی شەمەندەفەرەکە. ئەویش گوتی:

– بەسەر چاو.

کارتەکانی وەرگرت و چووە دەرەوە.

سەناریا کە هەروا تەماشای دەکرد، پیاوە میهرەبانەکە گوتی:

– ئەوە کارتی ئەو موسافیرانەی ناو هۆڵەکانن.

سەناریا لەو کاتەوەی هاتووەتە وێستگەکە هەر بەزۆر چاوەکانی هەڵدێنێ، وەکو کەسێک؛ خەونووتکەی گرتبێت، گوتی:

– دەکرێ بزانم جەنابتان چ کارن لێرە؟

پیاوە میهرەبانەکە گوتی:

– من بەخۆشم نازانم چ کارەم و بۆ ئەم کارانە بەمن سپێردراوە، نازانم بۆ دەبێ

هەوالنامەی کتێب

پارێزگاری لە کەسانی وەکو ئێوە بکەم کە کارتیان بۆ نانێردرێ..!

سەناریا گوتی:

– کێ دەیاننێرێ؟

پیاوە میهرەبانەکە گوتی:

– نازانم کێ دەیاننێرێ، هەموو جارێ پاش ڕووناکی ئەم پیاوەی ئێستا هات، دێت و کارتەکانم بۆ واژووکردن بۆ دێنێ! جارێک پرسیارم لێ کرد کە ئەم کارتانە لە کوێوە دێن، ئەویش گوتی: "نازانم من لەژوورەکەی تەنیشتی تۆدام و کەسێک کە شێوەی لە خۆم دەچێ ئەم کارتانە دێنێ و دەڵێ: بیبە بۆ جەنابیان"، واتە بیهێنێ بۆ من. بەهەر حاڵ ئیدی من تێگەیشتم گەیاندنی ئەم کارتانە بەزنجیرەیەکی دوورودرێژدا تێدەپەڕێ و ئەوجا دەگاتە من، هەندێ جار بیرم دەکردەوە کە رەنگە ئەو کارتە بۆ موسافیرێک لەیەکەم دەست تەرخان کرابێت پێش ئەوەی موسافیرەکەش بگاتە وێستگەکە یان بگاتە هۆڵی چاوەڕوانی.

خەڵکی ناو هۆڵەکان لە ژێر تیشکی ئەو بلاجکتۆرانەی بەسەریانەوە بوو بەتەواوی بەدیاردەکەوتن، سەدای نەیەکی هێواش و ئارام بۆ خەڵکی ناو هۆڵەکان لێ ئەدرا، تەواوی خەڵکەکە بەمنداڵ و گەورەو رەش و سپییەوە لە گوێبیستی ئەو نەیە تێر نەدەبوون، بەشێوەیەک هەستیان بە خۆیان نەدەکرد وەکو کەسێکی سەرخۆش چۆن هەست بەخۆی ناکات چی لەبەردایەو بەرەو کوێ دەڕوات، تەنها هەستی لەززەتێکی خۆش داگیری کردووە و هیچی دی.

سەناریا کە هەستی بە گێژبوون دەکرد و جارجارەیش بە توندی هەناسەی ئەدا، گوتی:

– تۆ لە کەینێوە لێرەی؟

پیاوە میهرەبانەکە گوتی:

– زۆر لە مێژدا کە بۆ یەکەم جار هاتمە ئێرە پیاوێک لە سیمای خۆم چۆن تۆم هێنایە ئێرە، هەر بەو شێوەیەش ئەو پیاوە منی هێنایە ئێرە، وەختێک کە کارتەکانیان بۆ هێنا تا واژووی بکات، لە دوا کارتدا زۆر ڕاما و تەماشای کردم، ئەو کارتەی بەرزکردەوە و گوتی:

– هاوڕێم کارتی خۆیشم هاتووە، ئیدی لە پاش ئەم تاریکییەوە تۆ لێرە دەبی و ئەم کارەی من دەگریتە ئەستۆ.

گوتم:

– بەڵام من لەم کارەی تۆ نازانم و تێناگەم لێرە چ روودەدا.

گوتی:

– هاورێ گیان بڕوابکە منیش تێناگەم، منیش پێشی خۆم کەسێک لێرە بوو، کاتێک کارتەکەی بۆ هات هەمان شتی بە من گوت و خۆشم نازانم لەگەڵ یەکەم تیشکی رووناکی هەموو ئەو کارەی کە پێم سپێردراوە بەجێم دەهێنا و بێ ئەوەی بزانم چۆن فێربووم.

سەناریا گوتی:

– بەو پێیە بێت دەبێت من جێگری تۆ بم.

پیاوە میهرەبانەکە گوتی:

– مەرج نییە، چونکە خەڵکانێکی دیکەشم بەرێ کردووە!.

ئەمجا پیاوە میهرەبانەکە بە بەزەییەوە دەیڕوانییە سەناریا و گوتی:

– بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو ڕووداوانەیش من هەست ئەکەم کارێکی زۆر مرۆڤانە دەکەم.

سەناریا و ئەو پیاوە میهرەبانە تا یەکەم تیشکی ڕووناکی هەر باس و خواسی ئەو وێستگە ونبووەیان دەکرد.

دونیا بە تەواوی ڕووناکییەکی دڵڕفێن داگیری کرد، پێکەوە دەرچوونەوە ناو بازاڕی ویستگەکە.

سەناریا بە چواردەوری خۆی دەڕوانی و سەیری دەهات، ئەو هەموو خەڵکە کە ناژمێردرین لە وێستگەی شەمەنەفەرەکە بە ڕەنگی سپییەوە و بە بێدەنگی لەچاوەڕوانیدان. بەچاو بەدوای ئەو ئافرەتەدا دەگەڕا کە بەژێر کراسە پەمبەییەوە هاتبوو بۆ ئەو سەفەرە، بیری لەوە دەکردەوە داخو ئەو شەمەنەفەرە چۆن جێگای ئەو هەموو خەڵکەی تێدا دەبێتەوە، هێندەی بەملاو ئەولای خۆی دەڕوانی تا سەری گێژی خوارد و لێوەکانی سوور هەڵگەڕان و گەرووی هیشک بوو، پێش چاوی تا دەهات تاریک دەبوو، بە توندی دەستی پیاوە میهرەبانەکەی گرت و بەهەناسبڕکێ و بە دەنگی بەرز گوتی:

– هاورێ.. هاورێ.. تینوومە

سەناریا لەگەڵ دوا وشەیدا کەوتە سەر دەستی پیاوە میهرەبانەکەوە، ئەویش هەڵیگرت و بەپەلە بردییە لای دووکانی ئاو فرۆشەکە، ئاوێکی لێ وەرگرت و نایە سەر لێوەکانی سەناریا... .

سـەناریا لەگـەڵ هاتنـە خـوارەوەی یەکـەم دڵۆپە ئـاو بۆ گـەرووی، بـە توندی ڕشـایەوە و ڕووخسـاری لە نێو کێمـی خاکە قوڕاوییـەکەدا دەرهێنا و بەرەو ئاسـۆ بە توندی کەوتەوە هەڵاتن.

لەگەڵ هەڵاتنیدا هەستێکی ڕووکەشی خۆشی داپۆشی و ڕووخساری جیاواز و لێکچوو و تێکەڵ بەیەک بە پێش چاویدا ڕادەبوورد، هەر بەو شـێوەیەی کـە ڕایدەکرد ئەوانەی لە پێشی ئەوەوە بوون هەندێکیـان لە ڕێگادا خـەڵتـانی خـوێن و پارچە پارچە لەسـەر زەوی کەوتبوون.

تا دەهـات سـەنـاریا بینایی باشـتـر دەبوو، هـەر لەگـەڵ هەڵاتنیـدا لـە ناکـاو گـوێیـە کاسبووەکانی بە هاواری کەسێک زرنگایەوە کە بەهاوارەوە داوای یارمەتی دەکرد، لەگەڵ دوورکـەوتنەوەی سـەنـاریا سـەدای هاواری ئەو کـەسـەش وەکـو خنکاوێک غـەرقی تـاریکی ئەبەدی دەبوو.

لەوبەری ڕووبارە بچووکەکەدا کە بە پێیان دەتوانی بیبڕی کۆمـەڵە خێوەتێکی سپی پێش چاو کەوت.

هەروەک چۆن کـەسـێک لەدوورەوە بیبـیـنێ پەلە لەکـەسـێک بکات و بە بەرزکـردنەوەی دەسـتی ئامـاژەی پێ دەکـات پەلـە بکات، هەسـتی دکـرد خـەڵکانێک لەوبەری ڕووبارەکـەوە دەستیان بۆ هەڵدەبڕی.

هەر لەمبـەرەوە و نزیکی کەناری ڕووبـارەکە دایکی بە ژێرکراسێکی پەمبەیی و خـەڵتـانی خوێنەوە کەوتبوو، کە دایکی بەو شێوەیە بینی ڕاستەخۆ لەخۆچوو و بەربووەوە.

پاش مـاوەیەک لەناو یەک لەو خێوەتانە کە پڕ بوون لە قـەڕوێڵەی نەخـۆش چاوی کردەوە، پیـاوێکی سـیـمـا سـپی و چاوە کـەسکەکـەی لە پشت شـووشـەی چاویلکەکـەیەوە دیاربوو، کراسێکی سـپی درێژی لەبەرکردبوو، چەند دڵۆپە خوێنێک بەسـەر گوێچـەکەی ڕاسـتێوە چۆڕا بووە سـەرشـانی، بە تەنکەریشـە خـەنەیەکـەیەوە دەیرِوانیـیـە سـەناریا، بە زمـانی ئینگلیزی لەسـەر سینگی هەندێ شت نووسرابوو کە سەناریا نەیدەزانی بیخوێنێتەوە، بەڵام هێمـای (کۆ)یەکی گەورەی سـوور کە نیشانەی ڕێکخراوی خـاچی سـووری نێودەڵەتی بوو سەناریای ئارام کردەوە، ئیدی سەناریا زانی کە ئەم پیاوە دکتۆرە.

دکتۆرەکە لەسـەر کاغـەزێکی خـاکی هـەندێ شـتی نووسی و دایە دەسـتی ئەو کارمـەندەی دیکەی کـە لەتەنیـشـتـیـیـەوە ڕاوەسـتـا بوو، ئەویش بـە پەلە چوو هـەندێ دەرمـانی هـێنا،

دکتۆرەکە هەر لەو کانیۆلەیەوەی وا لەدەستی راستی سەناریاوە بوو دەرمانی پێ ئەدا، کە دەستی دکتۆرەکە بەردەستی سەناریا کەوت، هەستی کرد گەرمایی ئەم دەستانەی بەلاوە نامۆ نییە. دکتۆرەکەش خەندەیەکی بۆ کرد.

سەناریا بە هۆی ئەوەی قۆڵی چەپی بە گەچ پێچرابوو هەستی بە سڕبوونی دەکرد، تەماشای لای راستی خۆی کرد، ئافرەتێک لەقەرەوێلەکەیەوە خوێن دەچۆڕا، ڕووخساری ئافرەتەکە سپییەکی مەیلەو زەرد هەڵگەڕابوو، ملپێچێکی ڕەنگاوڕەنگ تەواوی گەردنی داپۆشیبوو، منداڵە ساواکەی هێشتا مەمکی دایکی بەرنەدابوو.

ئافرەتێک بەجلێکی سادە سپییەوە و کاسکێتێکی لەسەر بوو هێمای خاچی سووری پێوە بوو هاتو منداڵەکەی لە دایکی کردەوە و بردی.

پاش ١٥ساڵ، سەناریا لە ڕێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی وەکو سستەرێکی کارامە ئەرکی ئەو خێوەتانەیان دایە دەستی، زۆر دڵخۆش بوو، بەو هیوایەی ئەو دکتۆرەی کە نەیزانی ناوی چییە ببینێتەوە، بەڵام کاتێک هاتە ئەوێ ئەو لەوێ نەمابوو، چاوی گێڕا یەک لە کارمەندە کۆنەکان کە پشتی لەسەناریا بوو بانگ کرد و پرسیاری ئەو دکتۆرەی لێ کرد، کارمەندەکە ئاوڕی دایەوە و برۆ پانە سپیەکانی بەرەو سەرەوە بەرز کردەوە و گوتی:

– ئا... دکتۆر ستیڤان دەڵێی؟.

سەناریا کە ئەو برۆ سپییانەی بینی شتێکی بە خەیاڵدا هاتەوە، بەڵام بەسەرخۆی نەهێنا!


ئەمجا کارمەندەکە چاوەکانی داخست و گوتی:

– زۆر بەداخەوە، ئەو چووە ئەوبەری ڕووبارەکە بۆ ئەوەی کچێکی شانزە ساڵی ڕزگار بکات پارچە هاوەنێکی زۆر بچووک بەر سەری کەوت، پاش ماوەیەک لێی کردە سەرەتان و کۆچی دوایی کرد.

سەناریا چاوەکانی پڕ لە فرمێسک بوون و ئەو دڵۆپە خوێنانەی کە بەسەر شانی دکتۆر ستیڤانەوە بوو تەواوی ڕووناکی پێش چاوی داگیر کرد.

شاخەوان برایم عەبدوڵڵا

# دووبارەبوونەوەی یادەوەرییەکی خەمناک



بەهۆی چڕیّ و تێکئالآنی درەختەکانی نێو گوندەکە، چەند خانوویێکی کەم دەکەوێتە بەرچاو. جگە لە دەنگی سەگ و شۆڕبوونەوەی ئاوی جۆگەلەکان، هیچ شتێکی دیکە نابیستریێت.

جارجارە لەنێو بۆشایی پەنجەی درەختەکاندا، یەکێک بەخۆی و فانۆسێکەوە دەردەکەوێت و دوای چەند چرکەیەک ئیدی بزر دەبێت.

بەفر، نەرم نەرم دەبارێت، گەڵای درەخت و هەورەبان و خانووی هەندیّ لە ماڵەکان دادەپۆشێت.

خورشید بەنێو بەفرەکاندا هەنگاو دەهاوێت، جارجارەش ئاوڕێکی دواوەی خۆی دەداتەوە و دەستی لە گیرفانەکانی دەردەهێنێت، کلۆ بەفرەکانی سەرقژی و رووخساری دەتەکێنێت و رێگاکە دەگرێتەوەبەر. کەسێک لە دوور ئەوەوە، بە فانۆسێکەوە بەرەو ڕووی دێت. هەست بە ترس و نیگەرانی دەکات.. دواتر خۆی لەژێر درەختێک حەشار دەدات.

فانۆسەکە هێدی هێدی نزیکی دەبێتەوە.. بە دووری یەک هەنگاو لە بەردەمی خورشیددا فانۆسەکەی لێ دەکوژێتەوە، خورشیدیش زیاتر دەچێتە نێو ترسەوە.

هەندێ تەماشای دەکات.. ئینجا دەزانێت کە قادری پاسەوانی قوتابخانەی گوندەکەیە.

قادری پاسەوان دووبارە فانۆسەکە دادەگیرسێنێتەوە و دەڕوات..

خورشید بە نهێنی تەماشای دەکات، تا لە نێو بۆشایی درەختەکان بزر دەبێت، دواتر ئەویش دەڕوات. بەهۆی بارینی بەفرەوە، نێو کۆڵانە دارینەکە سپی دەچێتەوە. چەند کەسێک بە ئاراستەی ئەو ڕووبەڕووی دێن و هێدی هێدی نزیکی دەبنەوە.

ئەویش بەهەمان شێوەی جاری پێشوو، خۆی لەژێر درەختەکان حەشار دەدات.

دواتر لەبەردەم خورشید دەوەستن.. سێ کەس بوون لە خەڵکی گوندەکە و گوێدرێژێکیان پێ بوو.

هەندێ بەچرپەوە لەگەڵ یەکتریدا قسەدەکەن، دواتر گوێدرێژەکە بەرەو ژێر درەختەکان پاڵپێوەدەنێن و بۆماوەیەک خەریکی دەبن.

خورشید هەرچەند دەکات ناتوانێت ئەوێ جێ بهێڵێت، چونکە سێ کەسەکە زۆر نزیکی ئەو بوون و هەر جوڵەیەک بکات دەبێتە هۆی ئاشکرابوونی، بۆیە بەناچاری خۆی حەشار دەدات تا دەڕۆن و دواتر ئەویش بە ئاراستەی ماڵی قادری پاسەوان دەڕواتەوە.

بە ترسەوە.. دەرگا دارینەکە دەکاتەوە، پاشان بەرەو پەنجەرەکە دەچێت.. سەیری ئەملاو ئەولای خۆی دەکات، کەس دیار نییە.

پەردەی پەنجەرەکە دانەدراوەتەوە، چەند ژنێک لەنێو ژوورەکەدا بەدیار فانۆسێکەوە خەریکی دروینی یەوم و بە ئارەزووی خۆم ڕادەبوێرم. کەچی خۆ ئەوەتان خەجیجەو فاتیمەشی لەلایە، خۆ ئەوەش لە چانسی منە، ئەگینا ئەم بەڵایانە چی دەکەن لێرە؟

ئاوڕێکی تری نێو حەوشەکە دەداتەوە.

سەیری نێو ژوورەکە دەکاتەوە..

زولەیخا لە شوێنەکەی خۆی هەڵدەستێت و جلەکانی لەبەر دەکاتەوە.. جەستەی بەتەواوی رووت دەبێتەوە.. فاتیمە تەماشایەکی زولەیخا دەکات و هەندێ داری تر دەخاتەوە نێو زۆپاکەوە.

خەجیجەش بەکەمێک پێکەنینەوە دەڵێت:

ئۆی.. زولەیخا جەستەیەکی جوانت هەیە! چەندێ بیردەکەمەوە ناتوانم بڕوات پێ بکەم کە دەڵێی قادری مێردت ئارەزووی جووتبوونی لاوازە و زۆر حەز بە رابواردن ناکات



لەگەڵتدا.

من بڕوا بەوە ناکەم ، کاتێک قادر چاوی بەو لەش و لارە سپی و جوانەی تۆ دەکەوێت و ئارەزووی نەجووڵێت.

دوای کەمێک بێدەنگی.. زولەیخا گوتی:

خوشکێ، جاران وانەبوو، هەرکە هەلێکی بۆ بڕەخسابوایە، کاری خۆی دەکرد. بگرە دەیان جاریش شەوان قوتابخانەی جێدەهێشت و بەخێرایی دەهاتەوە و هەر لەسەر پێیانەوە ئارەزووی خۆی تێدا خاڵی دەکردمەوە و ئیدی دەڕۆیشتەوە.

خۆشکێ،، پیاوان هەر وان.. لەسەرەتا، تا ماوەیەک دڵیان بەلای ژنەکانیانەوەیە و دواتر چاو لە ژنانی تر دەبڕن و لە ژنەکانی خۆیان بێزار دەبن، خۆ ئەگەر زۆر ناچاریش نەبن مانگی جارێک بەلای ژنەکانیانەوە ناچن.

فاتیمە تا ئەم لەحزەیە هیچ قسەیەکی لەبارەی گفتوگۆکەیانەوە نەکردبوو. دواتر ئەویش دێتە نێو گفتوگۆکەیان و دەڵێت:

هەندێ جار ژنانیش خەتایان هەیە کە وادەکەن پیاوەکانیان ئارەزووی سەرجێیی لەگەڵ سارد و سڕ بێت لەکاتی جووتبووندا.

فاتیمە دەیەوێت قسەیەک بکات، بەڵام زولەیخا ماوەی نادا و ئەمجارەیان دەڵێت:

من بەهەموو شێوەیەک دڵی قادرم ڕازی کردووە، لە کاتی جووتبووندا هەرچییەکی بوێت، بۆی دەکەم و بەتەواوی تەسلیمی ئارەزووەکانی دەبم.

ئەمجارەیان خەجیجە ئاراستەی قسەکان دەگۆڕێت و دەڵێت:

کراسێکی زۆر جوانە! منیش حەزدەکەم تاقی بکەمەوە و بزانم لەبەر منیش هەروا جوانە؟! یان تەنیا لە زولەیخا دێت. هەر ئەو دەم جلەکانی بەر خۆی دادەکەنێت، جەستەی رووت دەبێتەوە.

کەش و هەوای دەرەوە ساردە. جار جارە "با"یەکی توند ئاراستەی کلۆ بەفرەکان دەگۆڕێت. دەنگی سەگ نێو گوندەکە پڕ دەکات.

خورشید بەردەوام سەیریان دەکات، جەستەی ڕووتی خەجیجە لەبەر ڕووناکی فانۆسەکە دەدرەوشێتەوە.. خۆی خەریک دەکات بە لەبەرکردنی کراسەکە و خورشیدیش بیر لەوە دەکاتەوە کە لێیان بچێتە ژوورەوە و هەرچییەکی لەدەست بێت بیکات.

دەیەوێت بچێتە ژوورەوە.. بەڵام ئەمجارەیان لەبەر خۆیەوە بیردەکاتەوەو دەڵێت:

خۆ ئەگەر بچمە ژوورەوەش، هیچم بۆ ناکرێت، چونکە بێ ئیجازەی ئەوان خۆم دەکەم



هەواڵنامەی کتێب

بەژووردا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان سێ کەسن، ئەگەر بیانەوێت بایی خۆیان دەستم لێ دەوەشێنن.. نا، نا، ناچمە ژوورەوە تا فاتیمە و خەجیجە دەڕۆن، ئەوکات زولەیخا بەتەنیا دەمێنێتەوە و ئەوسا دەچمە لای.

لە پڕێکدا دەنگی عەلی شوان و بایزی باخەوان دێتە گوێی خورشیدەوە. بایزی باخەوان بانگی فاتیمە دەکات و عەلی شوانیش بانگی خەجیجە دەکات.

خورشید هەرکە دەنگیان دەبیستێت، ئیدی دەشڵەژێت و زۆر بە خێرایی پەنجەرەکە جێدەهێڵێت، ئینجا بەرەو کۆڵان هەڵدێت.

لە دوورەوە سەیری ماڵی قادری پاسەوان دەکاتەوە، کەس دیار نییە و گوێی لە هیچ دەنگێکی تر نابێت. ماوەیەک دەوەستێت.. دواتر دەگەڕێتەوە.

کاتێ دەگاتەوە لای پەنجەرەکە، کەس لەژوورەکەدا نەماوە. پاشان بە نائومێدییەوە بەشوێنەکەی خۆیدا بەرەو ماڵەوە ڕێگا دەگرێتەبەر.

بەیانییەکەی خورشید و ئەسمەری خوشکی بەتەنیا لە ماڵ دەبن، ئەویش بەهۆی ئەوەی هەریەکە لە ئەندامانی خێزانەکەیان، وەکو ڕۆژانی ئاسایی، بەرەو ئیش و کاری تایبەتی خۆیان ڕۆیشتبوون، خورشیدیش تا ئەم کات ئارەزووەکەی شەوی ڕابردووی کپ نەببۆوەو بەتەواوی هۆشی لەدەست دابوو.

دەبینێت ئەسمەری خوشکی لە حەمامەکەدا خەریکی خۆشۆرین دەبێت و بەتەواوی جەستەی ڕووتە، دوای هەندێ سەیرکردن لە کونێکی بچووکی دەرگا دارینەکەوە، دواتر ئەمە بەهەل دەزانێت و ئیدی لێی دەچێتە نێو حەمام و بەزۆر دەستدرێژی دەکاتە سەری.

دوای ئەوەی کە باوکی ئەسمەر هەست دەکات کە ئەسمەر باری دەروونی ئاسایی نییەو بەشێوەیەکی دیاریش سکی بەرز دەبێتەوە، دواتر دەزانێت کە کچێنی لەدەست داوە و سکی پڕکراوە.

ئەشکەنجەیەکی زۆری دەدەن، تا ناوی ئەو کەسەیان پێ بڵێ کە سکی پڕ کردووە. بەڵام ئەسمەر بەهیچ شێوەیەک ئەو نهێنییە نادرکێنێت و پێیان ناڵێت کە ئەو سکەی هەیەتی لە خورشیدی برایەتی.

پاشان بەم هۆیەوە لەنیوەشەوێکی باراناویدا، لە دووری گوندەکە دەیکوژن و هەر پارچەیەکیش لە تەرمەکەی لە چەندین شوێنێ دوور لە یەکتری دەخەنە ژێر گڵەوە.

ساڵانێکی زۆر تێپەڕبوون بەسەر کوژرانی ئەسمەردا، لەنیوەشەوێکی باراناویداو لەپڕێکدا خورشید ئەو ڕۆژەی دێتەوە یاد کە لەنێو حەمامەکەدا بەزۆر ئەسمەری خوشکی



هەواڵنامەی کتێب



دەکاتە ژن و سکی پڕ دەکات.

هەندێ بەنێو حەوشەکەداو لە ژێر ڕێژنەی باران خەریکی پیاسە و بیرکردنەوە لە ڕابردووی خۆی دەبێت. دواتر دەچێتە ژوورەوە.. دڵی تەنگ دەبێت. هەرچەندی دەیەوێت خۆی بە شتێکەوە سەرقاڵ بکات تا خۆی لەو بیرکردنەوە ڕزگار بکات، بەڵام ناتوانێت. بەنێو ژوورەکەدا پیاسە دەکات و جارجارە پەردەکە لادەدات و بە شڵەژانەوە سەیری نێو حەوشەکە دەکات.

دەنگی باران و سەگ دەبیستێت.. زیاتر دەچێتە نێو خەیاڵەوە. ئەو شەوەی دەکەوێتەوە بیر کە لەنێو کونی پەنجەرە تەماشای جەستەی ڕووتی زولەیخای ژنی قادری پاسەوان و خەجیجە دەکات و هەر بەم هۆیەوە بۆ بەیانییەکەی ئارەزووی شەوی بە ئەسمەر دادەمرکێنێتەوە.

بێدەنگ.. هێواش هێواش.. بە پەیژەکەدا سەردەکەوێتە نهۆمەکەی سەرەوە. بەرەو لای ژووری سۆرانی کوڕی هەنگاو دەهاوێت. لە نێو درزی پەردەی پەنجەرەکەوە تەماشای نێو ژوورەکە دەکات.

سۆران نابینێت.. دەشڵەژێت، دواتر دەچێتە ژوورەوە. هەندێ وێنەی ژنی رووت لەسەر جێگاکەی سۆران پەرت و بڵاوبوونەتەوە.


یەکێک لە وێنەکان هەڵدەگرێت، بەوردی تەماشایەکی دەکات. ژنێکی ڕووتە و لەنێو حەمامدا سەرقاڵی خۆشۆرینە. وێنەکە لە شوێنی خۆی دادەنێتەوە و دواتر وێنەیەکی دیکە هەڵدەگرێتەوە. هەندێ سەیری دەکات. وێنەی ئەڤینی کچییەتی و لەگەڵ سۆرانی کوڕیدا دەستییان لە ملی یەکتری کردووە و زەردەخەنەیەکیش لەسەر لێویاندایە.

پاشان وێنەکان یەک یەک دەدڕێنێت و دەست دەخاتە ژێر پێخەفەکەی سۆران. هێشتا گەرم بوو، بەوەدا هەست دەکات کە تازە لەژێرییەوە دەرچووە. هەندێ چاوەڕێ دەکات تا سۆران بێتەوە. بەڵام نەگەڕایەوە. بۆیە دواتر هەر بەو بێدەنگی و هێواشیەی جارانی ئەمجارەیان بەرەو لای ژوورەکەی ئەڤینی کچی هەنگاو دەهاوێت. بەهەمان شێوە لە درزی پەردەکەوە تەماشای نێو ژوورەکەی دەکات. کاتێ دەبینێت سۆران جلی لەبەردا نییەو ئەڤینیش خەریکی داکەندنی جلەکانییەتی، دەشڵەژێت و ئاو بەچاوەکانیدا دێتە خوارەوە، دواتر دەمیان دەخەنە نێو دەمێ یەکتر و دەچنە نێو پێخەفەکەوە.

نیسانی ٢٠٠٨

هەواڵنامەی کتێب

چیرۆکی وەرگێڕدراو



عەزیز نەسین

# وتی: چۆن بنووسم؟

و: خالید کاوێس قادر

هەواڵنامەی کتێب



– نامەیەکم بەدەست گەیشت... نامەکە ئاراستەی من نەکرابوو... بەڵام ئاراستەی ژمارەیەکی زۆر لە نووسەران کرابوو.. بەم شێوەیە دەستپێدەکات:

(وەک دەزانن خوێنەران سەبارەت بە نووسەران شتێکی ئەوتۆ نازانن، تەنیا نووسین و بڵاوکراوەکانیان نەبێت، بۆیە حەز دەکەن هەموو شتێ سەبارەت بە نووسەران بزانن).

ئەو کەسەی نامەکەی بۆ ناردووم، دەڵێ (وەک دەزانن).. لەڕاستیدا من ئەو شتە نازانم کە خوێنەران جگە لە چیرۆک و بڵاوکراوەکانی نووسەران

شتێکی تریان دەوێت.

با نامەکە بخوێنینەوە:

(ئەو شتەی زۆر بەلای خوێنەرانەوە مەبەستە و دەیانەوێ بیزانن، چۆن نووسەران کتێبەکانیان دەنووسنەوە و لە چ کەشوهەوایەکدا.......؟).

ئا... ئێستاکە تێگەیشتم هەندێ لەو شتانەی کە خوێنەران حەزدەکەن بیزانن... ئەمە راستە خوێنەران دەیانەوێت ئەوە بزانن... چونکە چاوەڕوانی هەڵوێستی ناسروشتی دەکەن... ئەو شتانەی لە دەرەوەی دەسەلاتن... شتە کتوپڕ و سەرسوورهێنەرەکان، بەلای کەمەوە ئەو شتەی وەک ئەوەی خۆی نووسەرەکەبێ.

با ئێستاکە بچینەوە لای نامەکە و وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە ئاراستەمان کراوە:

پرسیار:

– لە چ کەشوهەوایەکدا دەنووسن؟

وەڵام:

– ئەو کەشوهەوایە بەگوێرەی ئەو نووسینەی دەینووسمەوە دەگۆڕێت... ئەگەر سەبارەت بە مەسەلەیەکی گرنگ و جدی بێت، بە تەواوەتی دەرگا و پەنجەرەی ژوورەکەم دادەخەم و کەللە سەرێک لەسەر مێزەکەم دادەنێم..! رووناکییەک دەخەمە سەر ئەو کەللە سەرە، کە بە تەواوەتی رووناک ببێتەوە. بۆ ئەوەی بە قووڵایی ئەو بابەتەدا شۆڕ ببمەوە کە دەمەوێ بینووسمەوە، دەبێت بێدەنگیی گۆڕستان لە ژوورەکەمدا بێت، وێڕای ئەم بێدەنگییە قوولەش، پێویستە ئاوازێکی لەسەرخۆ بەبێ وەستان لە ژوورەکەم هاژەی بێت... مۆسیقای (براهمس و باخ و بیتهۆڤن) ئەو میوزیک ژەنیارانەی کە ئەوەڵی ناوەکانیان بە پیتی (ب) دەستپێدەکات، و بۆ ئەوەی وردبینیش بم لە کار و بیرکردنەوەمدا، پێویستە پلەی گەرما ژوورەکەم لە ١٦ پلە زیاتر نەبێت، هەر ئەم هۆکارانەشن وایان لێکردووم لە مانگەکانی هاویندا، خۆم لە قەرەی بابەتە جدییەکان نەدەم، ئەگەر هەر بابەتێکیشم نووسی، ئەوا بێگومان بابەتەکەم دەچێتە خانەی نووسینی تەنز ئامێزەوە.

تەنانەت بابەتگەلێک سەبارەت بە کێشە و مەسەلە نەتەوایەتییەکانیش لە هەمان کەشوهەوا دەنووسمەوە... بەڵام بۆ ئەوەی نووسینەکانم نەتەوایەتی بن... پێویستە لەسەر مێزەکەم ئارەقێکی سارد دابنێم.. لەگەڵ هەندێ بنێشت و شۆرەمەنی، هەر بابەتێکیش لێم عاسی بێت، قومێ ئارەق دەخۆمەوە و مێشکم دەچێتە ناوەڕۆکی بابەتەکەوە، و بۆ ئەوەی نووسینەکانم بگاتە ئاستی

شاکاره جیهانییەکان، کۆکتێلێکی ویسکی و ڤۆدگا دەکەم، ئەم کۆکتێلە موحتەرەمەم ناو لێناوە (کوانمیزاستان) و هەڵی دەقوڕێنم.

بۆ ئەوەی بابەتێکی ڕۆمانسییانە بنووسمەوە، دەچمە یەکێ لەو ئوتێلانەی لە ناوچە شاخاوییەکاندایە، یان ئوتێلێکی نزیک دەریا، چوونیشم بۆ ئەمجۆرە میوانخانانە بۆ بێدەنگی نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە چاودێری ئەو خەڵکانە بکەم کە لەو شوێنانە نیشتەجێن و لە کونی دەرگاوە سەرنجیان دەدەمێ، بەمەش ئامانجەکەم لە بێدەنگیدا دەپێکم... چاودێری کردنی ئێش و ئازاری کۆمەڵانی خەڵک و لە نزیکەوە ژیان لەگەڵیاندا، تووشی هەڵچوونێکی تایبەتم دەکەن، چونکە نووسەرانی ڕاستەقینە پیاوی هەڵچوون و سۆز و ئیحساسگەلەکانن، بەڵام نووسینە تەنز ئامێزەکانم، حەز دەکەم لە گەرماوەکان بیانووسمەوە، یان لە نزیک بازاڕی ئاژەڵ فرۆشان یان لەو شوێنانەی دەنگەدەنگ و غەڵبە غەڵبی زۆریان تێدایە.

زۆر جارانیش بۆ ئەوەی ئیشتیای نووسینم بکرێتەوە، دەچمە هەندێک لە تیاترۆخانەکان، یان قومار خانەکان، یان هەندێک لە قاوەخانەکان، بەواتای ئەوەی ڕۆژێک ژیانی بێ سەروبەرەیی دەژێم، ئەمەش ساڵی چەند جارێک دەکەم و ناشهێڵم کەسێک پێ بزانێ.

ڕەنگە بە شرۆڤەکردن و باسکردنی ئەم قسە پڕوپووچانە، هەندێک لە بازەڵەی (فچولی) خوێنەرانم ڕازی کردبێت، ڕەنگە ئەگەر بڵێم نووسینم بۆ نایەت تەنیا لە ئامێزی کچۆڵەیەکی قژ زەرد نەبێت.... نا.... هەرگیز... تێدەگەن کە ئەمە جگە لە درۆیەکی شاخدار زیاتر، شتێکی تر نییە و خوێنەرانیش باوەڕم پێ ناکەن، بەڵام ئەگەر یەکێکی دی بە شێوەیەکی نهێنی ئەمە بنووسێ... خوێنەران بە خەوشی دەزانن، چونکە خوێنەران بەشێوەیەکی گشتی، خولیا و باوەڕێکی وایان بە نووسەران و هەوادارانی خۆیان هەیە، یان نیمچە شێتن... یان شێتێکی تەواو، لەڕاستیشدا هەندێ لە هونەرمەندان دەیانەوێ خوێنەر بەڕێگەیەکی شێتەڵۆکانە یان جوولەی سەیر و سەمەرە بۆ لای خۆیان پەلکێش بکەن.

شاعیرێک دەناسم، کتێبخانەیەکی تایبەتی بەکرێ گرتبوو، لە ئاستێکی بەرزدا کە لە شێوەی نووسینگەی پیاوانی بازرگان دەچوو، لەسەر مێزەکەی چەند بوتڵێ مەشروبی نیوەی دانابوو، بۆ ئەوەی سەرنجی ئەو کەسانە ڕابکێشێ بۆ لای خۆی کە سەردانی دەکەن گوایە جەنابیان بەردەوام دەخواتەوە، لە کاتێکدا لە ژیانی قومێ مەشرووبی نەخواردبۆوە، بەڵام کاتێ دەرگای بۆ میوانەکان دەکردەوە، پەرداخێکی پڕ مەشرووبی بەدەستەوە دەگرت.

ئەگەر شاعیرێک بێت و بڵێ جوانترین و ناسکترین هۆنراوەم لەسەر تاوەری بیازید و لە

حاڵەتێکی دەروونیی شڵەژاو و خەمۆکیدا نووسیوەتەوە و ویستوویەتی لە بەرزایی ئەو وتاوەرەوە خۆی هەڵداتە خوارێ، بۆ ئەوەی گیان بداتە دەستەوە، بڕوا بکەن، خوێنەران زۆر گرنگی بەو شاعیرە خۆ هەڵکێشە دەدەن کە ئەم جۆرە قسە حەلەق و بەلەقانە دەنووسێتەوە.

لەو بڕوایەدام هونەرمەندانی شێوەکاری جیهانی، ئەمسالی (ڤان کوخ و گۆگان و تۆلۆس و لۆترک) تەنیا شۆرەت و ناوبانگییەکەیان هونەرەکەیان نییە، بەڵکو شێتی و سەرەڕۆییەکانیان پێش هونەرەکەیان کەوتووە.

پتر لە پەنجا هونەرمەند و شێوەکار و فەیلەسوف و ئەدیب لە جیهاندا هەن خەڵکی بە کەسانی عەقڵمەندیان پۆلێن دەکەن، هەرچەندە خەڵکی نووسینی ئەو ناودارانەیان نەخوێندۆتەوە، کەچی زانیارییان هەیە لەسەر خراپە و نەسرۆیی (شاژ) کەسایەتییەکانیان، ئەگەر ئەم نەسرۆییانەش پۆزەتیڤ بن یان نێگەتیڤ.

هەروەها برێک لە نووسەران لەلایەن خوێنەرانیانەوە، تووشی بەدواداچوونی هەڵسوکەوت و چۆنیەتی ژیان و گوزەرانیان دەبنەوە، ئەگەر ئەو نووسەرانە سەلیقە و توانای نووسینیان باشبوو، ئەوە یارمەتیدەر دەبێت بە نیشاندانی بەهاکانیان لەناو کۆمەڵدا، ئەگەر پێچەوانەش بوو، ئەوا دەبنە مایەی گاڵتەجاڕی و سووک و ریسوا دەبن.

(ئۆرهان والی) شاعیر، ریشی بەردابۆوە، هەر لەبەر ئەمە (ئەم عادەتە لەو سەردەمانە لەناو تورکیا کارێکی نائاسایی بوو، بەتایبەت لەلایەن لاوانەوە) دەتوانن بڵێن ئەم هەڵسوکەوتەی یاخی بوونی بوو دژ بە عادەت و رێوشوێنەکانی کۆمەڵگە، شەوێکیان (ئۆرهان والی) تا بەرەبەیان بیری کردەوە چی بکات بۆ ئەوەی شیعر و کتێبەکانی لەناو خەڵکدا پەخش و بڵاو بێتەوە، لەو شەوەدا میوانی هونەرمەندی وێنەکێشان (هاشمت) بوو، لە کۆتاییدا بڕیاریدا شیعرەکانی لەناو فڕۆکەوە دابارێنێ بەسەر خەڵکیدا، بەڵام چۆن ئەو فڕۆکەیە بەکرێ بگرێت؟ چۆن ئەو پارەیە پەیدا بکات؟

پاش دوو سێ رۆژان.... رۆژنامە و گۆڤارەکان بەگاڵتەجاڕییەوە باسیان لە شاعیر و دیوانە شیعرییەکەی دەکرد کە ناوی (ئەگەر ماسییەک بام لە بوتڵێ ئارەقدا) پاش ئەو گاڵتە پێکردنە... هیچ پێویستی بە فڕۆکە و داباراندنی شیعرەکانی نەبوو بەسەر ئەستەمبوڵدا، گاڵتەجاڕییەکان لەپێناوی فڕۆکەکەدا نەبوون... بەڵام کاری خۆی کرد و بەزیاترەوە... ئەگەر (ئۆرهان والی) بەڕاستی شاعیرێکی بەتوانا و راستەقینە نەبووایە، تائێستاکەش دەبووە مایەی گاڵتە پێکردنی خەڵکی، پاش ماوەیەکی کەم ئەو کەسانەی گاڵتەیان بە ئۆرهان والی دەکرد، خۆیان بوونە مایەی گاڵتەجاڕی و تانە لێدانی خەڵک.

هەوڵ دەدەم، ئالێرەدا، شتێکی کورتکراوە لەسەر ژیانی ئەم شاعیرە مەزنە بڵێم..

ئەو پایەدەری کۆت و بەندەکانی شیعری تورکی هاوچەرخی گۆڕی.

لە ساڵی ١٩١٤دا لەدایکبووە و لە ١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٥٠دا کۆچی دوایی کردووە، لە ئەستەمبوڵ لە بەشی فەلسەفە خوێندوویەتی، بەڵام تەواوی نەکردووە، لە ساڵی ١٩٣٥دا وەک فەرمانبەرێک لە دەزگای پۆستە و تەلەفۆنات لە ئەنقەرە دامەزراوە، لە ساڵی ١٩٤٥دا گۆڤاری پەڕاوی دەرکردووە، بەهۆی خوێن بەربوونی مێشکەوە کۆچی دوایی کردووە، لە گۆڤاری (فارلیق) شیعرەکانی لەگەڵ هەردوو هاوڕێی (ئۆکتای رەفعەت) و (ملەیح جەودەت) بڵاو کردۆتەوە، لە بڵاوکراوەکانی دیوانی (نامۆ و داستان)ە چەندین بەرهەمی تری هەنە، لێرەدا کۆپلەیەکی بچووکتان بۆ دەنووسمەوە لە شیعرەکانی، ئەم کورتە شیعرە ناوی (دانانە مەزنەکانە).

عادەتم نییە لەو کاتانە شیعر بنووسمەوە

کە لە خۆشەویستیدا مەلەی دەکەم

کەچی جوانترین هۆنراوەکانم

ئەو کاتانە نووسیوەتەوە کە هەستم کردووە زۆرم خۆشدەوێ

لەبەر ئەم هۆیە

ئەم شیعرەی بۆ دەخوێنمەوە، بەر لە هەر کەسێ

××××××

ئەمەش شیعرێکی تریەتی بەناوی (من ئۆرهان والی)م:

من ئۆرهان والیم

بەداخەوە....

چەند گوناهی سلێمان فەندی

بە توانای ماڵێکی ناسراو

بیستوومە دەتەوێ شتێ لەسەر ژیانی تایبەتیم بزانی

ئەمە ژیانی منە

بەر لە هەر شتێ من مرۆڤم

یانی نە ئاژەڵی سێرک.... نە شتێ لەو بابەتانە

هەواڵنامەی کتێب

لووتێک و دوو گوێم هەنە

بە تەواوەتی نا

لە ماڵێکدا دەژیم... کارم هەیە

پەڵەیەک بە روخسارمەوە نییە

خاکییش نیم وەک پاشای ئینگلتەرا

نە ئۆرەستەقراتیم وەک بەخێوکەری کەسێکی پێشووی

جەلال بایەر (سەرۆک کۆماری ئەو سەردەمەی تورکیا)

حەزم زۆر لە سپێناغە و

لە خواردنی سییش پاشەکشە ناکەم

حەزم لە پارە و ماڵ نییە

بەخودا حەزم لێ نییە

هاورێ نزیکەکانم

نووسەران رەفعەت و ملەیح جەودەتن

خۆشەویستێکی نازدارم هەیە

بەڵام ناوی نابەم

با ناوەکەی مێژوونووسی ئەدەب و مێژوو بیدۆزنەوە

بەدوای هەندێ کاری بێ ماناوەم

ئەو دانیشتنەی شتی بێ مانای تیا ناوترێ

کۆڕی ئەدەب و ئەدیبان و

هەندێ عاداتی تریش

پێویست بەڕیزبەندییان ناکات

هەموو لێکدی دەچن

ئەمە ئۆرهان والیی شاعیرە، کە عەزیز نەسین یادی دەکاتەوە

کاتێ ئەم چیرۆکەم بۆ چەند ئەدیبێکی رۆمانی لە سۆفیا گێڕایەوە، ئەم رووداوەیان بۆ گێڕامەوە،

هەواڵنامەی کتێب

وتیان شاعیرێکی لاو، کە ناوەکەیم لە یاد نەماوە، چەند دانە کتێبێکی چاپ کردبوو، هیچ گرنگییەکی پێ نەدرابوو، نە لەلایەن رەخنەگرانەوە، نە لەلایەن خوێنەرانەوە.

رۆژێکیان رۆژنامەکان بڵاویان کردەوە کە ئەم شاعیرە لاوە خۆی کوشتووە، ئەمجا رەخنەگران قۆڵیان لێ هەڵکرد و لە رۆژنامە و گۆڤارەکان کەوتنە پیاهەڵدانی ئەم شاعیرە، بەجۆرێک کە شتی وا قەت رووی نەدابوو، پاش تێپەڕبوونی سێ مانگ بەسەر ئەو رووداوەدا، یەکێک لە رەخنەگران ئەم شاعیرەمان لە یەکێک لە تیاترۆخانەکان دەبینێ، وەک ئەوەی بروسکە گرتبێتی تووشی شۆک دەبێ، دەڵێ (ئەمە مەهزەلەیە) باشە.. بۆ بەر لە مردنی شاعیران و ئەدیبان و رەخنەگران قەڵەمەکانیان لەبەرامبەر ئەو کەسانە وشک دەبێ؟ هەرچەندە ئەم شاعیرە رۆمانیە، بەهرەیەکی باشی هەبوو... جێگەی گومان و گاڵتەجاڕی نەبوو، وابزانم خوێنەران نایانەوێ بەتەواوەتی بزانن لە چ کەشوهەوایەکدا دەنووسم، ئەگەر بپرسن.... وەڵامتان دەدەمەوە... نە کەشوهەوا هەیە و نە شتێکی تر، کەشوهەوا چییە؟ هیچ نووسەرێکی تورک لە کەشوهەوایەکی راستەقینەدا دەستی بە نووسین نەکردووە.

ئێمە ناچارین لە هەر شوێنێک و لە هەر کەشوهەوایەکدا بێت بنووسینەوە، هەندێ لە دەرهێنەرانی سینەمایی، نووسەرانی سیناریۆ دەبەن بۆ ئوتێلەکان بۆ ئەوەی کەشوهەوایەکی لەباریان بۆ بخوڵقێنن، بەتایبەت ئوتێلە پێنج ئەستێرەییەکان، لەو شوێنانە پتر لە بیست رۆژ دەمێننەوە، دەخۆن و دەخۆنەوە و دەنوون و دەنووسنەوە، هەرچەندە ئەوە باش دەزانن لەو شوێنانە شتی باشتر نانووسن، بەڵام لەبەر ئەوەی پیشەسازی فلیمسازی پارە و پوولێکی زۆری لێ پەیدا دەبێت، ئایا مافی نووسەرانیش نییە لەم دونیا فانیە بۆ چەند رۆژێک کەمێک بحەسێنەوە و هەندێ پارە و پوولیان چنگ بکەوێ؟ تائێستاکە لەو جۆرە میوانخانانە فلیمێکی هونەری بەرز، کە لەو شوێنانە سیناریۆ و چیرۆکەکانی دادەڕێژرێن نەهاتۆتە بەرهەم، ئەگەر ئەم جۆرە سیناریۆیانە لە باڵەخانەی (دولمە بەقچە) بنووسرێنەوە، تۆ بڵێی لە نووسینەوەی سیناریۆی ئەو جۆرە میوانخانانە باشتر بێت؟

دەتوانم بڵێم بە شێوەیەکی گشتی، زۆربەی نووسینەکانم لە ماڵەوە دەنووسم، لە ژوورێکی پڕ لە کتێب، هەر جارێکیش کە دەست بە نووسین دەکەم، ژنەکەم دەکەوێتە قسەکردن و دەڵێ: چ نووسەرێکی تورکی هەیە وەکو تۆ ژووری تایبەتی هەبێت.....؟

هەرچەنە لێرەدا و مێشکم کون دەکا و ناچارم دەکات دەری کەمە دەرەوە، کاتێکیش دەست بە نووسین دەکەم، زەنگی ماڵەوە لێدەدات، کەمێک چاوەڕێ دەکەم ئەمە خوایە یەکێک هەستێ و

دەرگاکە بکاتەوە... بۆ ئەوەی لەو زەنگ لێدانە رزگارم بێت، هەڵدەستم و دەرگا دەکەمەوە.... یان دەرگاوانی باڵەخانەکەیە.... یان سەوزە فرۆش.. یان ئاو فرۆش و شیر فرۆش... یان خزمەتکار و سواڵکەر... یان عارەبانەگێڕ... یان نوێنەری رێکخراوە خێرخوازەکانن کە پارە کۆدەکەنەوە... هەموو جارێ بەم شێوەیە سەرقاڵ دەکرێم.... جارێکیتر دەگەرێمەوە و دەمەوێ بنووسمەوە... ئەمجا نانی بەیانی دەخۆین... دووبارە بۆ ژوورەکەم دەگەڕێمەوە.

ئەو رۆژانەی مناڵەکانم ناچن بۆ قوتابخانە... هات و هاوار دەست پێدەکات، هەوڵدەدەم سنوورێ بۆ هات و هاوارەکەیان دابنێم.

رۆژنامە فرۆشەکە دێت... تاوانکاری... ریسوایی... بێ ئابڕوویی، ئەو رۆژنامەیە دەخوێنمەوە کە ئەم شتانەی تێدایە... مێشکم دەورووژێ... جارێکی دی هەوڵی نووسینەوە دەدەم... کەسێک دێ... یان چەند کەسێ..... دەیانناسم و نایانناسم... رەنگە بۆ وەرگرتنەوەی قەرزێ هاتبن لە مێژە فەرامۆشمان کردووە.... یان بۆ راوێژکردن لەسەر چەند مەسەلەیەک، دەیانەوێ چارەسەری کێشەکانیان بدۆزمەوە، لە کاتێکدا شوێنێ یان دەزگایەکم دەست ناکەوێ کتێبەکانمی تیادا لە چاپ بدەم، کەچی داوام لێدەکەن یارمەتییان بدەم بۆ لە چاپدانی کتێبەکانیان، یان هەندێ جاران داوام لێدەکەن گوێ لە خوێندنەوەی هەڵبەست و چیرۆکەکانیان بگرم، بێگومان هەندێک جارانیش کەسێک دێت بە پارە دڵسۆزیی خۆیم بۆ بنوێنێ، یان خزمەتێکم بکات.

زۆر جاران نانی نیوەڕوان بەتەنیا خۆم ئامادەی دەکەم و خۆشم تەواوی دەکەم، چونکە ماڵەوە هەر یەک بە ئارەزووی خۆی جرتەی لێدەکا و لە ماڵ دەردەچێ، پاش نیوەڕوانیش هەندێک کەس و ناسیاو سەردانیم دەکەن، رەنگە ناوەکانیشیان هەر نەزانم و دەڵێن:(پێ دەچێ لە نووسینەوە دابی)، وەک ئەوەی من کارێکی تر پیشەم بێ، ئەمجا دەڵێن ( لە ئیشەکەتمان کرد)، خۆیان ئەو شتە چاک دەزانن و بە سەعاتیش ئێخەم بەرنادەن، پاشان لە کۆڵم دەبنەوە.

جارێکی تر زەنگی ماڵەوە لێدەدات... هات و هاوار و گەڕەلاوژە دەست پێدەکات... بەخێرهاتن و ماڵئاوایی دەکەین.. ئەمە حاڵمە تا نیوەشەوێ، یان زێتر... کەمێک دەحەسێمەوە... هیچ شتێ مێشکم ئاڵۆز ناکاتەوە.. کش و ماتییەک باڵی بەسەر شوێنەکەدا دەگریت، لە شوێنەکەی خۆم راست دەبمەوە و پەرداخێ چای بۆ خۆم لێدەنێم و لە گۆشەیەکی ماڵەکە رادەکشێم، ئەو ژوورەی خێزانەکەم پێی دەڵێ: ژوورێک هیچ نووسەرێکی تورک وەک ئەوەی نییە.

پاشان دەکەومە کارکردن.. کاتژمێر دوو... سێ... کات بەخێرایی تێدەپەرێ... ئەمجا خەون تەنگاوم دەکات.

ئا بەم شێوەیە... ئەگەر فرستەم بۆ ڕێک بکەوێ... دەتوانم بنووسم.

پرسیار:

– چۆن دەنووسن؟

وەڵام:

– خوێنەران بازەڵە (فچول)یان هەیە... بۆ بیستنی وەڵامی ئەم پرسیارە، پێیان دەڵێم: خۆم رووت دەکەمەوە، خودا چۆنی دروست کردم... لەم حاڵەتەدا من دەنووسم... رووتی تەواو... وا بزانم ئەمە ڕێگەیەکی باشە.... وا نییە؟

وەک سەرجەم نووسەرە بەناوبانگەکان... نانووسم... کە بە ژوورەکەمدا دەخولێمەوە... پێیەکانم دەخەمە ئاوی گەرمەوە... یان دەنووسم کاتێ نووستووم... یان راکشاوم... کاتێ دەنووسم لەسەر سەر وەستاوم... یان دەنووسم و پێیەکانم لە ملم گیر کردووە.. خوێن دەموروژێنێ... لەبەر ئەوەی خوێنی مرۆڤ ناخۆم.. خوێنی ئەو کەروێشکە دەخۆم کە لە سەلاجەکەم دامناوە... ناتوانم بنووسمەوە گەر ئەو خوێنە نەخۆمەوە.. ئەگەر پەرداخێ لەو خوێنە هەڵنەقوڕێنم.. مێشکم کار ناکات و نووسینم بۆ نایە..

ئەگەر کارەکان بەم شێوەیە بن... خوێنەران تووشی سەرسوورمان دەبن.... کەچی من نووسینەکانم وەک هەر نووسەرێکی ئاساییم دەنووسمەوە... کە ژیانێکی ئاسایی دەژێت، نایەتەوە یادم بە شێوەیەکی نائاساییم نووسیبێتنەوە..

کاغەزەکەم لە بەردەمم دادەنێم... پێنووسەکەم دەگرمە دەستمەوە و دەنووسمەوە. پتر لە دەساڵێک دەبێ، دەستی راستم پەکی کەوتووە... لەبەر نووسینەوەی زۆر.. گەرچی دەتوانم بە هەموو ئیش و کارەکانم هەستم بەدەستی راستم... بەڵام لە کاتی چاپکردن لەسەر ئامێری نووسین، هەست بە گرانییەک دەکەم.

رەنگە خوێنەران زیاتر سەریان سوورِ بمێنێ کاتێ دەڵێم... من چوار مشقی لەسەر کورسییەکەم دادەنیشم کاتێ دەنووسمەوە... چونکە ئەمە عادەتێکی لە مێژینەمە... من لە منداڵیمەوە ئەمە ئەتوارمە، لەو ماڵە هەژار و کەمدەرامەتەی تێیدا پەروەردە بووم وابزانم مل کورتییەکەم هۆکارێکی ئەم جۆرە دانیشتنەم بێ، و لەبەر ئەوەی ناتوانم قاچی راستم بەجوانی راکێشم... بۆیە دەیخەمە ژێر خۆمەوە و ئاوا دادەنیشم،.... بەڵێ..... رەنگە لەم هەڵسوکەوتانەشم سەرتان سوورِ بمێنێ.

پرسیار:

– چۆن خۆتان بۆ نووسین ئامادە دەکەن؟

وەڵام:

– تەماشاکەن.... ئەمە زۆر گرنگە... بەر لەوەی دەست بە نووسین بکەم... هەست بە خەمۆکی و دڵەڕاوکێیەکی زۆر دەکەم... لە ماڵەوە هات و هاواریان بەسەردا دەکەم... لە تووڕەییان خۆم بە زەویدا دەدەم... نینۆکەکانم دەگەزم؟؟؟؟. تەنیا نینۆکەکانم نا... پێنووسەکەم... ڕەش کەرەوەکەم دەگەزم... هەندێک جارانیش چیم بکەوێتە بەردەست دەیشکێنم و هەلاهەلای دەکەم.. ئەگەر تا ئەو حاڵەتەم بەسەر هات.. لە ماڵەوە هەموو هاوار دەکەن:(بێدەنگ.... ئیلهامی بۆ هات... هێمن بن) پاشان بێدەنگی و کشوماتییەک سەرتاپای ماڵەکە دەکرێتەوە.

بڕۆ بابە بڕۆ... ئەم شتانەت لە کوێیوە هێنا؟... لەکوێ..؟ ئێژن ئەو هونەرمەندانەی کە شاکاری نایاب و دەگمەن دەکەن.... ئەمە حاڵیانە.... قسەی قۆڕ.

دەزانن خەفەت لەچی دەخۆم؟ ناز بەسەر ماڵەوە بکەم... تەنانەت ئەگەر بەشێوەیەکی سووکیش بێت... وا نیشان دەدەم لە شتێ تووڕە بوومە.. هەندێ هەڵسوکەوتی سەیر دەکەم... بۆ ئەوەی ماڵەوە پێنج خولەکێ تەحەمولم بکەن... بەڵام هەیهات؟؟... هەموو جارێ کارەکەم بەپێچەوانەوە دەشکێتەوە... هەر کاتێ دادەنیشم بۆ ئەوەی بابەتێ گرنگ بنووسمەوە... کێشە و گرفت دروست دەبێ... هەر کامێکیان دەگرم و دەمەوێ نازی بەسەردا بکەم... کەچی ئەوان نازم بەسەردا دەکەن.

پرسیار:

– ئایا بابەت خۆی دەتدۆزێتەوە... یان خۆت بەدوایدا دەگەڕێی؟

وەڵام:

– خوێنەرە فزوڵییەکان.. تۆ بڵێی چۆن چاوەڕوانی ئەم وەڵامە بکەن؟ ئەگەر بڵێم بابەت خۆی دێت و دەرگا دەکاتەوە و دەڵێ:(ئەوا هاتم) تۆ بڵێی ئەم قسەیەیان بەدڵ بێ؟ یان پێیان بڵێم: من لە دەشت و چۆڵەوانی دەخولێمەوە... وەک دەروێشە گەمژەکان.. بەدوای بابەتێ تایبەت بگەڕێم؟ ئەمە راستە.. ڕەنگە هەردووک ڕوو بدەن... بەسەدان بابەت و بگرە بەهەزاران لەسەر ڕەفی کتێبخانەکەم کەڵەکە بوونە.... ئەگەر بۆ سەدانساڵیش کاریان لەسەر بکەم، هەرگیز ناتوانم تەواویان بکەم... گەورەترین تازیەی نووسەران ئەوەیە کە نووسینەکانیان بمێنێتەوە.... یان بێکاربن... یان نیوەچڵ نووسینەکانیان بمێنێتەوە... چونکە جگە لە خۆی کەسێکدی ناتوانێ

تەواویان بکات. من ئەو بابەتانە نانووسمەوە کە خۆیان دێن... و ئەو بابەتانەش کە بەدوایاندا دەگەڕێم و دەیاندۆزمەوە... چونکە کارکردن پەیوەستە بەکات و بەو پارەیەی چنگت دەکەوێ.... من ئاوا کاردەکەم.. لەبەردەم مێزەکەم دادەنیشم و بیر دەکەمەوە چۆن زۆرترین پارە و پوول پەیدا بکەم، بۆ ئەوەی لە ناخۆشترین هەلومەرجی ژیان بەشی پێداویستییەکانم بکات..

پرسیار:

– ئایا نووسەر خۆی کەشوهەوای نووسین دروست دەکات، یان چاوەڕوانی ئەو کەشوهەوایە دەبێت، کە لەگەڵیدا بگونجێ؟

وەڵام:

– چاوەڕوانی هەڵاتنی مانگ دەکەم لە شەوێدا .. بۆ ئەوەی بنووسمەوە.. چونکە دڕندەکان لەم کات و ساتە مردووانەی شەوێ بێدار دەبنەوە... ئەوانەش کە لەو چرکە ساتەدا دەمبینن، دەڵێن ڕەنگ و روخسارت گۆڕاوە... تەنانەت دەستەکانیشم دەبن بە چڕنۆک.. بەواتای مرۆڤ بە ڕۆژەوە بە مرۆڤی دەمێنێتەوە، بەڵام لە شەودا دەبێت بە دڕندەیەک. هەر نووسەرێکی تورکیش، لە هەڵبژاردنی زەمەنی نووسین ئازادە ، لای من شەو و ڕۆژ هیچ جیاوازییەکیان نییە، کاتێ وادەی نووسین دێت، من دەست بە نووسین دەکەم.

پرسیار

– کاتی دەرکەوتنی کار... یان شوێنەوار... وەک لەدایکبوون بێت... ئێوە لە کاتی ئەو ژانگرتن و لەدایک بوونە چی دەکەن؟

وەڵام:

– کەس نازانێ... هەندێ جاران... لە کاتژمێر نۆدا ئەو لەدایکبوونە دەبێت... هەندێ جاران منداڵەکە لەبار دەچێت، کاتێ ڕووناکایی دەبینێ، یان بەپەلە دەردەچێ.. دەبینی کە نەزۆکم.. ناتوانم منداڵم بێت... ئەم ناولێنانانە بەدرێژایی ژیانم حەزم لێنەکردوون، ئەگەر دەتانەوێ دەرکەوتنی کتێبێ بەر لەدایکبوون ناوزەد بکەن... بەلام کاتێ لە هەلومەرجێکی دژواردا ژانگرتن بێت... پێویستە ئەو لەدایکبوونە بێت، بتەوێ یان نەتەوێ.. پێداویستییە دژوارەکانی ڕۆژانەی ژیان وا لە مرۆڤ دەکەن بەناچاری ئەو لەدایکبوونە ببێت... تەنانەت هەندێ جاران وا دەکەن هێلکە بکەیت.

**سەرچاوە: کتێبی (الا یوجد حمیر فی بلدکم؟)**



ئانتۆنی گیدێنز

شیکاگۆ

# قوتابخانەی شیکاگۆ

و. لە فارسییەوە: هیوا. محەمەدپوور

هەواڵنامەی کتێب



تاقمێک لە نووسەرانی پێوەندیدار بە زانکۆی شیکاگۆوە لە دەیەی ١٩٢٠ ڕا تا دەیەی ١٩٤٠، بە تایبەت ڕۆبێرت پارک، ئێرنست بێرجێس و لویس وێرت چەمک و ئەندێشەگەلێکیان خوڵقاند کە بۆ ساڵانێکی زۆر بوونە بناغەی سەرەکی تیۆری و لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵناسی شاردا. دوو چەمک کە بە هۆی قوتابخانە شیکاگۆوە هاتنە ئاراوە شایانی گرنگی پێدان و سەرنجی تایبەتین.

یەکێک لەم چەمکانە، "سەرنجی ئیکۆلۆژی" ڕاڤەی شارە و ئەویتریش دیاریکردنی "شارنشینی" یە وەک شێوازێکی ژیان کە بەهۆی وێرتەوە هاتە کایەوە.

ئیکۆلۆژی شاری:

ئیکۆلۆژی دەستەواژەیەکە لە یەکێک لە زانستە سروشتییەکان وەرگیراوە: دیراسەی هاوتەریبی بوونەوەرانی ڕووەکی و گیانلەبەران دەکات لەتەک ژینگەکەیاندا. لە سروشتدا، گیانلەبەران زۆرتر بە جۆرێکی هاوئاهەنگ بەسەر زەویدا بڵاوبونەتەوە.

بە جۆرێک کە هاوتەریبی و بالانسێک لە نێوان جۆرە جیاوازەکاندا دەخولقێت. **قوتابخانەی شیکاگۆ پێی وابوو کە جێگیربوونی نشینگە گەورەکانی شاریی و بڵاوبونەوەی جۆرە جیاوازەکانی گەڕەکەکان لەو شارانەدا دەتوانێ لەسەر بناغەی بنەماگەلێکی وێکچوودا هەستی پێبکرێت.**

شارەکان لە کتوپڕ گەشەناکەن، بەڵکولە ئەنجامی دژکردەوە بەرامبەر تایبەتمەندییەکانی سازگاری ژینگە گەشە دەکەن. بۆ وێنە، ناوچە گەورە شارییەکان لە کۆمەڵگا ئەمرییەکاندا زۆرتر لە درێژەی کەناری ڕووبارەکان، لە دەشتە بەپیتەکاندا یان لە چواڕییانی ڕێگا بازرگانییەکان، یان هێڵەکانی شەمەندەفەر سەرهەڵدەدەن. بە گوێرەی تیۆری پارک لەگەڵ شار دروستکرا، پێدەچێ میکانیزمێکی گەورەی بژارکاربێت کە....بە جۆرێکی بەری لە هەڵە کەسانێک کە بۆ ژیان، لە ناوچەیەکی تایبەت یان ژینگەیەکی شازو ناوازەدا لە هەمووان باشترن لە نێوان دانیشتواندا گوڵبژێردەکات.

هەواڵنامەی کتێب

شارەکان لە ڕێگای پرۆسەکانی رکابەری، هێرش، و جێنشینی کە هەموو ئەوانە لە ئیکۆلۆژی بایۆلۆژیکیدا ڕوودەدەن- بە شێوەی ناوچەی سروشتی ڕێکدەخرێ و دەوڵەمەند دەبن.

ئەگەر سەیری دۆخی ئیکۆلۆژی دەریاچەیەک لە ژینگەی سروشتیدا بکەین تێدەگەین کە رکابەری نێوان جۆرە جیاوازەکانی ماسی، بوونەوەر و تێکڕای گیانلەبەران وەک میکانیزمێک لە ئاراستەی گشتی بە بڵاوبوونەوەی جوگرافیایی کەم تا کورت قایم لە نێوانیاندا. ئیش دەکات. ئەگەر کوو جۆرەکانی نوێ هێرش بکەن، واتە هەوڵبدەن دەریاچەکە بکەنە هی خۆیان، ئەم هاوسەنگییە تێکدەچێ. هەندێک لەو بوونەوەرانەی کە لە ناوەندی دەریاچەکەدا زاووزێی زۆریان بووە بەرەو دەرێ ڕادەدرێن تاکو لە کەنارەکانیدا ژیانێکی

مـەترسـیـدارتریان هـەبێت جـۆرە هێـرش کـەرەکـان لە بەشـە ناوەندییـەکـاندا جـێی ئەوان دەگرنەوە.

سیمبولەکانی جێگیری، جوڵەو گیرسانەوەی دووپاتە لە شارەکان، بە گوێرەی ڕوانگەی ئیکۆلۆژی، فۆرمێکی لێکچویان هەیە. گەڕەکە جیاوازەکان لە پرۆسـەی "هەوڵی دانیشـتوان بۆ ڕاهێنانی خۆیان لەگەڵ بارودۆخی گۆڕاودا بۆ دابینکردنی بژێو" دێنە گۆڕێ.

**دەتوانرێ شـارێک وەک نەخـشـەی ناوچەگـەلێکی خـاوەن تـایبـەتمەندی دیاریکراو و جیاوازی کۆمـەڵایەتی وێنا بکرێ.** لە قۆنـاغە سەرەتاییەکانی گەشەی شارە ئەمڕۆییەکاندا پیشەسازییەکان لە شوێنە باشـەکاندا بۆ کەرەسـتەی خـاوی پێویست، لە نزیک هێڵەکانی دابینکاری کۆدەبنەوە. ئاپۆڕەی خـەڵک لە دەوری ئەو گەڕەکـانە کۆدەبنەوە و وردە وردە کە ڕێژەی دانیشتوانی شار زیاد دەکات، زیاتر لە پێشوو فرەچەشن دەبێتەوە.

هاوتەریب لەگەڵ ئەوە کەرەستەی ئاسایش و خۆشگوزەرانی کە بەو شێوەیە دێنە گۆڕێ سـەرنجڕاکێشـتر دەبن، وە رکابـەری فرەتر بۆ وزە دەست هێنانیـان دروست دەبێت. نرخی زەوی و زەریبـەی مـڵک و مـاڵ زیاد دەکـات و درێژەی ژیان لە گـەڕەکـە ناوەندییـەکـان گران دەکات، مـەگـەر لە بارودۆخی گرانی گەڕەکە قـەرەباڵغـەکان یان بینا کـۆن و ڕمـاوەکـان کە کرێکەیان لە خوارێیە.

**سـەنتـەری شـار بە هۆی ڕێکخراوە بازرگـانی و خـۆشگوزەرانییـەکـان قـەرەباڵغ دەبێت و دانیشـتـوانی دەوڵەمـەندتر بەرەو لاپاڵی شلرەکان کە تازە( لە قـەراغ شـار) دروست کراون ماڵ دەگوازنەوە.**

ئەم پرۆسـەیە شـوێن کـەوتووی هێـڵـەکـانی هاتووچۆیە، لەبەر ئەوەی ئەو هـێـڵانە کـاتی خایـەنراو بۆ گەیشتن بە شـوێنی کار دەگەێننە لانی کەم: گەڕەکەکانی نێوان ئەم هێڵانە بە شێوەیەکی ئارامتر گەورەدەبنەوە.

فۆرمگیری دروسـتبوونی شارەکان دەتوانرێ وەک بازنەگەلێکی هاوناوەند (متحد المرکز) وێنا بکرێ کە بەسـەر چەند بەشـێکدا دابەش بوون. لە ناوەندداء ناوچـە (ناو– شـار)ییـەکـان هەن، تێکەڵاوێک لە لێـشـاوی بیناگـەورە تیـجـارییـەکـان و مـاڵە تایبـەتیـە کـۆن و ڕوو لە ڕمانەکان. لە سەروو ئەم ناوچانە گەڕەکە کۆنەکان هەن کە شـوێنی دانیشتـنی کرێکاران و چینی ژێر دەست و کاسبکارە داییمیەکانن. لە کۆتایدا دوورتر لەوێ گەڕەک هەن کە زیاتر

شوێنی ژیانی گروپە تێر و دەوڵەمەندەکانن. پرۆسەکانی هێرشکاری و جێنشینی لەناو بەشەکانی بازنە هاوناوەندەکاندا ڕوودەدەن. بەو شێوەیە لە حاڵێکدا کە ملک و زەوی لە ناوچەیەکی ناوەندی یان نزیک ناوەند ڕووە و نوشست دەڕوا، لەوانەیە گروپە کەمینەکان هێرش بەرەو ئەوێندەرێ دەست پێبکەن.

لەگەڵ دەستپێکی ئەو هێرشانەدا، زۆربەی ئەو دانیشتوانەی کە لە زووە وە لەوێ دەژیان کۆچ دەکەن و کۆڕەو بەرە و گەڕەکەکانی تر یان بەرە و "قەراغ شار" دەست پێدەکا.

ئەگەرچی بۆ ماوەیەک تێرمی "ئێکۆلۆژی شاری" بەهاکانی لە دەستدا، بەڵام پاشان ژیاوە و لە نوسینەکانی بەشێک لە نووسەران، بەتایبەت " ئیمۆس هاوڵی"دا بە کامڵبوون گەیشت.

هاوڵی لە بری ئەوەی وەک نووسەرانی پێش خۆی، سەرنجی خۆی بداتە ڕکابەری بۆ سەرچاوە دەگمەنەکان پێداگری لە سەر پشت بەستوویی دوولایەنەی ناوچە جیاوازەکانی شار دەکات. جیاوازبوون١ _ تایبەتبوونەوەی گروپەکان و ئەرکە پیشەییەکانیان- جۆری ڕاستەقینەی سازانی مرۆڤەکانە لە تەک ژینگەکەیاندا. ئەو گروپەی کە گروپە فرەچەشنەکانی تر پێوەیبەستراون ڕۆڵێکی زاڵی دەبێت، وە ئەمە زیاتر لە هەڵکەوتەی ناوەندیی جوگرافیایەکەیدا ڕەنگدەداتەوە.

بۆ وێنە گرووپە تیجارییەکانی وەک بانکە گەورەکان یان کۆمپانیاکانی بیمە، خزمەتگوزاری گرینگ لە بۆ زۆربەی خەڵکی لە کۆمەڵگادا ئەنجام دەدەن و لە ئاکامدا زۆرتر دەبێ لە ناوچە ناوەندییەکانی نشینگاکاندا دەست کەون. بەڵام بە وتەی هاوڵی ناوچەگەلێک کە لە شوێنە ناوەندییەکاندا دروست دەبن، نەک هەر لە ژێر گاریگەری شوێندا، بەڵکو لە پێوەندی لەگەڵ کاتیشدا سەرهەڵدەدەن. بۆ وێنە سەروەری ڕێکخراوە تیجارییەکان، نە تەنیا لە سیمبوڵکانی بەکارهێنانی زەویدا بەڵکو لە ڕیتمی چالاکییەکانی ژیانی ڕۆژانەشدا ڕاڤە دەکرێ- کە نمونەیەکیان ساتەکانی قەرەباڵغییە. نەزمی کات لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا زنجیرەی پەیوەندی گەڕەکەکانی شار دەبریسکێنێتەوە.

دیراسەی ئیکۆلۆژی ئەوەندەی وەک ڕوانگەیەکی تیۆریک بە نرخە، لە ڕووی ئەو یارمەتییەی کە بە پێشڤەچوونی لێکۆڵینەوە ئەزمونییەکانیشی داوە گرینگی هەبووە. پاڵنەری زۆربەی خوێندنەوەکان دەربارەی شار بەگشتی و دیراسە دەربارەی گەڕەکە تایبەتییەکانی شار، بیری ئیکۆلۆژی بووە کە بۆ وێنە پرژاونەتە سەر پرۆسەکانی "هێرش"

و"جێنشینی". بەڵام بێگومان دەتوانرێ ڕەخنەی زۆریان لێ بگیرێ. روانگەی ئیکۆلۆژی بە عام کەمتر سەرنج دەداتە فۆرم و پرۆگرام دانانی ئاگامەندانە لە رێکخستنی شاردا و گەشەی شاری وەک پرۆسەیەکی "سروشتی" ڕەچاو دەگرێ. مۆدێلەکانی ڕێکخراوی فەزایی کە بەهۆی پارک و بێرجیس و هاوکارەکانیان هاتە ئاراوە هەڵقولاوی ئەزمونی ئەمریکایی بوون و جگە لە هەندێ لە شارەکانی ئەمریکا لەسەر شارەکانی تر بەراورد ناکرێ، چ جای زۆربەی شارەکانی ئەوروپا، ژاپۆن و ئەوروپای ڕۆژهەڵات یان جیهانی سێیەم.

شارنشینی وەک شێوازێکی ژیان:

تیۆری وێرت دەربارەی شارنشینی وەک شێوازێکی ژیان زیاتر لەوەی سەرنج بداتە"جیاوازی ناوەکی" شارەکان سەرنج دەداتە ئەوەی شارنشینی وەک فۆرمێک لە ژیانی کۆمەڵایەتی دا چییە؟ وێرت دەڵێ:

"ڕێژەی گشت ئەوانەی لە شارەکان دەژین، ئاستی " شاری" بوونی جیهانی هاوچەرخ بە شێوەی وورد و تەواو ناپێوێ. ئەو کاریگەرییانەی شارەکان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤی دادەنێن زیاتر لەوەیە کە ڕێژەی دانیشتوانی شار دەریدەخات، چونکە شار نەک هەربەشێوەیەکی ڕوو لە زیادبوو نشینگە و کارگەی مرۆڤی ئەمرۆییە، بەڵکو ناوەندی داهێنان و چاودێری لەسەر ژیانی ئابووری، سیاسی و کولتووری یە کە دوورترین کۆمەڵگاکانی جیهانی وەدووی هێڵی خۆی داوە و ناوچە جیاجیاکان، نەتەوە و چالاکییە جیاوازەکانی وەک جیهانێکی " بوون " تێک تەنیوە".

وێرت باس دەکات کە لە شارەکان خەڵکێکی زۆر لەپاڵ یەکدا دەژین، بێ ئەوەی زۆربەی تاکەکانی تر بناسن – وە ئەمە جیاوازی سەرەکییە لەگەڵ گوندە بچووکە قەدیمییەکان. زۆربەی پەیوەندییەکان لە نێوان دانیشتوانی شاردا کاتی و ئەستەمە و زیاتر ئامرازێکن بۆ ئامانجەکانی تر تا ئەوەی لە خۆیاندا دڵخۆشکەر بن. کردەوەی دوولایەنەو کارلێک لەتەک کارمەندانی فرۆشیار لە فرۆشگاکان، سندوقداری بانکەکان و ڕێبواران یان چاودێرانی بلیت لە شەمەندەفەردا تێکەڵ بوونێکی کاتییە کە چوونەتە ناویانەوە– نەک لەبەر خۆیان، بەڵکو وەک ئامرازێک وان بۆ ئامانجەکانی تر.

بەو پێیەی کە ئەو کەسانەی وا لە ناوچە شارییەکاندا دەژین زیاتر جوڵەیان هەیە، پەیوەندی لاوازیش لە نێوانیاندا هەیە. خەڵک هەموو ڕۆژێ لە چالاکی و بارودۆخی

جۆراوجۆردا تووشی یەک دێن- ڕیتمی ژیان خێراترە لە ناوچە گوندییەکان. ڕکابەری بەسەر هاریکاریدا زاڵە. وێرت بڕوای وایە کە ئاڵۆزی ژیانی کۆمەڵایەتی لە شارەکاندا دەبێتە هۆی دروست بوونی ئەو گەڕەکانەی کە خاوەن تایبەتمەندی هاوبەشن وە ڕەنگە هەندێکیان تایبەتمەندی کۆمەڵگە بچوکەکان راگرن. بۆ وێنە لە ناوەچە کوچەر نشینەکاندا١،هەموو جۆرە پەیوەندی ترادسیۆنال لە نێوان خێزانەکاندا دەبینری و زۆربەی خەڵک، خەڵکانی تر بە بنەمای پەیوەند خودییەکان دەزانن. بەڵام هەرچەندی ئەو ناوچانە پتر تێکەڵی نموونە فراوانترەکانی ژیانی شار دەبن، ئەم تایبەتمەندیانە کەمتر دەبێتەوە.

ئەندێشەکانی وێرت، ئەوجۆرەی شایانە بە فراوانی بڵاوبوونەوە. نمونەی زاڵبونی پەیوەندی ناتایبەت و ڕەسمی لە شارەکان و خەمساردی دانیشتوان بەرامبەر یەکدی و پێکەوە ماندوونەبوونیان گەلێ زۆرە. یەکێک لەم نموونانە چیرۆکی شەرمەزارکەری کوژرانی "کاتریەن جێنۆڤێز" بوو لە ١٣ ی مارسی ١٩٦٤ دا لە نیویۆرک. جێنۆڤێز لە کۆتایەکانی شەودا بەرەو ئاپارتمانەکەی(ماڵەکەی) خۆی لە بەشی دەوڵەمەندنشین و سەرسەوزی کۆئینز٣، دەگەڕایەوە. ئەو لە درێژای ڕێدا لە سێ جاراندا کەوتە بەر هێرش. هێرشی سێهەم کە لە کرایدۆری ماڵەکەیدا ئەنجام درا بوو بە هۆی کوژرانی ئەو.

ناراستەوخۆبوونی ژیانی شاری لە بێمەوبالاتی ئاشکرای بینەراندا دەردەکەوێ. بەگشتی سی و هەشت کەس لەشارۆمەندانی بە ئابڕوو، ئاگایان لە هێرشێکیان ببوو، بەڵام تەنانەت یەک کەسیش نەهاتە یارمەتی جینۆڤێز یان تەنانەت پۆلیسیشی ئاگادار نەکردەوە.

سەردێری یەکێک لە ڕۆژنامەکان ڕایگەیاند کە "شار" هاوڕێیانی کاتریەن جینۆڤێزی دزیوە، (Latane& Darley 1970 ). بەڵام بە دڵنیاییەوە برادەری بووە. ئەو کاتەی پێویستی پێیان بوو لە کوێ بوون؟ بە لەبەرچاوگرتنی واتای دوور و لاپاڵ بوونی ژیان لە شارە گەورەکان، ئەوان بێگومان لە ماڵەکانیاندا لە شوێنێکی تر بوون – لە مەنهەتەن، لانگ ئایلەند یان برۆکلین – و بێ خەبەر لە گەرفتاری ئەو. ناتایبەت بوونی زۆرێک لە پەیوەندییەکانی ڕۆژانە لە شارە ئەمرۆییەکاندا حاشا هەڵنەگرە – و تارادەیەک ئەم بابەتە لەبارەی ژیانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگا ئەمرۆییەکاندا بە گشتی ڕاستە. تیۆری وێرت لە ڕووی ناسینی ئەوەیکە، شارگەرایی تەنیا لایەنێک لە کۆمەڵگە نییە، بەڵکو باسی چییەتی سیستەمی کۆمەڵایەتی گشتگیرتری کردووە و دەیخاتە ژێر کاریگەری، شایانی گرنگی پێدانە. بوارە جیاجیاکانی شێوازی ژیانی شاری بریسکانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی لە گشت

کۆمەڵگا ئەمرۆییەکانە و تەنیا تایبەت نییە بە چالاکییەکانی ئەو کەسانەی کە بە هەڵکەوت لە شارە گەورەکان دەژین. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، ئەندێشەکانی وێرت بەربەستگەلی ئاشکرایان هەیە. تیۆرییەکەی وێرت، وەک ڕوانگەی ئیکلۆژی کە خاڵی هاوبەشی زۆری لەگەڵ ئەو هەن، لە بنەڕەتدا پشت بەستووە بە چاودێری لە شارە ئەمریکایەکاندا کە لە هەمان کاتدا لە هەموو شوێنێک بە شارنشینی گشتێنراوە. شارنشینی لە هەموو شوێن و ساتێکدا وێکچوو نییە. بۆ نموونە هەروەک ووترا شارە کۆنەکان لە زۆربەی ڕووەوە لە تەک شارە ئەمرۆییەکاندا تەواو جیاواز بوون. ژیان بۆ زۆربەی خەڵک لە شارە سەرەتاییەکاندا زۆر نامۆتر و ناتایبەتر نەبوون لە ژیانی ئەو کەسانەی لە کۆمەڵگا گوندییەکاندا دەژیان. وێرت دەربارەی ناتایبەتبوونی شارە ئەمرۆییەکانیش زیادەڕۆی دەکات.

پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە دابینکەری پێوەندی برادەرایەتی یان خزمایەتییەکانن لە کۆمەڵگا شارییە ئەمرۆییەکاندا یەکانگیرترە لەوەی کە ئەو پێی وایە. ئێڤێرت هیوز، یەکێک لە هاوکارانی وێرت لە زانکۆی شیکاگۆ، دەربارەی هاوکارەکەی دەنوسێ: لویس عادەتی بوو هەموو ئەو شتانە دەربارەی ئەوەی شار چلۆن ناڕاستەوخۆیە بدرکێنێ - لە حاڵێکدا لەگەڵ گروپێکی گەورەی خزم و برادەران لەسەر بناغەی پەیوەندی تەواو تایبەت و ڕاستەوخۆ دەژیا (kasarda& janowitiz,1974 ).

گروپ گەلێک وەک ئەوانەی هێربەرت گانز پێی دەوتن "دێهاتیە شارییەکان" لە شارە ئەمرۆییەکاندا زۆرن و "دێهاتییە شارنشینەکان" ی مەبەستی ئەو، ئەمرکاییە بە ڕەگەز ئیتاڵییەکانن کە لە گەڕەکێکی ناو شاری بۆستۆن دەژین. ئەو جۆرە"ناوچە سپی ڕەگەزەکانە"، پێدەچێ لە شارە ئەمریکاییەکان کەم بایەختر بن لە ڕابردوو، بەڵام ئەوان خەریکی جێنشینی بوون لەگەڵ کۆمەڵگە ناو - شارییەکان کە بریتین لە کۆچەرە تازەکان.

لەوە گرینگتر، پێدەچێ ئەو گەڕەکانەی کە پێوەندی نزیکی خزمایەتی و تایبەت تیایاندا باوە زۆرتر بەشێوەیەکی چالاک بە هۆی ژیانی شارییەوە دروست بن، ئەوان تەنیا ئاسەواری شێوازێکی ژیانی ڕابردوو نین کە بۆ ماوەیەک لە شاردا، دەمێننەوە.

کلۆد فیشێر لەبری ئەوەی کە بێ شارگەرایی "قەبارە گەورە" بە کردەوە لە جێی ئەوەی هەرتاکێک لەناو "جەماوەرێکی بێ ناونیشان" دا نوقم بکات، هۆگری بڵاوکردنەوەی وورده کولتورە جۆراو جۆرەکانە، ڕاڤەیەک دەخاتە دەست. ئەو دەڵێ ئەو کەسانەی لە شاردا دەژین، دەتوانن لەگەڵ ئەوانەی وا بنەما یان هیوای وێکچویان هەیە بۆ دروستکردنی

پەیوەندی لۆکاڵی هاوکاری بکەن، وە دەشتوانن پەیوەندی بە گروپە ئاینی، قەومی و سیاسی یەکان و وورده کولتورەکانی تر بکەن. شارێکی بچوک یان گوند ڕێگای سەرهەڵدانی فرەچەشنیەکی وورده کولتوری ئاوا نادا fischer,1975,1984 . بۆ وێنە ئەو کەسانەی لە شاردا کۆبوونەوە نەتەوایەتیەکان دروست دەکەن ڕەنگ بوو لە وڵات(هەرێمی)

ڕاستەقینەی خۆیاندا کەمتر لێک ئاگادار بوونایە یان تەواو لێک بێ خەبەر بان. بەڵام کاتێک دێنە ناو شار دەبنە هۆگری ئەو گەڕەکانەی کە خەڵکانێکی تر بە بنەمای زمانی و کولتوری هاوشێوە تیایاندا دەژین و بەو شێوەیە پێکهاتەکانی ورده- کۆمەڵگەیی نوێ دروست دەبن.

هونەرمەندێک کەمتر وایە لە گوند یان لە شاری بچوک خەڵکانێکی تر بدۆزێتەوە کە هاتوچۆیان بکات بەڵام لەلایەکی ترەوە، لە شارێکی گەورە ئەو رەنگ بێ ببێتە بەشێک لە وردەکولتورێکی گرنگی هونەری و ڕوناکبیرانە.

دیراسەکانی تر دەریدەخەن کە ئەو تایبەتمەندیانەی وێرت وەک تایبەتمەندی شاری باسی دەکرد زۆربەیان لە شارە بچوکەکان یان تەنانەت گوندەکانیشدا دەبینرێ.

پیتەرمان کۆمەڵگەیەکی گوندی بچوک لە ساسێکس لە باشوری ئینگلتەرا، لەتەک هادێر سفیلد لە باکوریدا بەراورد دەکات.ئەم گوندە لەسەر ڕێی جادە و شەمەندەفەری خێرا بۆ لەندەن هەڵکەوتووە، زۆربەی دانیشتوان هەموو ڕۆژێ و لە پەستا بە شەمەندەفەر دەچنە شاری. ئەوان ئاڵۆزتر و کۆسمۆپۆلیترن لە زۆربەی دانیشتوانی شارەکەی باکور، کە گەلێک دوورە لە لەندەن. پێدەچێ پەیوەندی خزمایەتی نزیک، زیاتر لە نێوان ئەو کەسانەی لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی هادێرسفلید دەژین زیاتر بێت تا لە نێوان دانیشتوانی گوندی ساسیکس دا.

ئاشکرایە کە ڕەنگە وا هەڵێنجرێ کە ئەو گوندە نوێنەری بەشێک لە کولتوری شارییەو پێوەندیە تایبەتیە کۆنترەکانی بە هاتنی خەڵکانێکی زۆر کە ژیانیان پشت بەستوو بە شار لەناوچووە. ئەگەر وابێ، ڕەنگە ئاڵوگۆڕ فاکتەری "لێسەندنەوەی کەسایەتی" بێت، نەک تەنیا "بوونی" شارە ئەمڕۆییەکان.

شاری مەزن "جیهانی نامۆکانە"، لەگەڵ ئەوەشدا پشتگیری لە پەیوەندییە تایبەتیەکان دەکات و دەیخولقێنێ. ئەم وتەیە پارادۆکس نییە. ئێمە دەبێت تەجروبەی شاری بەسەر

بنکەی گشتی تێکەڵبوون لە تەک نەناسەکان (بێگانە) و دنیای تایبەتیتری خێزان، هەڤاڵان و هاوکاراندا دابەش بکەین. دەشێ " وێککەوتن لەتەک خەڵک" کاتێک وا تاک یەکەمجار بەرە و شارێکی گەورە شوێن دەگوازێتەوە زەحمەت بێت. بەڵام هەرکەس کە بەرەو کۆمەڵگایەکی گوندی بچوکی ترادسیۆنال شوێن گۆڕکێ دەکات ڕەنگ بێ نزیکایەتی کردنی دانیشتوانی ئەوێندەرێ بە هۆکاری رەچاوکردنی ئەدەب و پەروەردەی گشتی بزانێ- وە ڕەنگە ساڵانێکی زۆر بخاێنێ تا "وەردەگیرێ". لە شار دۆخێکی وا بوونی نییە. هەروەک ئیدوارد کروپات وتویەتی:

"هێلکەی شاری...توێکڵێکی قایمتری هەیە کە شکاندنەکەی زەحمەتە. زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە هەلی باش و بارودۆخی پێویست بۆ چوونە ناوەوەی بێبەشن، لەگەڵ ئەوەی هەموو ڕۆژێ لە وێستگەی پاس یان میترۆ، لە کافتریا، کاتی ڕابواردن بە کرایدڕۆرەکانی شوێنی کارەکەیاندا یەکدی دەبینن هیچ کات نابنە شتێکی مەزنتر لە"نامۆ ناسیاوەکان". هەروەها ڕەنگ بێ هەندێ کەس بە گشتی لە دەرەوەدا بمێننەوە، لەبەرئەوەی بێ بەشن لە توانایە تایبەتیە کۆمەڵایەتیەکان یان لە داهێنان. لەگەڵ ئەوەشدا شایتحاڵی ڕوون ئەوەیە کە بەهۆی فرەچەشنی نامۆکان کە هەریەکەو لەخۆدا برادەرێکن – وە فراوانی پانتایی شێوازەکانی ژیان و تایبەتمەندییەکانی شاری، خەڵک بەڕاستی لەدەرەوە دەچنە ناوەوە. هەر لەگەڵ چوونە ناو گرووپ یان کەناڵێکەوە کەرەستەکانی فراوانکردنەوەی پەیوەندیەکانیان زۆر زیاد دەکات.

لە ئاکامدا، دەرکەوتەکان وای دەنوێنن کە هەلی پۆزەتیڤی شارفرەتر بەسەر هێزە سانسۆرکەرەکاندا لە زیادبووندان. وە بواری ئەوە بۆ خەڵکی دەڕەخسێنێ کە پێوەندی دڵخۆشکەر بخوڵقێنن و بیپارێزن.

ئەندێشەکانی وێرت تاڕادەیەک توانای خۆیان پاراستووە، بەڵام لێکۆڵینەوەکانی دواتر دەریدەخەن کە زیاد لە پێویست گشتێنراون. شارە ئەمڕۆییەکان زیاتر دابینکەری پێوەندی کۆمەلایەتی نا تایبەت و بێناونیشانن، بەڵام لە هەمان حاڵدا سەرچاوەی فرەچەشنی و جۆراوجۆری – و جاروبار خۆشەویستیشن.

سەرچاوە/ جامعە شناسی، انتونی گیدینز، ترجمە: منوچهر صبوری. تهران: نشرنی ,١٣٧٦. عنوان اصلی sociology

محەمەد حوسێن

# وەرزی کۆچ بەرەو باکور... بەهارێکی جوانی

## ڕۆمانی عەرەبییە



هەواڵنامەی

**ئەدەبی عەرەبی ساڵانە هەزاران شاعیری دەربار و ڕووناکبیری تەکفیری بەرهەم دێنێت کەچی دوای چل ساڵ وەرزی کۆچ بەسەر ئەکاتەوە!!**

هەندێک جار تەنها شاکارێک ئەدەبی نوسەرێک بەجیهان ئەناسێنێت، درەوشانەوەو جوانیەکانی دەقێک سنوری ئەدەبێکی فەرامۆشکراو ئەبەزێنێت و ئەبێتە ئەستێرەیەکی پرشنگداری ئاسمانی ئەدەبی جیهانی، وەک چۆن ئەمرۆ خوێندنەوەی هەزار و یەکشەوە و تاوان و سزا و پیرەمێرد و زەریا و... شاکارەجوانەکانی تری ئەدەبی مرۆڤایەتی پێمان ئەڵێت، تێپەڕینی ڕۆژگار و

ساڵەکانیش جوانی ئەم تێکستانە کاڵ ناکاتەوە. ڕۆمانی (وەرزی کۆچ بەرەو باکور)ی تەیب صاڵەح-یش تێکستێکە بەم ئاستەی جوانی و سەرکەوتنەوە، هەر ئەم دەقەیشی بوو زیاتر ئەم نووسەرە سودانییەی کردە خاوەنی شۆرەت و ناوبانگێکی جیهانی، ئەگەرچی ئەو پێشتر سێ ڕۆمانی تر و کۆمەڵەچیرۆکێکی بەناونیشانەکانی ( عرس الزین ، بندرشا، المريود ، دومە ودحامد ) بڵاو کردۆتەوە ، بەڵام وەرزی کۆچ بوو ناوبانگێکی جیهانی بۆ پەیدا کرد، تەنانەت باسی ئەوەیش دەکرێت لەژێرکاریگەری ئەم ڕۆمانەدا بیریاری ئەمریکیی-ی فەلەستینی (ئێدوارد سەعید) کتێبی (ڕۆژهەڵاتناسی)ی نوسیوە، کەیەکێکە لە کتێبە هزریە گەورەکانی سەدەی بیستەم(*). تەیب ساڵح لەسەرەتای حەفتاکاندا لەیەکێک لەگۆڤارەکانی بەیروتدا بەچەند بەشێک ئەم ڕۆمانەی بڵاوکردۆتەوە، بەشێوەی کتێب و بەزمانی عەرەبی تائێستا نزیکەی ١٥ جار چاپکراوەتەوە، بەڵام ئەوەی سەرسورهێنەرە دوای نزیکەی چل ساڵ بەسەر نوسینیدا و دوای وەرگێرانی بۆسەر زیاتر لەبیست زمان ئەوسا ئەم ڕۆمانە لەناوەندە ئەدەبیەکانی وڵاتانی عەرەبدا خەڵات وەرئەگرێت! **ئەدەبی عەرەبی ساڵانە هەزاران شاعیری دەربار و ڕووناکبیری تەکفیری بەرهەم دێنێت کەچی دوای چل ساڵ وەرزی کۆچ بەسەر ئەکاتەوە!!** لەوانەیە تەفسیری ئەم جۆرە فەرامۆشکردنەی داهێنان لەو دێرە شیعرەی گۆراندا بدۆزینەوە کەئەڵێت " لەناو قەومی بەسیتا قەدری سنعەتکار وەک عەکسی قەمەر وایە لەحەوزێکی لیخندا ". بەڵام دواجار ئامادەگی داهێنەرانەی ئەم نوسەرە و جواننوسینی ڕۆمانەکەیش وەک شاکارێک لەخەمی فەرامۆشکردن دەرچوو. ئەگەر چی بۆ ساڵانێکی زۆریش دەنگدانەوەکانی خۆی نەئەدۆزیەوە لەناوەندە ڕووناکبیری و ئەدەبیەکانی وڵاتانی عەرەبدا.

ئەم ڕۆمانە - وەرزی کۆچ بەرەو باکور (موسم الهجرة الى الشمال) لەناوەڕاستی شەستەکاندا نوسراوە و بەم دواییانە خەڵاتی یەکەمی ڕۆمانی عەرەبی وەرگرت کەساڵانە لەوڵاتی میسر ئەبەخشرێتە داهێنەرانی بواری ڕۆمان نوسین، لەچاوپێکەوتنێکدا نوسەرەکەی ئەڵێت: بۆ سەر ٢١ زمانی جیهانی وەرگێرراوە، خۆش بەختانە بەم دواییانەیش کاک سەباح ئیسماعیل وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و دەزگای ئاراس بڵاوی کردۆتەوە.

وەرزی کۆچ دەقێکی زۆرجوانی ناسکی ڕوونە، بەچنینێکی ئاڵۆزی تۆڕئاساوە ڕووداوەکانی تێهەڵکێش بووە کەلەیەک کاتدا بەدوای زیاتر لەسەرەداوێکی گێڕانەوەدا خوێنەر کەمەند کێش ئەکات، ڕەگەزی گێڕانەوە لەم تێکستەدا بە جۆرێکە کە هەموو

شـێـوازەکـانی گـێـڕانەوەی تـیـابەکـار هـاتووە، ئەم (فـرە شـێـواز)یـەش بۆ دروسـتـکردنی هـارمۆنیەتێکی زیاتر و سادەیی و چێژێکی جوانتر، زۆر لێزانانە بەکار هـاتووە .

ڕۆمـانەکە دەنگێکـی زاڵی گێڕانەوەی تیایە کە شـان بەشانـی چەند دەنگێکی تری لاوەکی لەهەرکوێیەکدا نوسـەر پێویستی پێیـان بێت ئەیانخاتـە گەڕو دوای جێبەجێکردنی ئەرکی گێڕانەوەکانیـان خێرا ونیـان ئەکاتەوە، فـەزای دەقـەکە شـیـعریەتێکی نـاسک و خـەیاڵێکی دەوڵەمـەندی تیا دیارە، زۆرلێزانانە وشـەی کاریگەری هـەڵبـژاردوە و زمـانی گوزارشکردنی بەکارهێناوە، گرنگـترین شـارەزاییەک کـەبۆهـەر ئەدیبێک پێویستـە، بەڵام سـەرەڕای جوانی لایەنە هونەریەکانـی دەقەکە بابەتی ڕۆمـانەکە و چیرۆکە سـەرەکیـەکەی لەهەمو ڕەگـەزەکانی تری سـەرنج ڕاکێشترە، گرێی ڕوداوەکانی بەجۆرێکە خوێنەر هـەر لەدووهـەم بەشـەوە ئەچێتە ناو تەواوی ئەو تونێڵە تراژیدیانەی ژیانی (مـستـەفا سـەعیـدەوە) کەتا دوادوایی دەقـەکەیش پێ بە پێی ئـەو و، لەگەڵ بیسـتنی ترپەی دڵیدا هـەر ناچارە بڕوات، هەست بەسـەختی ئەو چارەنوسـە تاڵانە بکات کەلەیەک کاتدا زۆربەی کـارەکتـەرەکانی تیـا ئەخولێتـەوە. نوسـەر خـۆی بـەزمـانی گـێـڕەرەوەیەکی هـەمـو شت زانەوە لەتەواوی دەقـەکەدا ئـامـادەیە، بەڵام نەک ئـامـادە بونێک کە جوانی و چێژیی گێڕانەوەی سڕکردبێت وەک هـەندێک لەو ڕۆمـانانەی تر کـەزاڵی یەکێک لەدەنگەکـانی گێـڕانەوە تام وچێـژی گـێـڕانەوەی تیـا شـێـواندووە، نوسـەر لەڕێگای ئەو دەنگە زاڵەوە زۆر هونەرمـەندانە ئامادەیی تارمـایی ئاسـای خـۆی سـەپاندووە، لەو شـوێنانەدا کارەکتەرەکانی دەست ئەکەنە گێڕانەوەی ڕووداوەکـان ئەو بێ دەنگ ئەبێت، لەو شـوێنەشـدا هـەمـوان ون ئەبن وکـەس نـامـێنێتـەوە شتێکمـان بۆبگێـڕێتـەوە خـۆی دێتـەوە سـەر خـوانی گێڕانە، دواجار هـەرئەم فێڵەی گێڕانەوەیشـە وای کردوە خـۆی ببێتـە تەونێکی جاڵجاڵۆکەیی و هـەموو دەنگەکانی تر لە بازنەی گێڕانەوەکانی خۆیدا بجوڵێنێـتەوە.

ئەم ڕۆمانـە لە ١٧١ لاپەڕەی ناوەندی و دە بەش پێک هـاتووە، لەیەکەم لاپەڕەیەوە لـەزمانی خـوێندکارێکـەوە نوسـەر بەم جـۆرە دەست ئەکات بەگێڕانەوەی چیرۆکەکەکەی" بەڕێزانم .. دوای دابڕانێکی دوور و درێژ گـەڕامـەوە بۆناو کـەس و کـارم، ڕێک حـەوت سـاڵم پێـچـوو، تەواوی ئەو ماوەیە خەریکی خوێندن بووم لەئەوروپا، ئەوەبوو زۆرشت فێربوم و زۆرشـتیشم لێ ونبـو ..."(١)، دواتر لـەناو ئاپۆرەی ئەو خـەڵکانەی کـە دێن بۆپێـشـوازی کـردنی ئەم خوێندکارە گەڕاوەی بەریتانیـا، کەسایەتی مستەفا سەعید سەرنجی ڕائەکێشێت و وای لێ ئەکات بکەوێتە هـەواڵ پرسینی. هـەموو ئەو زانیاریانەی خـەڵکی لەبارەی کەسایەتی مستەفا سـەعیـدەوە پێی ئەڵێن هـەر ئەوەیە کـەوا" بازرگانێکی دەورو بەری خـەرتومـەو هـاتووە بۆئەم

گوندەی ئەوان کۆمەڵێک ملکی کڕیوەو...(حسنەی کچی مەحموود)ی مارەکردووە کەخەڵکی هەمان گوندە و ئێستا بەپیشەی جوتیارییەوە خەریکە" بەڵام دواتر بەرێکەوتێک ئەم خوێندکارەو مستەفاسعید و چەند کەسێکی تر لەکۆڕێکی مەی خواردنەوەدا لەماڵی (مەجزوب) کە یەکێک لەهاوڕێکانی منداڵی خوێندکارەکەیە یەک دەگرنەوە، لەکاتی مەست بوندا مستەفا بەئنگلیزی زانینێکی زۆرکارامەوە دەست ئەکات بەخوێندنەوەی چەند بڕگە شیعرێک کە لە شیعرە باوەکانی ڕۆژانی جەنگی جیهانی دووەمە، ئەمەش فزوڵیەتی خوێندکارەکە ئەوروژێنێت و وای لێئەکات بکەوێتە گەڕان بە دوای نهێنیەکانی پشت ژیانی مستەفا سعید، کەئەو زیاتر گومانی سیخوری بەریتانی و خزمەتکاری بێگانەی لێ ئەکات، وەک چۆن عەقڵی باوی عەرەب هەمیشە لەموئامەرە ترساوە، خوێندکارەکەیش بەم بەدگومانیەوە شوێن پێکانی ژیانی مستەفا سەعید هەڵئەگرێت و دواتر بەتراژیدیاکانی دەوەستێتەوە. بۆڕۆژی دوایی ئەچێت بۆلای و داوای گێڕانەوەی ئەو نهێنیەی لێ ئەکات کەزانینی بۆتە خولیای، لێرەوە بەشی دووەمی ڕۆمانەکە بەگێڕانەوەکانی مستەفا سەعید دەست پێ ئەکات، (ئەو مستەفا سەعیدەی کە ئەمڕۆ دیارترین کارەکتەری کاغەزی ئەدەبی عەرەبیە). ئەم پیاوە زیاتر لەئەفسانەیەک ئەچێت نەک پیاوێکی ئاسایی، هەرسەرەڕۆییەکانی ئەم پیاوەیشە تاکۆتایی چیرۆکەکەی بەردەوام تامەزرۆیی خوێندنەوەمان زیاتر ئەکات.

مستەفا هەتیوێکی بێباوکە و تەنها دایکێکی هەیە کەئەویش دوای چەند ساڵێک لەکۆچکردنەکەی مستەفا ئەمرێت، بەرێکەوت لەسەرەتای منداڵیدا توشی کاربەدەستێکی کۆلۆنیالیستی بەریتانیا ئەبێت و دەبیات بۆقوتابخانە و ئیتر لەو ڕۆژەوە وەک خوێندکارێکی زۆر زیرەکی نائاسایی دەست پێئەکات، وەک خۆی دەڵێت " دوای سی ساڵ بەرپرسە بەریتانیەکەی خوێندنگاکە پێی گوتم "ئەم وڵاتە بەئەندازەی زهنیەتی تۆ فراوان نابێتەوە، بڕۆ و کۆچ بکە، بڕۆ بۆ لبنان، میسر، بەرتانیا، لەمەولا ئێمە هیچ شتێکمان نیە تا پێت ببەخشین"[٢] هەڵبەتە گەشتەکەی مستەفا سەعید کەبەم سەرەتا سەرکەوتووەوە دەست پێئەکات کۆتاییەکی کارەساتباری ئەبێت، کۆتاییەک کە وای لێ ئەکات پێش ئەوەی خۆی بکوژێت لەو وەسێت نامەی بۆخوێندکارەکەی هاوڕێی دەنوسێت داوای ئەوەی لێ ئەکات " منداڵەکانم لەدەردی سەری کۆچ کردن بپارێزە ".

بەمنداڵیەکی کرچ وکاڵەوە مستەفا کۆچەکەی دەست پێ ئەکات، تەنانەت لەناو ئەو قەتارەی پێی ڕۆیشت بۆقاهیرە تووشی پیاوێکی بەریتانی دەبێت و دوای سەرسوڕمانی

**دواجار ئەگاتە ئەو رادەی نائومێدی کە لەئێوارەیەکدا بەخۆکوشتن کۆتای بەهەموو شتێک دێنێت**

پیاوەکە بەتوانای ئنگلیزی زانی مستەفا هێشتا منداڵ، پێی ئەڵێت تۆ تەمەنت چەندە وابەتەنها کۆچ ئەکەیت، هەر چەندە ئەوکات تەمەنی ١٢ ساڵ ئەبێت، بەڵام لەترسی ئەوەی بەکەمی دانەنێن دەڵێت" تەمەنم ١٥ ساڵە "، دواجار ئەم پیاوەیش بەمستەفا ئەڵێت" لەکۆتایدا هەموومان هەر بەتەنها کۆچ ئەکەین ".




لەقاهیرە مستەفا تووشی ژن وپیاوێکی میهرەبان ئەبێت (مستەر رۆبنسن و مسس رۆبنسن)، کەوا دیارە ئەوانیش دوو کاربەدەستی بەرتانیای کۆلۆنیالیستن و لەسەر ڕاسپاردەی مامۆستاکانی سودانی بەو جۆرە بایەخی پێ ئەدەن، ماوەیەک لەقاهیرە ئەبێت و دواجار بەرەو بەریتانیا دەکەوێتە ڕێ.

لەسەرەتاوە مستەفا دەبێتە ئابووری زانێکی زیرەک و مامۆستایەکی ناوداری زانکۆی لەندەن، وەک خۆی دەڵێت بەگەرمو گوڕی وئەفسونی پیاوێکی ڕەشی ناوچەی هێڵی یەکسانیەوە کەوتمە ناو کۆمەڵگای لەندەنەوە، هەر لێرەوە چیرۆکە سوزداریەکانی مستەفا دەست پێ ئەکات کەزیاتر لەچیرۆکی پیاوێکی نائاسایی دەروون نەخۆش ئەچێت تائەوەی ئابووری زانێکی بلیمەتی مرۆڤ دۆستی مارکسی، مستەفا تەواو ون ئەبێت لەنێو گێژاوی ئەو عەشقە سەرشێتانەی کەوەک پیاوێکی ڕۆژهەلاتی ئەیەوێت شەهوەتی خۆیانی پێ تێر بکات، ئەم عەشقە دۆڕاو و سەرگەردانانەی مستەفا دەبێتە هۆی خۆکوشتنی سیان لەمەعشوقەکانی و دواجار بەدەستی خۆیشی چوارەمیان دەکوژێت کەبۆتە هاوسەری و یەکێکە لەسەیر ترین ئەو ئافرەتانەی

**ئەوەی وائەکات لە خوێنەر کە زیاتر بڕوا بەخۆشتن بکات نووسینی وەسێتنامەکەیە**

کەوەسـفی ڕفـتـارو کەسـایەتیـان کراوە لەم ڕۆمـانەدا ئەویش ناوی (جین مـورس)ە. دواتر مـسـتـەفـا دادگـای دەکـرێـت بەتـاوانی ئەوەی کـەبۆتە هۆی خـۆ کـوشـتـنی سـێ کـەس و هەستانیش بەکوشتنی جین مورس کەهاوسەری خۆی بووە.

ئەم پیـاوە سـەیرە کـەخـاوەن بلیـمـەتیـەکی کـەم وێنـەیە بەم جـۆرە سـێکس و ئارەزوە سێکسـیـەشـێتـانەکەی سـەری لێ ئەشـێـوێنێـت و لەلوتکەی سـەرکـەوتنەوە دەیخـاتەوە ناو گێژاوی چەند کێشەیەکی ئاڵۆزەوە کەوای لێئەکات بێتەوە بۆسودان و گوندێکی گۆشەگیری کـەنـاری نیل هەڵبـژێرێت بۆگـوزەراندنی ژیانێکی ئاسـایی، **دواجـار ئەگـاتە ئەو ڕادەی نائومێدی کە لە ئێوارەیەکدا بەخۆکوشتن کۆتای بەهەموو شتێک دێنێت**، هەرچەندە ئێمە ئەوەمـان لێوەدیار نیـە مستـەفا خـۆی خـۆی ئەکوژێت یان لـەو لافاوە گەورەی ڕووباری نیلدا خنکاوە کـە گـێڕەرەوەکـە ئەڵێت" لەو لافـاوانـەیە کە هـەر ٢٠ تا ٣٠ سـاڵێک، یەک جـار نیل لافاوی وا بەخۆیەوە ئەبینێت" بەڵام **ئەوەی وائەکات لەخوێنەر کە زیاتر بڕوا بە خۆکوشتن بکات نووسینی وەسـێتنامەکەیە**، لەو وەسێت نامـەیەدا مستـەفا خـوێندکارەکەی هاوڕێی دەکاتە چاودێری خێزانەکەی. دوای مردنی مستـەفاو سەقامگیربوونی خوێندکارەکەی هاوڕێی (گێڕەرەوەی سەرەکی لەدەقەکەدا) لەشاری خەرتوم چەند ساڵێکی کەم تێئەپەڕێت، تائەو ڕۆژەی (ود ریس) کـە پیـاوێکی سـەروی ٧٠سـاڵەی گـوندەکـەیە دڵی لە -حـسنە-ی بێوەژنەکەی مستـەفا ئەچێت، باوکی ڕازی ئەکات و بەزۆری باوکی مارەی دەکات، حەسنە دوای گـواسـتنەوەی ڕێگانادات ودڕیس وەک هەرژن و پیـاوێکی ئاسـایی لەگـەڵی بخـەوێت، وەک ئەوەی پێـشـتـر خـۆی هەڕەشـەی کردبوو. لەیەکـێک لەو شـەوانەی کـەودریس دەیەوێت بەزۆر بچێتە لای ولەگەڵی بخـەوێت دەیداتە بەر چەقۆ و ودریس دەکوژێت و دواتر خـۆیشی ئەکوژێت، ئەم ڕووداوە بەتەواوی کەشـی گوندەکە تێک ئەدات و هەمـووان وەک نیشـانەیەکی ئافرەتی ئاخـر زەمان تەماشـای ئەکەن.. چونکە خەڵکی ئەم گوندە بەقسەی گێڕەرەوە، وەک چۆن کەلو پەلەکانی تری ناومـاڵیـان ئەگـۆڕن ئاوەهـایش کەی ئارەزویـان هـەبێت و بیـانەوێت ژنەکـانیـان دەگـۆڕن.. بـەپێی بای ئارەزوەکـانیـان مـارەدەکـەن و تەڵاق دەدەن و سـێکسی ناشەرعی دەکەن. هەربۆیە کاردانەوە چاوەڕوان کراوەکەی حسنە تەواو سەرسامیان ئەکات و وایان لێ ئەکات هەمـو پیاوەکانیـان تەنانەت زیرەکی گێڕانەوەی چیرۆکەکەشیـان نەبێت بۆخـوێندکـارەکـەی هـاوڕێی مـسـتـەفـا، کـە لەخـەرتومـەوە هاتۆتـەوە بۆئەوەی کـۆتاییـە تراژیدیەکـەی چیـرۆکی مسـتـەفـا سـەعیـد بەچاوی خـۆی ببینێت، دوای ئەوەی مـجـزوبی هـاوڕێی بەنـامـەیەک هەواڵەکەی بۆئەنێرێـت، هەربۆیە تەنها (بنت مـەجـزوب) کەبە زیرەکی

وقسە لەڕوویی (سراحە) ناوبانگی دەرکردووە دەتوانێت ڕووداوی کوشتنەکەی حسنەو ودریسی بۆبگێڕێتەوە.

خراپی و نارێک وپێکی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و چەوساندنەوەی ژن لەتەواوی ڕۆمانەکەدا دیارە، تەنانەت لەلەندەنیشدا مستەفا سەعید کەلەم ڕۆمانەدا زیاتر وەک قوربانیەکی ئێسک سوک بەزەیمان ئەوروژێنێت نەوەک جەلادێک، هەر خەریکی چەوساندنەوەو ئازاری دەروونی ژنانە، گێڕەرەوە" خوێندکارەکە " کەدوای مردنی مستەفا سعید دەڕواتەوە خەرتوم بۆ بەسەربردنی ژیانی ئاسایی خۆی. بەڵام بۆهەر کوێیەک ئەچێت تارماییەکانی مستەفا سەعید هەر ها بەدوایەوە .. لەنامەگۆڕینەوەکانی لەگەڵ مسس ڕۆبنسن، لەتووشبونی بەو فەرمانبەرە حکومیەی کەکاتی خۆی هاوڕێی خوێندنی مستەفا بووە، یان لەو دەمەتەقێی کە لەگەڵ فەرمانبەرێکی خانەنیشیندا باسی مستەفا ئەکەن، وەک یەکەم سودانی کەتوانیویەتی ژنی بەریتانی مارەبکات.. فەرمانبەرەکە کە باسی مستەفا ئەکات ئەڵێت: ئێستا یەکێکە لەلۆردەکانی بەرتانیاو بۆخۆی لەلادێیەکدا ژیان ئەباتە سەر، باسی دەورو نەخشی مستەفا ئەکات لەو پیلانانەی کەحکومەتی بەریتانیا لەسودان‌دا گێڕاویەتی... وەختێک ئەمیش بێئیرادە باسی ئەو سەروەتە جوتیارییە ئەکات کەمستەفا دوای مەرگی خۆی بۆ منداڵەکانی جێهێشتووە.. تووشی سەرسوڕمان ئەبن و پێی دەڵێن .. تۆ هاوژیانی شاعیرانت کردووە بۆیە وەها قسە فڕێدان و شەتەحاتی خۆت هەیە.

**لەم ڕۆمانەدا تەیب ساڵح زۆرجوان کەلەپورو نەریتی خەڵکە ئاساییەکەی بەکارهێناوە،** جوانترین گفتوگۆیەک لەم ڕۆمانەدا لەنێوان گێڕەرەوەو مجزوبدایە، مەجزب سەرۆکی ڕێکخستنی حیزبی فەرمانڕەوایە لەگوندەکەدا، وای لێهاتووە هەموو شتێک بەزمانی سیاسەت باس ئەکات و هەر خەریکی ئەوەیە :– کێ مافی ئەوەی هەیە ببێتە وەزیرو کێ قابیلیەتی ئەوەی نیە، تا ئەگاتە ئەوەی گێڕەرەوە پێی ئەڵێت تۆ بۆ وات لێهاتووە... سیاسەت تەواو شێواندوتی...

دوادیمەنی ئەم چیرۆکە تراژیدیە کردنەوەی دەرگای ئەو ژورەیە کەکتێبخانەکەی مستەفا سەعیدی تیایە، **بەپێی وەسێتی مستەفا خۆی هەر تەنها گێڕەرەوە بۆی هەیە ئەو دەرگابکاتەوەو کوڕەکانی مستەفا بەو کتێبخانە ئاشنا بکات** و دوایش حەقیقەتی مستەفا خۆی. سەرەتا لەناو بۆنی سندڵ و شێی ژوورەکەدا سڕ ئەبێت، تەماشای وێنەی ئەو کچانە ئەکات کەبەهۆی مستەفاوە خۆیان کوشت، یەکە یەکە ئەو کتێبانە هەڵئەداتەوە کەدەلیلی جدیەتی خوێندنەوەی مستەفا سەعیدە وەک ڕووناکبیرێکی ناوداری ڕۆژگاری خۆی. دەست

ئەکات بەسوتاندنی کتێبەکان، بەجۆرێک کەتەواو عەدەمیەتی ژیانی مستەفاو چیرۆکەکەی و هەموو شتێکی تایبەت بەویشی تیا ئەبینێتەوە

دوای هەموو شتێک ئەوەی ئەبێتە گرێیەکی دەروونیی و ئازاری خوێندکارەکە (گێڕەرەوەی سەرەکی)ئەدات، ئەوەیە کە بەرلەوەی ودریس بەزۆر حسنە مارەبکات وببێتە هۆی کەوتنەوەی ئەوکارەساتە، مجزوبی هاورێی داوای لێکرد ئەم مارەی بکات، تەنانەت ئەو شەوەش کە لەسەر داوای ودریس چوو بۆماڵی حسنەو باسی خوازبێنیەکەی ودریسی بۆکرد، جوانیەکەی حسنە زۆر سەرنجی ڕائەکێشێت، لەو کاتەی کەئەم لەخەرتوم ئەبێت، ودریس وماڵی باوکی زۆر بۆحسنە دێن کەهەر دەبێت شوبکاتە ودریس، حسنەی بێ چارە خۆی پەنا ئەبات بۆلای مجزوب و دایکی خوێندکارەکەو پێیان ئەڵێت بائەو (خوێندکارەکە) بێت مارەم بکات، من هیچم لەو ناوێت تەنها لێم گەڕێت لەناو منداڵەکانی خۆمدا دانیشم... دوای هەموو شتێک کە گەڕایەوە بۆگوندەکەو دایکی و مەجزوب مەسەلەکەیان بۆباس کرد هەستی کرد دەیتوانی نەهێڵێت ئەو کارەساتە ڕوودات (کوشتنی ودریس و خۆ کوشتنی حسنە). ئیتر لێرەوە هەستکردن بەگوناه لای خوێندکارەکە دەست پێئەکات، تا ئەگاتە حاڵەتی هیستریاو عەساب لەدەست دان.

**ئەم ڕۆمانە ئەمڕۆ گفتوگۆیەکی گەرمی وروژاندووە لەسەر جیهانیی بونی ئەدەب و تایبەتمەندیەکانی ئەدەبێک کەقابیلیەتی جیهانی بوونی تیایە، هەرچەندە بەمیزاج و خەیاڵ و زەوقێکی تەواو لۆکاڵییەوە نوسراوە،** گەر ڕەگەزی کۆلۆنیالیستی لێدەرکەین دەتوانین بڵێین کەرەستەخاوەکەی پێکهێنانی دەقەکەیش کەرەستەیەکێی تەواو سودانیە، کەچی لەهەمو ڕۆمانێکی تری عەرەبی زیاتر سەدای جیهانی هەیە، **ئەمەیش جارێکی تر ئەو ڕاستیەی سەلماندەوە کە بەبێ ڕەچاوکردنی لۆکاڵیەتی بابەت و ناوەڕۆک، جوانی و بەرزی هونەری تەنها پێوەرێکە بۆ ئەوەی دەقێک ببێتە دەقێکی جیهانی،** دیارە بڵاوبوونەوەش بەزمانە زیندووەکانی جیهان هۆکارێکی تری پێویستە بۆ ناساندن و نیشاندانی هەر دەقێک.

.................................

(*) ئەم نوسینە پێش وەرگێڕانی ڕۆمانەکە بۆسەر زمانی کوردی نوسراوە ، بۆیە لەگەڕانەوە بۆتێکستەکە پشتی بەدەقە عەرەبیەکە بەستووە نەک وەرگێڕانە کوردیەکەی.

١ – ل ٥ / موسم الهجرة الی الشمال / طیب صالح /چاپی چواردەیەم ١٩٨٧/بیروت : دارالعودة

٢ – ل /٢٦ هەمان سەرچاوەێ پێشو .

(*) بڕوانە گفتوگۆێ نێون سوسن الدویک وتەیب صاڵەح ، گۆڤاری العربی ژمارە ٥٦٠ یۆلیۆی ٢٠٠٥

هونەر

مەحموود نەجمەدین

# هونەرمەندانی تەعبیریی ئەڵمانی لە ڕۆژگاری جەنگدا

هەواڵنامەی کتێب



لەپاش ئینتباعییەکان و لە سەدەی بیستدا هونەر ڕێچکەی لاساییکردنەوەی شکاند و چووە سەردەمێکی تازەوە. سەردەمی هونەری مۆدێرن لەسەدەی بیستدا کە سەدەی جەنگ و کاولکارییە. زۆرترین ڕێبازی هونەری و ئەدەبی و فیکری دروست بووە. بە تایبەت لەئەڵمانیا، سەرباری هەموو جەنگ و ماڵوێرانی و کاولکارییەک، ئەڵمانیا لەسەدەی بیستدا سەرچاوەی چالاکی و جووڵەی هونەری و ئەدەبی و فەلسەفی بووە.

ڕێبازی تەعبیری ئەڵمانی لە ساڵی (١٩١١) لەسەر دەستی ماکس بیکمان دروست بوو. پاشان هونەرمەندانی کۆمەڵەی پرد و کۆمەڵەی سورای شین چوونە ناو ڕێبازی تەعبیری و بەو شێوازە و بەو فیکرەیە کاریان دەکرد. هونەرمەندە گەنجەکانی تەعبیری ئەڵمانی سوودیان لە فیکری فریدریک نیچە و دۆستۆیڤسکی و واڵت وایتمان دەبینی. هونەرمەندانی تەعبیری ئەڵمانی چالاکی و نمایشی هونەری خۆیان لە دریسدن و بەرلین و میونیخ و هامبۆرگ و فرانکفۆرت و لایبزگ و هانۆڤەر و کۆپنهاگن...هتد، ئەنجام دەدا. تەعبیرییەکانی ئەڵمانیا تەمسیلی ڕوحی سەردەمەکەی خۆیان دەکرد. کارەکانیان گوزارشت بوون لە جەنگ و ماڵوێرانی و نەخۆشی.. گیروگرفتەکانی ئەو سەردەمەی ئەڵمانیا کە بەدەست جەنگ و ماڵوێرانی و دەسەڵاتی نازی و هیتلەری دیکتاتۆرەوە دەیانناڵاند. دەسەڵاتی هیتلەر و ڕێکخراوی نازی و جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی و شۆڕشی سۆشیالیستی هەموو ئەمانە زیانیان هەبوو بۆ هونەر و ئەدەب و فیکری ئەڵمانی زۆرێک لە هونەرمەندان بە هۆی زوڵم و زۆری نازییەکانەوە ئەڵمانیایان بەجێ هێشت و ڕوویان لە ئەمریکا کرد. نەک هونەرمەندان بگرە فەیلەسووف و ئەدیبەکانیش تووشی هەمان گرفت بوون و لە دەسەڵاتی شۆڤێنی و توندوتیژی نازی هەڵهاتن. سەرباری هەموو ئەو زوڵم و زۆر و کاولکارییە هونەری تەعبیری ئەڵمانی بەردەوام لە گەشەسەندندا بوو. زۆرێک لە هونەرمەندان وەک سەربازی خۆبەخش بەشدارییی جەنگی جیهانییان کردبوو. برێک لە هونەرمەندان بوون بە قوربانی جەنگ و کوژران و برێکی تر لە هونەرمەندان لەلایەن نازییەکانەوە دەست بەسەر تابلۆکانیاندا گیرا. سەرباری ئەمانەش سەردەمی هونەری تەعبیری سەردەمی تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنی پیشەسازی بوو.

گەرچی جەنگ و ماڵوێرانی و ئازاردانی هونەرمەندان خەسارەیەکی گەورە بوو لە هونەری ئەڵمانی، بەڵام هونەری تەعبیری بەردەوام لە گەشەسەندندا بوو و بەرەو پێشەوە و بەرەو تازەگەری دەڕۆیشت. سەدەی بیست سەدەی زێڕینی ئەڵمانییە لەبواری فیکری و هونەر و پیشەسازیدا نازییەکان دەیانویست هونەر و ئەدەب و فەلسەفە لە خزمەتی ئایدۆلۆژیای نازیزیمدا بێت. بەرهەمی هونەرمەندانی ئەڵمانی لەسەدەی بیستدا کاریگەری جەنگی لەسەر بوو. تابلۆکانی ئەو سەردەمە بریتیبوون لە وێنەی کەسایەتی "پۆرترێت" و هەڵکۆڵین لەسەر دار و گرافیک و وێنەی سروشت و وێنەی گوند و گوزارشت لە ژیانی جوتیار و هەژاران و وێنەی مەیخانە و شوێنی ئاهەنگ گێڕان. تابلۆی سەدەی بیست گوزارشت بوون لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی.

ڕێبازی تەعبیری ئەڵمانی بە کاریگەری گۆگان و ڤانکوخ دروست بوو. تەعبیری وەک هەریەکێ

**زۆرێک لە هونەرمەندان وەک سەربازی خۆبەخش بەشداریی جەنگی جیهانییان کردبوو**

لە ڕێبازەکانی هونەری سەدەی بیست لەپاش شۆڕشی ئنتیباعێکانەوە دروست بوون و کاریگەری ئەو ڕێبازەیان لەسەربوو کە بە شۆڕشی تازەگەریی هونەری شێوەکاری ناو دەبرێ و هونەری تەعبیری ئەڵمانی کاریگەری کولتووری قوتییان لەسەر بووە، هونەرمەندانی تەعبیری ئەڵمانییان دەدا بە هەستەکانی بینین و هەڵچوونی ناوەکی، گوزارشتی ڕوحی و ڕووداوە تراژیدییەکانی ئەو سەردەمەی ئەڵمانیا و سوود وەرگرتن لە فیکر و فەلسەفەی ئەو سەردەمە و ئازادی لە فۆرم و بەکارهێنانی ڕەنگ لە مانادا و لە تێکشکانی شێوەکان بۆ گەڕانەوەی ڕەچەڵەکی فۆرم. تەعبیر بە یەکێ لە ڕێبازە گرنگ و دیاردەکانی سەدەی بیست دادەنرێ و لە جیهاندا بڵاوبووەوە و هونەرمەندانی جیهان و بەتایبەت ئەوروپا. گرنگی زۆریان بە ڕێبازی تەعبیری دا. لە نەرویج میونخ و لە بەلجیکا جیمس ئەنسوری و لە نەمسا کوکوشکا و لە سویسرا پۆڵ کلی و لە روسیا کاندنسکی لە ئەڵمانیا فرانزمارک و جۆرج جروس و ماکس بیسکمان لە ئەڵمانیا و ....هتد.

**بیست سەدەی زێڕینی ئەڵمانییە. لەبواری فیکری و هونەر و پیشەسازیدا نازییەکان دەیانویست هونەر و ئەدەب و فەلسەفە لە خزمەتی ئایدۆلۆژیای نازیزیمدا بێت.**

من لێرەدا باسی کۆمەڵێک لە هونەرمەندانی تەعبیری ئەڵمانی دەکەم. یەکێ لە هونەرمەندانی تەعبیری ئەڵمانی **ئیرنست بارلاخی** پەیکەرسازە. بارلاخ پەیکەرساز و شانۆنووسی بەناوبانگ. لە ساڵی ١٨٧٠ لە شاری ڤیدڵ کە لە هامبۆرگەوە نزیکە لە دایکبووە. لە تەمەنێکی کەمدا زۆر زوو دەستی بە کاری پەیکەرسازی کردووە لە ساڵانی ١٨٨٨-١٨٩١ لە خوێندنگەی هونەری پیشەیی لە هامبۆرگ هونەری خوێندووە و پاشان لە ساڵانی ١٨٩١-١٨٩٥ ئەکادیمییەی لە دریسدن تەواو کردووە و لەوێشەوە چووەتە پاریس و لە ئەکادیمیەی جولیان

هونەری خوێندووە و دوایی گەڕاوەتەوە بۆ ئەڵمانیا و کاتەکانی بۆ کارکردن لە نێوان بەرلین و ڤیدڵ و هامبۆرگ تەرخان کردووە. ئەم ماندووبوونە لە پێناوی کاری جیدی و باشدا کە بەرهەمەکەی کۆمەڵی کاری هونەری باش بوو لەگەڵ ئەوەشدا کاری هونەری بازرگانی دەکرد و کاری هەڵکۆڵین لەسەر برۆنز و دروستکردنی کێلی گۆڕ و کاری سیرامیک لە ساڵی (١٩٠٦) سەفەری باشووری روسیای کردووە و لەوێ چەند کارێکی کرد. لە ساڵی (١٩١٠) بە یەکجاری لە گوسترا و باکووری ئەڵمانیا نیشتەجێ بوو و لە کۆتایی ساڵانی بیستی سەدەی بیستەم کۆمەڵێک کاری جیداری (ڕیلیف) کرد کە گوزارشت بوون لە جەنگی جیهانی دووەم و لە ساڵی ١٩٣٨ کۆچی دوایی کرد. کارەکانی بارلاخ گرنگی بە گوزارشتی ناوەڕۆک و رووکەشی دەدا لە وێنەی مرۆڤەکان. کارەکانی بارلاخ ململانێی ڕوح و جەستە بوو بەشێوازی گرافیک کاری کردووە و لەسەر دار وێنەی هەڵکۆڵیوە.

### ماکس بیکمان

لە ساڵی ١٨٨٤ لە لایبزگ لە دایکبووە لە ساڵانی ١٩٠٠-١٩٠٣ پێوەندی بە ئەکادیمیەی ڤایمارەوە کردووە بۆ خوێندنی هونەر و پاشان چووەتە بەرلین. بیکمان کاریگەری مامۆستایانی سەردەمی ڕێنیسانسی لەسەر بووە، لەوانە بیر و دیلا فرنسیکا و لوکاسینوریللی. پاش خزمەتکردنی لە یەکەیەکی پزیشکی سەربازی لە ساڵی ١٩١٤ تووشی نەخۆشییەکی عەقڵی بوو هەر لەبەرئەوە بوو لە خزمەتی سەربازی تەسریحکراو پاشان لە فرانکفۆرت نیشتەجێ بوو. دەرئەنجامی جەنگ بەرهەمی بیکمان کۆمەڵێک هێڵکاری بوو. کە لە ناوەڕۆکدا گوزارشت بوون لە کاری رۆمانسی. بیکمان کاریگەری جەنگی لەسەر بوو. کارەکانی گوزارشت بوون لە رۆژگاری جەنگ و کاولکاری. لە پاش ئەوەی نازییەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست، بیکمان لە کارەکەی دەرکرا، کە لە یەکێ لە پەیمانگەکانی هونەری فرانکفۆرت بوو و پاشان چووە بەرلین بۆ کارکردن لە ساڵی ١٩٣٧ هەفتەیەک بەر لە کردنەوەی پیشانگەکەی بە یەکجاری ئەڵمانیا بەجێ دەهێڵێ لە ساڵی ١٩٤٧ لە زانکۆی واشنتۆن لە سانت لویس دەعوەتنامەی بۆ دێت، بۆ وانەوتنەوە. پاشان دوو ساڵ سەفەر دەکات بۆ نیویۆرک لە ساڵی ١٩٥٠ لە نیویۆرک بە جەڵدەی دڵ دەمرێ. بیکمان لە کارەکانیدا ئاسەواری جەنگ دەبینرێ و لە کارەکانیدا هەست بە ژانی جەنگ و ماڵوێرانی و گەندەڵی و نەخۆشی و پاشماوەی جەنگ دەکرێ.

### هاینریش کامپیندونک

یەکێکی ترە لە هونەرمەندانی تەعبیری ئەڵمانی لە ساڵی ١٨٨٩ لە کریفیلد کە بەشاری پیشەسازی حەریر ناسراوە لە خێزانێکی بازرگانی کوتاڵ لە دایکبووە. سەرەتا حەزی لە کاری پیشەسازیی کوتاڵ بووە. کاری دیزاینی کوتاڵی کردووە و لە پیشەسازی کوتاڵدا، لە پەیمانگەی هونەری کریفیلد لە ساڵی ١٩٠٥–١٩٠٩ وانەی خوێندووە. دوایی لە پیشەسازی کوتاڵەوە لەڕێگەی هوڵەندی جوهان پۆرن بریکرەوە چووەتە ناو هونەری شێوەکاری و بە شێوازی تەعبیری کاری کردووە. لە ساڵی ١٩١١ بۆ یەکەم جار بەشداری پیشانگەیەکی کردووە لەگەڵ کۆمەڵەی (سواری شیندا) لە میونیج و هەر پێوەندی کۆمەڵەی (سواری شین) کاریگەری قووڵی لەسەر دروست کرد. لە ساڵی ١٩١٦ پاش تەواوکردنی خزمەتی سەربازی لە سیشابت لەسەر دەریای ستارنبرگ نیشتەجێ بوو. کامپیندونک بەکاری زەخرەفی ناسراو گرنگی بە شێوازی زەخرەفی و هونەری میللی باڤاری دەدا. ئەمەش بەهۆی ساڵانی ژیانی لە گونددا.

لە ساڵی ١٩٢٠ ژیانی گوندی بەجێهێشت و سەفەری ئەڵمانیای کرد. لەوێ چەند کارێکی جیداری کردو پاشان گەڕایەوە ئەڵمانیا و لە خوێندنگەیەکی هونەری دەستی پیشەیی دامەزراند، لە ئیسن . ساڵی ١٩٢٢ سەرەتایی سەردەمێکی بەرهەمدار بوو بۆ کامپیدونک لە ساڵی ١٩٢٣ بۆ خوێندن دەچێتە خوێندنگەی هونەری پیشەیی لە کریفیلد، لە ساڵی ١٩٢٦ تا کاتی دەرکردنی، پێش حوکمی نازی لەوێ نیشتەجێ بووە. لە ساڵی ١٩٣٣ چووەتە ئەکادیمیەی هونەرە جوانەکانی لە دۆسلدۆرف و پاشان چووەتە بەلجیکا لە ساڵی ١٩٣٤. پاشان لەوێوە چووەتە ئەمستردام، لە ئەکادیمییەی هونەرە جوانەکان بە ئەندام دامەزراوە. لەوێ لەسەر کوتاڵ وێنەی کێشاوە و دیزاینی شانۆی کردووە. وێنەی لەسەر شووشە کردووە لە ساڵی ١٩٥٧ لە ئەمستردام مردووە.

یەکێکی تر لە هونەرمەندانی تەعبیری ئەڵمانی لوڤیس کورینسە. لە ساڵی ١٨٥٨ لە شاری تابیو لە دایکبووە. سەرەتای کاری هونەری لە ئەکادمییەی کۆنگربرێگ بووە. لە ساڵی ١٨٨٧ لە ئەکادیمیەی میونیخ دەبێت بە قوتابی لۆدڤیک ڤۆن لۆفتر و لەوێشەوە پێوەندی بە ئەکادیمیەی جولیان دەکات لە پاریس، لە ساڵی ١٨٨٤–١٨٨٧ لەگەڵ ولیەم بۆگورو و تۆنی ڕوبەرت دەخوێنێ. چوار ساڵی ژیانی ڕابردووی لە ساڵانی ١٨٨٤–١٨٨٨ لە کۆنگزبرگ وێنەی کەسایەتی (پورترێت) و سروشتی کێشاوە و بابەتی گوزارشتی کولتووری بۆ کارکردن هەڵبژاردووە و چەند پەیکەرێکی پاکیزەی پیرۆز (مریەم) بە قەبارەی سروشتی دروست کردووە. بەهۆی ئەو کارەوە خەڵاتی پێ بەخشرا لە هۆڵی پاریس لە ساڵی ١٨٩٠دا ئەو کۆمەڵە پەیکەرەی دروست کرد، لە ساڵی ١٩٤٥ بە هۆی جەنگەوە ڕووخێنرا. لە ساڵی ١٨٩٠ چووەتە میونیخ. لە ساڵی ١٨٩١دا پێوەندیی بە

بزاوتی میونیخەوە کردووە. لە ساڵی ١٩٠١دا بە یەکجاری لە بەرلین نیشتەجێ دەبێت و هەر لەوێ خوێندنگەیەکی تایبەتی بە وێنەی ژنان دروست دەکات. لە ساڵی ١٩١٥ بووە ئەندامی فەخری لە ئەکادیمیەی میونیخ. لە ساڵی ١٩٢٥دا کۆچی دوایی کردووە. سەرەتای کارکردنی بە شێوازی لاساییکردنەوە بوو. تا لە سەدەی (١٩) بەدواوە شێوازی کارکردن ڕێبازی تەعبیری لە ئەودا ئاشکرا بوو. گەرچی لە ساڵی ١٩١١دا تووشی نەخۆشی دڵ دەبێت، بەڵام لەو کاتەدا لە چواردە ساڵی کۆتایی ژیانی زۆر بەوردی و پروچڕی کاری دەکرد و بەرهەمی ئەو ساڵانەی (٥٠٠) تابلۆ بوون، بە سەدان تابلۆی ئاوی و هێڵکاری لەو سەردەمەدا دروست کرد.

یەکێکی تر لە هونەرمەندانی تەعبیری ئەڵمانی **لیونیس فاینتگرە**. کوڕی موسیقییەکی بە ناوبانگ و لە ڕەچەڵەکدا ئەڵمانییە. لیونیک فاینتگر لە ساڵی ١٨٧١دا لە دایکبووە بە یەکێ لە هونەرمەندە تەعبیرییە باشەکان ناسراوە. سەرەتا لەژێر کاریگەری باوکیدا بە مۆسیقا دەستی پێ کردووە. بۆ یەکەم جار لە تەمەنی (١٢) ساڵیدا لە بەردەم هاندەران نمایشی مۆسیقی خۆی کردووە. لە ساڵی ١٨٨٧دا چووەتە ئەڵمانیا و بۆ خوێندن و پاشان لە مۆسیقاوە چووەتە ناو هونەری شێوەکارییەوە، زیاتر گرنگی بە شێوەکاری داوە. لەگەڵ ئەوەشدا بە درێژایی ژیانی دەستبەرداری مۆسیقا نەبووە. لەتەمەنی شانزە ساڵیدا بە ڕەزامەندی باوکی چووەتە خوێندنگەی پیشەیی لە هامبۆرگ و پاشان پێوەندیی کردووە بە ئەکادیمیەی بروسییەوە لە شاری بەرلین. لە ساڵی ١٨٨٨دا کۆمەڵێ وانەی بۆ ئەکادیمیەی کلاروسی لە پاریس ئامادە دەکات و نمایشی ئیشی کاریکاتێرەکانی لە گۆڤاری بەرلین ڕەت دەکاتەوە و بڕێک لە کارەکانی بە شێوازی تەکعیبی بوون. کارەکانی لای مارک جێگای بایەخ بوون هەر ئەمە وای لە مارک کرد کە فاینتگر دەعوەت بکات  بۆ بەشداری کردن لە نمایشی کۆمەڵەی (سواری شین) لە ساڵی ١٩١٣ لە بەرلین. فاینتگر بە درێژایی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ئەڵمانیا ژیا لە خوێندنگای باوهاوس لە ڤایمار لە ساڵی (١٩١٩) وانەی دەوتەوە. هەر لە ڤایمار لەگەڵ کاندنسکی و پۆڵ کلێ بەیەک گەیشتن. پاشان لە ساڵی ١٩٣٦ سەفەری ئەمریکای کرد و لەوێ پێوەندی کرد بە کۆلێژی میلزەوە لیۆنیل فاینترگ بە هۆی زوڵم و زۆری نازییەکانەوە ئەڵمانیای بەجێ هێشت و بۆ دواجار لە ئەمریکا نیشتەجێ بوو. لە ساڵی (١٩٤٧)دا بۆ سەرۆکی (وێنە کێشان و پەیکەرسازانی ئەمریکا) هەڵبژێردرا. لە ساڵی ١٩٥٦دا لە نیویۆرک کۆچی دوایی کرد. بڕێک لە کارەکانی بە شێوازی تەکعیبی بوون. کاریگەری تەکعیبییەکانی لەسەر بوو و سوودی لە تەکنەلۆژیا وەرگرتووە و بڕێک لە کارەکانی لە سەر فەزا بووە.

**جورج گروس**

هونەرمەندی تەعبیری ئەڵمانی لە ساڵی ١٨٩٣دا لە بەرلین لە دایکبووە. لە ساڵی ١٩٠٩دا پێوەندیی بە ئەکادیمیەی دریسدنەوە کردووە تا ساڵی ١٩١١. پاشان چووەتە خوێندنگەی هونەری پیشەیی لە ساڵانی ١٩١٢-١٩١٦. لە ساڵی ١٩١٤دا لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی، چووەتە ریزی سوپاوە و خزمەتی سەربازیی کردووە. تا لە ساڵی ١٩١٧دا بەهۆی خراپی تەندروستییەوە لە خزمەتی سەربازی دەربازی بوو. لەساڵانی ١٩١٧-١٩٢٠دا ئەندامێکی دیاری ڕێبازی دادایيەکان بوو. لە بەرلین لەگەڵ جون هارتفیلدب کۆمەڵێک کاری کۆلاژی دروست کرد. لە پاش دروستبوونی ئیشتراکییەتی ئەڵمانی هەڕەشەی لێ کرا، پاشان لە ساڵی ١٩٣٣دا چووە نیویۆرک و نیشتەجێبوو، لە قوتابخانەی هونەری تایبەت وانەی گوتووەتەوە. لە ساڵی ١٩٥٩ گەڕاتەوە بۆ بەرلین و هەر لە ساڵی ١٩٥٩دا کۆچی دوایی کرد. زۆرێک لە کارەکانی ئاوی بوونە و کاریگەریی جەنگی جیهانی لەسەر بووە. جۆرج گروس کاریگەریی ڕۆمانسیەتی لە سەربووە و نیویۆرکی زۆر خۆش ویستووە و هەر لە منداڵییەوە عەشقی ئەمریکا بووە و وێنەی نیویۆرکی کێشاوە.

هەواڵنامەی کتێب

**ئیریش هیکل**

هونەرمەندێکی دیکەی تەعبیری ئەڵمانی لە ساڵی ١٨٨٣دا لە شاری دوبیلن لە ساکسۆنی لە دایکبووە. لە ساڵی ١٩٠١دا بوو بە خوێندکار لە خوێندنگەیەکی شیمنتز، لەوێ شمیدتی ناسی و هەر لەوێ گرنگی بەکاری هونەری دا. لە ساڵی ١٩٠٤دا پێوەندی کرد بە پەیمانگەی تەکنەلۆژی لە دریسدن بۆ خوێندنی تەلارسازی و ژمارەیەک کاری سروشتی بەرهەمهێنا، پاشان لەگەڵ شمیدن و هاورێکانیدا کۆمەڵەی پردیان دروست کرد. ماوەیەک کاری هیکل دیزاینی تەلارسازی بوو لە کۆمپانیایەک لە دریسدن. هونەرمەند هیکل بە ئاراستەی ڕوحانی کاری دەکرد. لە ساڵی ١٩١٢دا کاری تەعبیری دەکرد و بە ڕێبازی تەعبیری وەرگرت. لە بیستەکانی سەدەی بیستدا کاری سروشتی کرد و گرنگی بە سروشت دەدا.

لە ساڵی ١٩١١ لەگەڵ شهیدت و کیرشنر چووەتە بەرلین. بەهۆی ئەوەی لیاقەتی بەدەنی نەبووە لە خزمەتی سەربازی دوور بووە. ساڵانی جەنگ نەخۆشکەوت لە ساڵانی ١٩٤٩-١٩٥٥دا لە ئەکادیمیەی هونەرە جوانەکان لە کارلزرو هونەری خوێندووە. لەگەڵ کۆمەڵەی پردا کاری کردووە و بەهۆی کاری دیزاینی تەلارسازییەوە پێوەندی لەگەڵ بازرگانەکاندا هەبووە. لە ساڵی (١٩٧٠)دا مردووە.

### کارل هوفر

لە سـاڵی ١٨٧٨دا لە کارلزر لـە دایکبوو، پاشـان پێوەندی کردووە بە ئەکادیمیـەی شتوتگارتەوە بۆ خـوێندنی هونەر. لە سـاڵانی ١٩٠٣–١٩٠٨دا لە ڕۆما ژیاوە و کۆمـەڵی کاری هونەری کردووە. لە سـاڵانی ١٩٠٨–١٩١٠دا لە پاریس ژیاوە و کاری هونـەری حەدیسـی کردووە بەرهـەمی ئەو دوو ساڵەی کۆمەڵێ تابلـۆ بوو بە شێوازی نـوێ. لە ساڵی ١٩١٤دا ماوەیەک لە فەرەنسا بـۆ پشوودان دەمـێنێـتـەوە. لە سـەردەمی هەڵگیرسـانی جـەنگی یەکـەمی جیـهـانی سـێ سـاڵ دەگـیرێ و بەند دەکرێ. لە سـاڵی ١٩١٧دا لە پاش ئازادکردنی لە بەرلین نیشتـەجـێ دەبێت. کارل هوڤـەر لە کاری هونەریدا کـاریگەری بیکمان و گروسـی لەسـەر بووە و بە یەکـێ لـە تەعبیرییە ناودارەکـان دادەنرێ و کـارەکـانی بە شـێـوازێکی نوێ و تـازەگەری دروست کـردووە و سـەرسـام بووە بە تابلـۆکانی پـۆڵ سـیزان، لە سـاڵی ١٩٣٣دا لە لایەن نازییـەکانەوە لە پۆسـتـەکەی لابراوە، کـە پۆسـتێکی فـێرکـاری بوو لە ئەکادیمیـەی بەرلین. کارڵ هوفر لە ساڵی ١٩٢٠دا هەتا ١٩٣٣دا لە ئەکادیمیەی بەرلین بوو تا نازییەکان دەریان کرد. لە ساڵی ١٩٣٧دا لە لەمیونیخ پیشانگەی تایبەتی کردووەتەوە و پاشان چووەتەوە سەر کارەکەی لە ئەکادیمیەی بەرلین. لە ساڵی ١٩٥٥دا کۆچی دوایی کردووە.

کـارل هوڤـر یەکێکە لە هـونەرمـەندانی تەعبیـری ئەڵمانی و لە کـارەکـانیدا کـاریگـەریی جـەنگی جیهانی و زوڵم و زۆری لەسـەر بووە. و تابلۆکانی گوزارشت بوون لە غەم و نەخۆشـی و ماڵوێرانی و کاولکاریی جەنگ.

### ڤاسیلی کاندنسکی

یەکێکی دیکەیە لە هونـەرمەندانـی تەعبیـری. کـاندنسکی بە یەکێ لە بـەناوبانگترین و دیارترین هونەرمـەندانی تەعبیری دادەنرێ. کاندسکی لە ساڵی ١٨٦٦دا لە دایکبووە. لە سـاڵانی ١٨٨٩–١٨٩٥دا کۆمەڵێ کـاری گرنگی کردوون. لە ساڵی ١٨٨٩ سەفەری ناوچەی (ڤولوگدا)ی کردووە و لەوێ کەشـفی هونەری فۆکلۆری میللی ڕوسـی کردووە پاشـان سەردانی مۆزەخـانەی ئارمیتاجی کردووە لە سـانت بترسـبۆرگ، کە ئێسـتـا مـۆزەخـانەی لینینگرادە. لە سـاڵی ١٨٩٦دا داوای لی دەکـەن لە زانکۆی دوریات لە بـەشی یاسـا، بە وانـەبێـژ دابمەزرێت، کـاندنسکی ئەو داوایە ڕەت دەکاتەوەو پاشان دەچێتـە میونیخ بۆ خوێندنی هونەر. لـە سـاڵی ١٩٠٠دا کۆمـەڵێ وانەی هونەری لە ئەکـادیمیـەی مـیونیخ ئـامـادە دەکات و کـۆمـەڵەی فـالانسکی هونـەری دادەمـەزرێنێ لە سـاڵی ١٩٠٢دا قـوتابخـانـەی تایبـەتی هـونەری کردەوە. تا سـەرهەڵدانی جـەنگی یەکـەمی جـیـهـانی لە ئەڵمـانیا مـایەوە. لە ساڵی ١٩٠٩دا پیشانگەیەکی لە میونیخ کردەوە کارەکانی ئەو پیشـانگەیەی

گوزارشت بوون لە ژیانی گوند و گوندنشینی کە خۆی لەو ماوەیەدا لە ١٩٠٩دا لە گوند ژیابوو. لە ساڵی ١٩١٢دا کتێبەکانی بڵاوکردەوە کە تایبەت بوون بەهونەر و گرنگیدان بە ڕەنگ و دەروون و هەستی هونەری و ڕوحانییەت. یەکێ لە کتێبەکانی بە ناوی (لە بارەی ڕوحانییەت لە هونەردا) لە پاش هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهانیدا کاندنسکی گەڕایەوە بۆ ڕوسیا .لە ساڵی ١٩٢٢دا لە قوتابخانەی باوهاوس وانەی وتووەتەوە. لەپاش داڕووخانی نازییەکان چووەتە بەرلین و دووجار چووەتە پاریس و لە ساڵی ١٩٤٤دا وەک هونەرمەندێکی بەڕەچەڵەک ڕووسی لە پاریس کۆچی دوایی کردووە.

## ماکس کاوس

یەکێکی دیکە لە هونەرمەندانی ئەڵمانی سەردەمی ڕێبازی تەعبیر و کاریگەری کۆمەڵەی (پرد)ی لەسەر بووە. لە ساڵی ١٨٩١دا لە بەرلین لە دایکبووە. پێوەندی بە خوێندنگای پیشەییەوە کردووە لە بەرلین لە ساڵانی (١٩٠٨–١٩١٣)دا ڕاهێنانی لەسەر وێنەی دیکۆر کردووە. ساڵی ١٩١٤ سەردانی پاریسی کردووە. لە سەرەتای خزمەتی سەربازی لە خەستەخانەی بەلجیکا لە ساڵانی ١٩١٥–١٩١٨ پێوەندی بە هیکل و کیرشباومر و ئۆهیربگەوە کردووە. کاوس لە قوتابخانەی هونەری بەرلین هونەری خوێندووە لە ساڵانی (١٩٢٦–١٩٣٨)دا پاشان بووەتە مامۆستا لە ئەکادیمیەی بەرلین. لە ساڵی ١٩٧٧دا لە بەرلین کۆچی دوایی کردووە. کاوس لە ساڵانی ١٩١٨–١٩٣٠دا بە شێوازی تەجرید کاری کردووە و سەرسام بووە بە کارەکانی جان فیرمیر مامۆستای هونەری هۆڵەندی لەسەدەی (١٧)دا.

## ئێرنست لۆدڤیک کیرشنر

لە ساڵی ١٨٨٠ لە شاری ئژشافنبرگ لە دایکبووە. پاش کۆچکردنی خێزانەکەی تا ساڵی ١٨٩٠ لە شاری شمینتز نیشتەجێبوو. هەر زوو دەستی بە هێڵکاری کرد و پاشان لە ساڵی ١٨٩٨دا چووتە نۆرمبیرگ و لەسەر داوا و حەزی باوکی پێوەندی کردووە بە پەیمانگەی تەکنەلۆژی لە دریسدن و ساڵی ١٩٠١ دراسەی لەسەر تەلارسازی کرد و پاشان چووتە ئە کادیمیەی میونیخ بۆ وەرگرتنی وانە و کاری هونەری، هەر لە ساڵی ١٩٠٥ دا بوو کۆمەڵەی پردی لەگەڵ هاوڕێکانیدا دروست کرد. لە ساڵی ١٩١٥دا بەهۆی خزمەتی سەربازییەوە. تووشی دارمانی دەروونی دەبێت و پاشان تەسریح دەبێت و دەچێتە سویسرا لە ساڵی ١٩١٧دا دەگەڕێتەوە بەرلین و بە کارەساتی تورمبێل تووشی شەلەل دەبێت، لە ساڵی ١٩١٨دا دەگەڕێتەوە

بۆ سویسرا و کاری بە ڕێبازی تەعبیری و تەکعیبییەوە کردووە. کاریگەریی لەسەر هونەری ئەوروپی هەبووە، هونەری ئەوروپی نوێ دا پاش چاکبوونی باری تەندروستی دەوری گرنگی هەبوو لە هونەری ئەوروپی حەدیس. لە ساڵی ١٩٢٥دا سەردانی زیوریخ دەکات و یەکەم پیشانگەی تایبەتی خۆی دەکاتەوە. لە ساڵی ١٩٢٣دا لە بەرازیل هونەرمەندە سوریاڵییەکان سوودیان لە ئاراستە و شێوازی کارکردنی ئەو وەرگرتووە. لە ساڵی ١٩٣١دا هەڵبژێردرا بۆ ئەندامی ئەکادیمیەی بروسییە لە بەرلین. لە ساڵی ١٩٣٣دا نازییەکان دەستیان بەسەر (٦٣٩) تابلۆدا گرت. لە ساڵی ١٩٣٨دا کۆچی دوایی کرد.

### پۆل کلی

یەکێکی دیکەیە لە هونەرمەندانی تەعبیری ئەڵمانی لە ساڵی ١٨٧٩دا لە شارۆچکەیەکی بچووکی سویسرا، نزیک برن لە دایکبووە. لە ساڵی ١٨٩٨دا دەستی بەکاری هونەری کرد لە میونیخ لە ساڵانی ١٩٠٢–١٩١٢دا کۆمەڵێ تابلۆی بەرهەم هێنا. ساڵی ١٩١٢ بەشداری پیشانگەیەکی کرد لەگەڵ کۆمەڵەی (پرد)و لە هۆڵی پاییز نمایشی کارەکانی کرد. پۆل کلێ سەرسام بوو بە مەزهەبی (ئۆرفی)و سەردانی تونسی کردووە و خزمەتی سەربازی کردووە لە هێزی سەربازی ئەڵمانی. لە ساڵی ١٩٢١دا پەیوەندی کرد بە خوێندنگای باوهاوس لە ڤایمار بۆ خوێندن. ئەو ساڵانەی لە باوهاوس بوو، خۆشترین ساڵانی ژیانی بوو. لە پاش بڵاوبوونەوەی کتێبی یەکەمی کۆمەڵێ لێکۆڵینەوەی لە بارەی هونەری نوێوە بڵاوکردەوە.

لە ساڵی ١٩٣١دا لە باوهاوس کشایەوە، لە ساڵی ١٩٣٣دا ئەڵمانیای بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ سویسرا. لە ساڵی ١٩٤٠دا بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. کارەکانی کلی برێکیان بە شێوازی تەکعیبی بوو، برێکیان بە شێوازی تەعبیری ئۆسکار کوکوشکا. لە ساڵی ١٨٨٦دا لە شارۆچکەی پوشلارن لە نەمسا لە دایک بووە. لە ساڵانی ١٩٠٥–١٩٠٩دا لە قوتابخانەی پیشەیی هونەری خوێندووە. هەر زوو دەستی بە کاری هونەری کردووە لەگەڵ هونەری شێوەکاریدا شاعیر و دراما نووسیش بووە و برێک لە کارەکانی بە شێوازی گرافیک و هێڵکاری بووە. لە ساڵی ١٩٠٩دا نمایشی شانۆگەری (کوشتنی ئومێدی ژن)ی کردووە. لە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا لە بواری ئەدەبدا دەینووسی و خزمەتی سەربازی کردووە و لە سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەهۆی هێرشی رووسەکانەوە بریندار بووە. لە ساڵی ١٩١٧دا بۆ پشوودان و باشبوونی تەندروستی لە نزیک درسدن نیشتەجێبووە. لە ساڵی ١٩١٩دا لە ئەکادیمیەی دریسدن بووە بە مامۆستا. لە ساڵی ١٩٢٤دا وازی لە وەزیفەکەی هێناوە لە ئەکادیمیە و بە درێژایی حەوت

ساڵ لە سەفەردا بووە. تا لە ساڵی ١٩٣١ گەڕاوەتەوە بۆ ڤیەنا کاتێ نازییەکان دەسەلاتیان گرتە دەست و نەمسایان داگیر کرد. کوکوشکا بۆ کارکردن چووە براگ پاشان لە ساڵی ١٩٣٨دا ڕایکرد بۆ لەندەن و دە ساڵ لەوێ ژیا، لە پاش جەنگی دووەمی جیهانی کۆمەڵێ سەفەری کرد و لە ساڵی ١٩٥٣دا لە فیلینوف لە جنێف نیشتەجێبوو و کۆمەڵێک لە کارەکانی لەسەر سروشت و پۆرترێت بوون و سوودی لە ژیانی کەنار دەریا وەرگرت. لە ساڵی ١٩٨٠دا لە مۆنترو لە سویسرا کۆچی دوایی کرد. بەهۆی خراپبوونی باری تەندروستییەوە. لە سەربازی ڕزگاری بوو. کوکوشکا کاریگەری لەسەر شانۆی تەعبیری ئەڵمانی هەبوو و گرنگی بە شانۆی تەعبیری ئەڵمانی داوە. برێک لە کارە شانۆییەکانی بەشێوازی کۆمیدی بوون، دژی جەنگ لە ژیانیدا سەفەری زۆری کردووە. سەفەری لەندەن و پاریس و ئەستەمبوڵ و وڵاتانی ئاسیاو سەردانی فەڵەستینی کردووە، هەر لە فەڵەستین وێنەی قودسی کێشاوە.

## جۆرج کۆڵبە

هونەرمەندێکی تەعبیرییە لە ساڵی ١٨٧٧دا لە شاری ڤالدهایم سەر بە ناوچەی سەکسۆنی لە دایکبووە. لە نێوان ساڵانی ١٨٩١–١٨٩٧دا لە ئەکادیمیەی دریسدن و میونیخ هونەری خۆی نواندووە و پاشان لە ئەکادیمیەی جولیان لە پاریس هونەری خوێندووە. لە ساڵی ١٨٩٨دا کاری پەیکەرسازی کردووە. پاش چەند سەفەرێک بە کیشوەرەکانی ئەوروپا و باکووری ئەفریقا و روسیا، بۆ دواجار لە ساڵی ١٩٠٣دا لە بەرلین نیشتەجێبوو. کاریگەریی پەیکەسازی فەرەنسی ڕۆدانی لەسەر بوو. لە ساڵی ١٩٤٧دا کۆچی دوایی کرد لە بەرلین و لە پاش مردنی ماڵەکەی کرا بە مۆزەخانە.

## کیتە کولڤتز

ژنە هونەرمەندی ئەڵمانی کە کارەکانی گوزارشت بوون لە هەژاری و نەداری و تراژیدیای کۆمەڵگە و جوتیارانی سەردەمی دەرەبەگی. کولڤتر لە ساڵی ١٨٦٧دا لە کونێگسبرگ لە دایکبووە، کە پایتەختی بروسیلی ڕۆژهەلاتە. لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا دەستی بە کاری هونەری کرد و بوو بە قوتابی لە خوێندنگەیەکی تایبەت بە ژنان لە بەرلین. لە ساڵی ١٨٨٨دا لە سەرەتای دراسەی ئەو لەسەر هونەری شێوەکاری لە خوێندنگای هونەری ژنان لە میونیخ توانای ئەو ئاشکرا بوو لە شێوازی گرافیکدا. پاشان لەگەڵ کارل کولڤتری پزیشک ژیانی دروست کرد، کە پزیشکی خەڵکی هەژار و نەدار بوو. هەر لە گەڕەکی کرێکاران لە بەرلین نیشتەجێبوو. کیتە

کولڤتز زۆربەی کارەکانی باسی ژیانی هەژاران و کرێکاران و جووتیاران بوو، گوزارشت بوون لە ژیانی هەژاران. لەساڵی (١٨٩٨)دا کۆمەڵێک لەکارەکانی لە پیشانگەی بەرلین نمایش کرد. مەدالیای ئاڵتوونی وەرگرتووە. لەساڵی (١٨٩٩)دا (پورە النساجین) لە دیسدن بڵاودەکاتەوە، کە گوزارشت بوو لە ژیانی ئەو کرێکارانەی لە کارگەدا کاری چنینیان دەکرد. لەساڵی (١٩٠٢) تا ساڵی (١٩٠٨) دووەمین زنجیرەی کاری خۆی بەرهەم هێنا بەناوی جەنگی جووتیارانەوە. (حرب الفلاحین).

لەساڵی (١٩٠٧)دا دیداری چاپەمەنییەکانی (الانفجار)ی بەدەستهێنا. لە ساڵانی (١٩٠٤-١٩٠٧)دا لە پاریس لە ئەکادیمیای جولیان کاری پەیکەرسازی کردووە.

لەساڵی (١٩١٩)دا وەک یەکەم ژنە هونەرمەند هەڵبژێردرا بۆ ئەندامی ئەکادیمیای بروسییەی هونەرە جوانەکان. کاتێ نازییەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست کتیە و مێردەکەی دژی بوون و دژایەتی نازییان کرد. سەرباری ئەوەش نازییەکان ڕێگرییان لەکارکردنی نەکرد. کیتە کولڤتز لەگەڵ سۆشیالیستەکان بوو. لەساڵی (١٩٤٠)دا مێردەکەی دەمرێ و ساڵێک لەپاش مردنی پیاوەکەی ماڵەکەی لە بەرلین دەکەوێتە ژێر بۆمبە ئاسمانییەکانی جەنگ و لەساڵی (١٩٤٤)دا ئەمیری سەکسۆنیا جێگایەکی بۆ دابین دەکات لە نزیک دریسدن. لەساڵی (١٩٤٥)دا کۆچی دوایی دەکات.

**ولهلم لیمبرۆک**

هونەرمەندی ڕۆحی کە کارەکانی کەشفی ڕۆحی مرۆڤی دەکرد و گوزارشت بوون لە دەروونی مرۆڤ. لیمبرۆک لەساڵی (١٨٨١)دا لە میدیرتش لە دەوروبەری دوزبرگی پیشەسازی لەدایکبووە و لە باوکێکی کرێکار لەدایکبوو. هەرزوو دەستی بەکاری هونەری کرد و کاری پەیکەرسازی کرد. لە ساڵانی (١٨٩٥ - ١٨٩٩)دا پێوەندی کرد بە خوێندنگەی پیشەییەوە لە دۆسلدۆرف لە ساڵانی (١٩٠١ - ١٩٠٧)دا لە ئەکادیمیای هەمان شار دەستی بەخوێندنی هونەر کردووە. لەساڵی (١٩١٠)دا لە پاریس نیشتەجێبووە. لەساڵی (١٩١٤) پاریس بەجێدەهێڵێت و بۆ ئەڵمانیا دەگەڕێتەوە، لەساڵی (١٩١٦)دا ئەچێتە زیوریخ و تێکەڵ بە دادائییەکان دەبێت و ماوەیەک لەگەڵ دادیزمدا دەژی تا لەساڵی (١٩١٩) گەڕایەوە بەرلین و هەر لەو ساڵەدا لە بەرلین مرد.

**ئۆگست ماک**

یەکێکی دیکەیە لە هونەرمەندانی تەعبیری ئەڵمانی ئەندامێکی دیاری کۆمەڵەی سواری شینە.

لەساڵی (١٨٨٧)دا لە میشید لە دایکبووە. لەساڵی (١٩٠٤) پێوەندی بە ئەکادیمیای دۆسلدۆرفەوە دەکات. لە قوتابخانەی هونەری پیشەیی دەخوێنێ پاش تەواوکردنی خوێندن لە بەرلین وانەی هونەری دەڵێتەوە. لە ساڵانی (١٩٠٧ – ١٩٠٩)دا چەند سەفەرێکی پاریسی کردووە.

لە باڤاریا هاورێیەتی لەگەڵ مارک و کاندنسکیدا دروست کردووە. لەساڵی (١٩١٠) لە بۆن نیشتەجێبوو. لەساڵی (١٩١١)دا لە میونیخ بەشداری یەکەم پیشانگەی کۆمەڵەی (سواری شینی)کرد. لەساڵی (١٩١٢)دا بۆ دواجار سەفەری پاریسی کرد و لەکاری هونەریدا کاریگەریی ڕێبازی تەکعیبی و وحوشی و ئینتباعییەکانی لەسەر بوو. لەساڵی (١٩١٤) بەهاورێیەتی کلی و موالیە، وێنەگری سویسری سەردانی ئەفریقایان کردووە و پاشان چوونەتە تونس هەرلەوێ ماوەیەک کاری هێڵکارییان دروست کردووە و وێنەی ئاویان دروست کردووە. لەساڵی (١٩١٤) لەسەردەمی هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی لەپاش خۆبەخشینی بۆ خزمەتی سەربازی لە خاکی فەرەنسا کوژرا.

## فراترمارک

مارک کوڕی وێنەکێشێکی ئاسایی بوو کە وێنەی سروشتی دەکێشا. لەساڵی (١٨٨٠)دا لە میونیخ لەدایکبووە. لە ساڵانی (١٩٠٠ – ١٩٠٣) پێوەندی بە ئەکادیمیای میونیخ کردووە. بۆ خوێندنی هونەری بە هاورێیەتی گابرییل هاکل و ولهلم دییز لەساڵی (١٩٠٣)دا لەپاش تەواوکردنی ئەکادیمیا سەفەری پاریس دەکات و پاشان سەفەری بەریتانیا دەکات و هونەری ئینتباعی و پاشان ئینتباعییەکانی ناسیوە. لەساڵی (١٩٠٧)دا جارێکی دیکە سەردانی پاریس دەکاتەوە و سوودی زیاتر وەردەگرێ لە هونەردا.

لەساڵی (١٩١١)دا لە هۆڵی تانها ورز لە میونیخ پیشانگەی کردۆتەوە. لەساڵی (١٩١٢) بەکاریگەری پیکاسۆ و براک بە شێوازی تەکعیبی کاری کردووە. لەساڵی (١٩١٢) لەگەڵ ماکدا سەفەری پاریسیان کردووە. لەساڵی (١٩١٤) لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا چۆتە ڕیزی سوپاوە بۆ خزمەتی سەربازی و چەند کارێکی هێڵکاری دروست کردووە. لەساڵی (١٩١٦)دا لە نزیک ڤیردان لە تەمەنی (٣٦)ساڵیدا کوژراوە و بووە بە قوربانی جەنگ.

## باولا مودرسون بیکر

ژنە هونەرمەندی تەعبیری ئەڵمانی لەساڵی (١٨٧٦) لە دریسدن لە ماڵێکی ڕۆشنبیر و ئەدەب

دۆستدا لەدایکبووە. لەساڵی (١٨٨٨) خێزانەکەی دەگوێزنەوە بۆ مینای بریمن. لەتەمەنی شانزە ساڵیدا وانەی هونەری وەردەگرێ لەلای وێنەکێشێکی ناوخۆیی. پاشان دووساڵ لە پەیمانگەی بریمن هونەر دەخوێنێ. لە ساڵانی (١٨٩٦ – ١٨٩٨)دا پێوەندی دەکات بە خوێندنگای ژنانی وێنەکێشانی بەرلین. لەساڵی (١٨٩٧)دا لەسەرەتای پشووی هاویندا سەردانی گوندی ڤوربسوید دەکات لەوێ کاریگەری ژیانی گوندنشینی و سروشتی لەسەر دروست دەبێت. کارەکانی گوزارشت بوون لە رۆمانسییەت و ژیانی جووتیاران. لەساڵی (١٨٩٨)دا سەفەری ڤوربسوید دەکات بۆ راهێنان لای ماکینسون. کە تایبەتمەندی لە وێنەی جووتیاران و ژیانی گوندنشینیدا هەبوو، هەر لەهەمان کاتدا دەبێتە هاوڕێی کلارا ویستهۆفی پەیکەرساز کە ژنی شاعیری بەناوبانگی ئەڵمانی (ریلکە)بووە. ساڵی (١٨٩٩)دا دەچێتە پاریس بۆ خوێندنی هونەر لە ئەکادیمیای کولارونسی. لەوێ وانەی هونەر دەخوێنێ و بۆ یەکەمجار لە مۆزەخانەی لۆڤەر تابلۆکانی پۆل سیزان دەبینێ.

لەساڵی (١٩٠١)دا سەردانی دووەمی دەکاتەوە بۆ پاریس و لە ئەکادیمیای کولاروسی وێنەی کێشاوە و لە لۆڤەر وێنەی پەیکەرە کۆنەکانی میسری و ئەغریقییە کۆنەکانی دروست کردووە و سوودی لە پەیکەرەکانی میسری و ئەغریقی کۆن بینیوە. لەسەردانی سێیەمی بۆ پاریس پێوەندی بە ئەکادیمیای جولیانەوە دەکات و لەوێ تابلۆکانی ڤانکوخ دەبینێ. تا ساڵی (١٩٠٧) لە پاریس دەمێنێتەوە و لەوێ سوود لە تابلۆکانی ڤانکوخ و سیزان و گۆگان دەبینێ.

لەساڵی (١٩٠٦)دا بەهۆی کاری هونەری و بیروڕای ئازاد و سەفەرکردنەوە لە مێردەکەی جودادەبێتەوە و ئەو جودابوونەوەیە تا دواساتەکانی ژیان ئازاری دەدات.

هەرلە ساڵی (١٩٠٦)دا لەپاش گەڕانەوەی بۆ ڤوربسوید بەجەڵدەی دڵ دەمرێ.

لەو ماوە کورتەی تەمەنیدا (٥٠٠) وێنە و نزیکی (١٠٠٠) هێڵکاری بەرهەمهێناوە، یەکێ لە تابلۆکانی تابلۆی (گوندنشینی پیر)ە کە نازییەکان ئەو تابلۆیەیان وەک لاوازی ئەڵمانییەکان پێناسە کرد. نازییەکان بە ئەفکاری سۆپەرمان ئەو تابلۆیەیان وەک لاوازی ئەڵمانییەکان نیشان دا. هەر لەبەرئەوەبوو لە ساڵی ١٩٣٧ دا دەستیان بەسەر تابلۆکەدا گرت. **ئۆتومولر** لە ساڵی ١٨٧٤ لە شاری لیبەو لەدایکبووە، سەرەتای کارکردنی لەسەر ژیانی قەرەج بوو. هەربەو کارە نەناسرا. سەرەتای کارکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٩٠ لە (لیشوگراف) لە شاری کورلیتز.

لە ساڵانی ١٨٩٤ – ١٨٩٦ پێوەندی بە ئەکادیمییای دریسدن کردووە. پاشان سەفەری میونخی کردووە بۆ کاری هونەری و دوایی گەڕاوەتەوە بۆ دریسدن. لە ساڵی ١٨٩٩دا پێوەندی بە ماشکار

مایر هوفرەوە کردووە و پاشان لە ساڵی ١٩٠٥دا خواستوویەتی و خێزانی لەگەڵدا دروست کردووە. ئەم ژنە (ماشکا مایر فوهر) ژنێکی خۆپەرست و تەماحکاربووە و ژیانی لە ئۆتومۆلر تاڵکردووە، تا لە ساڵی ١٩٢٠دا تەڵاقی داو خۆی لێ قوتار کرد.

ئۆتومولر لە ساڵانی ١٨٩٩ ڵ ١٩٠٨دا ژیانێکی ئاڵۆزی گوزەراندووە. لە چیای سیلیسیا وێنەی سەماکەرەکانی دروست کردووە بە شێوازی زەخرەفی کاری کردووە.

لە ساڵی ١٩٠٨دا چووەتە بەرلین و لیمبروکی ناسیوە و بە پەیکەرەکانی سەرسام بووە.

لە ساڵانی ١٩١٠ – ١٩١٥دا ماوەی داهێنانی ئەوبوو لە هونەردا. لە ساڵی ١٩١٦دا بەویستی دەچێتە ڕیزی سوپاوە و کاری خۆبەخش دەکات، تا تووشی ئاوسانی سییەکان دەبێت و سەرباری نەخۆشی واز لە سەربازی ناهێنێ و بەردەوام دەبێت لە خزمەتی سەربازی تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی. پاشان بە مامۆستای ئەکادیمیای بریسلاو دادەمەزرێ.

لەساڵی ١٩٢٤دا چەند سەفەریکی کرد بۆ ناوەڕاستی ئەوروپا لە ساڵی ١٩٣٠دا سەفەری هەنگاریا و بولگاریای کرد. دواجار گەڕایەوە بریسلاو هەر لە ساڵی ١٩٣٠دا لە بریسلاو بە نەخۆشی کۆچی کرد لە ئەنجامی سەفەرکردنی بە ئەوروپادا و سەفەری بولگاریا و هەنگاریا سوودی لە ژیانی قەرەج بینی بۆ کاری هونەری تەعبیری. وە یەکێک بووە و ئەندامانی کۆمەڵەی پرد، بە یەکێ لە هونەرمەندانی تەعبیری ئەڵمانی، **نولدە** زۆر بەوردی و چڕی و ئاڵۆزی کاری دەکرد و لە خێزانێکی پرۆتستانت بوو. شێوازی کارکردنی گوزارشت بوو لە ئایین و سروشت.

نولدە لە ساڵی ١٨٦٧ لە بێستانەکەی باوکیدا، لە نولدە لە دایکبووە و لە گوندێکی بچووکە دەکەوێتە سەر دەریای باکوور لە نزیک سنووری ئەڵمانیا لە دانیمارک ماوەیەک کاری هونەری بازرگانی کردووە و کاری هەڵکۆڵینی لەسەر دار کردووە و دیزاینی کردووە و لە پاریس لە ساڵی ١٩٠٠ لە ئەکادیمیای جولیان هونەری خوێندووە، پاشان گەڕاوەتەوە باکووری ئەڵمانیا و لە ساڵی ١٩٠١ (ئیدا ڤیلدسدروبی) مارەکرد و خێزانی لەگەڵ دروستکرد.

لە ساڵی ١٩٠٣دا چووەتە دوورگەی (ئلیسن) و کۆمەڵێ کاری هونەری دروست کردووە، لەوێ لە ئلیسن تابلۆی لەسەر سروشت دروست کردووە.

لە ساڵی ١٩١٣دا لەگەڵ (ئیدا ڤیلیدستروب) ی ژنیدا گینیای تازەی کردووە و پاشان لەساڵی ١٩١٧دا چووەتەماڵێکی گوندنشینی لە ناوەڕاستی سیلزوێک نیشتەجێبووە.

لەساڵی ١٩٢٧دا چووەتە سیبول. لە ساڵی ١٩٣١دا لە ئەکادیمیای بروسییە لە بەرلین دامەزراوە.

لەساڵی ١٩٣٥ تووشی نەخۆشی شێرپەنجەی گەدە بووە، هەفتەیەک لە خەستەخانە مایەوە و لە ساڵی ١٩٣٧ پاش هاتنە دەرەوەی لە خەستەخانە کۆمەڵێک کاری دروست کرد و سی تابلۆی نمایشکرد، زۆرێک لە تابلۆکانی بەهۆی جەنگی جیهانییەوە تیاچوون. لە ساڵی ١٩٥٦دا لە سیبول مرد. نولدە لە کاری ئاویدا ئەزموونی باشی هەبوو. (١٣٠٠) وێنەی ئاوی بەرهەمهێناوە، جگەلەوە بەشێوازی دیکە و کەرەستەی دیکە کاری کردووە و بەشێوازی گرافیک کاری کردووە.

یەکێکی دیکە لە هونەرمەندانی تەعبیری ئەڵمانی **ماکس بیکشتاینە**، ماکس بیکاشتاین لە ساڵی (١٨٨١) لە "زیکاو" لەدایک بووە. لە ساڵی (١٩٠٠) چووەتە قوتابخانەی هونەری پیشەی لە دریسدن. پاش دوو ساڵ چووەتە ئەکادیمیای دریسدن و بۆیەکەم جار بەشداری پێشەنگای کۆمەڵەی پردی کردووە. لە ساڵی دووەمی خوێندنی لە ئەکادیمیەی دریسدن زەمالەی وەرگرت و سەفەری ئیتالیای کرد و پاشان گەڕاوەتەوە ئەڵمانیا و پێوەندی کردووە بە هونەرمەندی هۆڵەندی (کیزڤان دونگسن) و لەساڵی (١٩٠٥) لەگەڵ مانیس و هاوڕێکانی لە هۆڵی پاییز لە پاریس بەشداری پێشەنگای کردووە لەگەڵ کیرشنرو شمیدت و هیکلدا کاری کردووە. لە ساڵی (١٩١٠) بەیەکجاری لە بەرلین نیشتەجێبووە. لە ساڵی (١٩١١) کۆمەڵێک پیشانگەیان ڕێکسخت و لەگەڵ کیرشتردا قوتابخانەی هونەری تایبەتیان دامەزراند. لە ساڵی (١٩١٢) لە کۆمەڵەی پرد دابڕا. لە ساڵی (١٩١٤) سەفەری بالواتی دەکات کەژێر دەستەی ئەڵمانییەکان بوو، تا هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی، یابانییەکان بالواتییان داگیرکرد و فەرمانی گرتنی ماکس بیکشتاین و ژنەکەیان دا، پاشان ماکس و خێزانەکەی نێردران بۆ ناگازاکی دواجار ئازادکران و چوونە شنگهای و مانیلا و لەوێشەوە بۆ سان فرانسیسکۆ و نیویۆرک و دواجار لە ساڵی (١٩١٥) گەڕانەوە ئەڵمانیا.

لە ساڵی (١٩١٨) کۆمەڵەی (تشرینی دووەمیان) دامەزراند بەهاوکاری هاوڕێیەکانی. لە ساڵی (١٩٢٢) بوو بەئەندام لە ئاکادیمییەی بروسییە. پاشان نازییەکان لە وەزیفەکەی دەریان کرد. تا لەساڵی (١٩٤٥) کرا بە ئوستازی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەرلین لە ساڵی (١٩٥٥) لەبەرلین مرد.

### کارل شمیدت

وتلوف هونەرمەندی تەعبیری ئەڵمانی لە ساڵی (١٨٨٤) لە ڕوتلوف لەدایکبووە. باوکی ئاشەوان بووە، لە ساڵی (١٩٠٥)دا پێوەندی کرد بە پەیمانگەی هونەری بۆ خوێندنی هونەری تەلارسازی لە دریسدن شمیدت دامەزرێنەری کۆمەڵەی پردە و هەرخۆی ناوی نا کۆمەڵەی پرد، پرد وەک

سیبمولی پەڕینەوە بۆ هونەری تازە و ژیانی تازە بەدامەزراندنی کۆمەڵەی پرد. نازناوی روتلوف بەخشرایە شمیدت لە تابلۆکانی ئینتباعییەکانی فەرەنسی ڕەنگی دایەوە. لە ساڵی (١٩١١) شمیدت وەک کیرشنرو هیلک گواسترایەوە بۆ بەرلین، بەهەمان شێوەی هاوڕێکانی چووە ڕیزی سوپاوە، لە سالآنی (١٩١٥– ١٩١٨) پێوەندی بە سوپاوە کرد لە ساڵی (١٩١٣) لە بروسییە دامەزرا و پاشان لە ساڵی (١٩٣٣) لەژێر گوشاری نازییەکان وازی لە پۆستەکەی هێنا. لە ساڵی (١٩٣٨)دا نزیکەی (٦٥٠) تابلۆی بەرهەمهێنا و (٥١) نامیش کرد، لە ساڵی (١٩٤٧) پۆستێکی خوێندنی لە ئەکادمییەی هونەرەجوانەکان وەرگرت لە ساڵی (١٩٥٤) وازی لێ هێنا. لە ساڵی (١٩٦٧) ژمارەیەکی زۆری کارەکانی پێشکەشی شاری بەرلینی ڕۆژئاوایی کرد. لە ساڵی (١٩٧٦) لە بەرلین کۆچی دوایی کرد. لێرەدا ئەوەی ماوتەوە بیڵێم، ئەوەیە کە ئەم هونەرمەندانە سەرباری جەنگ و ماڵوێرانی و کوشتار و ژیانی سەربازگە. توانیویانە داهێنان لەهونەری تەعبیری ئەڵمانی بکەن. هونەرمەندای ئەم سەدەیە لە ناوجەنگ و لەژێر دەسەلآتی داگیرکەر و خوێنمژیی نازیدا ژیاون و بەهەژاری ژیاون، جەنگ و ماڵوێرانی هەبووە لەسەر هونەرمەندانی تەعیبری ئەڵمانی و برێک لە هونەرمەندان لەتاو جەنگ و ماڵوێرانی و زوڵم و زۆری نازییەکان ئەڵمانیایان بەجێهێشت و سەفەری ئەمریکا و ڕوسیا و وڵاتانی ئەوروپییان کرد، و برێکی تر لە هونەرمەندانی تەعبیری ئەڵمانی بوونە قوربانی جەنگ و ماڵوێرانی و لەجەنگدا کوژران. زۆرێک لە تابلۆکانی هونەرمەندانی تەعیبری ئەڵمانی لەناوچوون و نازییەکان دەستیان بەسەر برێک لەو تابلۆیانەدا گرت. سەرباری هەموو ئەو گیروگرفت و ماڵویرانی و جەنگ و زوڵم و زۆرە سەردەمی تەعبیری ئەڵمانی سەردەمێکی گەشاوە و پڕ چالاکی هونەری و ئەدەبی و فیکری بووە، هونەرمەندانی ئەڵمانی لە ڕۆژگای جەنگدا چالاکییە هونەرییەکانیان نمایش کردووە و سوودیان لە تراژیدیای جەنگ و کاولکاری بینیوە و کاریگەری جەنگیان لەسەر بووە، بەو پێیەی کە زۆربەی هونەرمەندانی ئەڵمانی قوربانی ئەو جەنگ و ماڵوێرانییە بوون.

**سەرچاوە:**

١–محيط الفنون ٢–روائع التعبيرية الالمانية

هونەر



وشیار ئەحمەد ئەسوەد

# دارمانی هونەری مەقام و سڵەمینەوە لە پیرۆزییەکانی

**بەیات.. حیجاز.. سێگا.. ڕاست.. چوارگا.. حوسێنی.. نەهاوەند**



مەقامی کوردی گەیشتۆتە ئاستی دارمان و لە تووناچوون نزیک بۆتەوە، بێگومان هۆکارگەلێک لەپشت ئەم دارمانەدایە و دەهێنێ لێرەدا شەنوکەوێکی بکەین.. بەر لەوەش دەخوازم بەچەند ئاماژەیەک لەم هونەرە بدوێم.

لەمێژووی کۆنەوە گۆرانیی کوردی لەبۆتەی مەقامدا قەتیس کراوە، ئەمەش بەو واتایە نییە کە ڕیتم بەرجەستەی گۆرانییەکان نەبووبێ، بەڵکو زۆرترین بایەخی دەنگبێژان لەسەر مەقام بووە.. دیرۆکی مەقام لەکوردستاندا ڕابردوویەکی هێندە دووری هەیە کە نەتوانین سەرەتاکەی دەستنیشان بکەین، لەم ڕووەوە بۆچوونی جوداوازگەلێک زۆرن، بەڵام زۆرینەی بۆچوونەکان ، زیاتریش پسپۆڕو شارەزایانی ئەم بوارە، بۆ دوورتر لە هەزار ساڵی دەگەڕێننەوە، جگە لە مەقامی

(هیجران) کە لقێکە لە مەقامی سەرەکیی (بەیات) و مامۆستا عەلی مەردان داهێنەریەتی، بۆ سەرجەم مەقامە کوردییەکانی دیکەی وەک (هۆرەو سیاچەمانەو مەسنەوی و حەیران و لاوک و ئەڵلاوەیسی و ئای ئای و خاوکەرو قەتارو شوورو شووشتەرو خورشیدی و ئەڵوەن و ..و..و.) سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوو ستانداردمان نییە سەرەتای دروستبوونیانمان بۆ دەستنیشان بکات، بەبۆچوونی من ئەمە زیندووترین بەڵگەی ڕەسەنبوون و کۆنییانە.

ئەوەی دەهێنێ سەبارەت بەبایەخی مەقام بیخەینە بەرباس، ناوەڕۆکە زانستییەکەیەتی کە بەرامبەر حەوت تۆنەکەی موزیک، حەوت مەقامی سەرەکیی هەن، جگە لەو حەوت مەقامە (بەیات.. حیجاز.. سێگا.. ڕاست.. چوارگا.. حوسێنی.. نەهاوەند) دەیان مەقامی دیکە دەبنە لق و هەر کۆمەڵە لقێکیش توخمی یەک لە مەقامە سەرەکییەکانن..بۆیە من وایدەبینمەوە دوورکەوتنەوە لە مەقام و، زیاتریش لە مەقامە سەرەکییەکان، دوورکەوتنەوەیە لە زانستی موزیک، یان لانیکەم هۆکارێکی کاریگەر دەبێت لە کزبوونی گوێی مۆسیقایی هونەرمەند، بەتایبەتیش هونەرمەندی دەنگبێژ، بۆیە ئەگەر تۆزقاڵێک لەو دەنگبێژانە وردبینەوە کە بەبێ زانیاریی لەسەر مەقام گۆرانی دەچڕن، ئاشکرا هەست پێ دەکەین کە زۆرینەیان خاوەن دەنگی ناکامڵ و پڕ کەموکوڕین، مەبەستم ئەوە نییە پێویست بێ لەسەر هەر دەنگبێژێک مەقامبێژیش بێت، بەڵکو زیاتری مەبەستم شارەزابوونە لە پەیژەی مەقامەکان و ناسینەوەیان، حەوت تۆنەکەی موزیکیش بۆ دەنگبێژان لانیکەم پەیوەست دەبێت بە مەشقپێکردنی دەنگ لەسەر تۆنەکان (سۆڵفێج)، لەگەڵیدا پێوەست دەبێت بە تۆن و میانە دەنگییەکان لەنێو حەوت مەقامە سەرەکییەکەدا.

لەئێستادا هونەری مەقام پەراوێز خراوە، منیش وایدەبینمەوە ئەم پەراوێزخستنە دوو دیوی هەبێت، لەدیوێکدا چەرخی خێراو گلۆبالیزم بەهۆکاری سەرەکی دەبینم، بە دیوەکەی دیکەشیدا، هێشتنەوەی مەقام و شێوازە مەقامییەکانە لە فۆڕمە کۆن و سوواوەکەیدا، ئەمەشیان وایکردووە بەهونەرێکی کۆن و بەسەرچوو بخوێنرێتەوە، کە لە ڕاستیشدا خاوەن ئەم بۆچوونانە بەهەقدار دەبینم، لانی کەم لەبەر ئەوەی دەگمەنن ئەوگەنجانەی خۆیان لەقەرەی ئەم بوارە دەدەن و، زۆرترین ڕێژەی پیرەکانن تا ئەم دەمەش خستوویانەتە بەر بایەخەوە..بۆیە دەخوازێ لەسەر هەردوو دیوەکەش بوەستین.

کێشەی مەزنی ئێمە لەم بوارەدا، ئەو پیرۆزییەیە کە بەباڵی مەقامدا بڕاوە، پیرۆزییەک کە تائەم دەمەش واتاو مەبەستەکەی نەزانراوە، هێندە نەبێت هەر مەقامێک ڕێچکە و شێواز و میانەکانی خۆی هەیە و تائێستا بەبەرگی یەک شێوە گوتن داپۆشراوە.. لەڕاستیدا ئەوەی بە

پیرۆز دەکرێت و بۆتە ئاستەنگ لەبەردەم گەشەپێکردنی، زیاتر ئەو دەقە شیعرییانەیە کە مەقامەکانی لەسەر دەگوترێ.. بەنموونە: تا ئەم دەمەش گوێبیستی (حەیران)ێک نەبووین بەشیعرێکی دوور لەو شێوازە تەقلیدییەی تا ئێستا تێیدا بەکاربراوە، یان لانیکەم شێوازەحەیرانێک لە هەر یەکێک لە شیعرە نوێیەکانی ئەم سەردەمەدا بەرجەستە بکرێ.. دەشتوانین هەمان نموونە بکەینەبەر (سیاچەمانە و ئەڵلاوەیسی و ئای ئای و خورشیدی و هۆرەو..و..و.).. ئەوەتا **مەقامبێژانی دەڤەری گەرمیان، ئەوە بە کارەسات دەبینن کە هەر شیعرێکی دیکە لە دەرەوەی شیعرەکانی مەولەوی و شێوەزارەکانی لوڕی و ماچۆ، بکرێتە بەر مەقامی (ئەڵلاوەیسی)**، یان هەر مەقامێکی دیکەی دەڤەرەکە، هەر باسێکی لەم جۆرەش، بە پێشێلکردنی پیرۆزییەکانی وەردەگرن.. ڕەنگە بەهۆی تەراتیلە ئایینییەکان کە لە کۆنەوە لە مەقامەکاندا بەرجەستە کراون، ئەم پیرۆزییە وەرگیرابێ و کاریگەرییەکەشی تا ئێستا لەم وابەستەبوونەدا هێشتبێتەوە..ئەوەتانێ لەکەرکووک و دروست لە تەکێی تاڵەبانیدا کە بە گەورەترین قوتابخانەی مەقام دەخوێنرێتەوە، زۆرینەی شەوان، زیاتریش لەشەوانی هەینیدا کۆڕی مەقام خوێندن دەهێنرێتە جۆش، کەتێیدا تێکستە ئایینییەکان بەکار دەبەن، لەپاڵیدا شیعرە کلاسیکییەکانیش دەخزێنرێنە نێو مەقامەکانەوە.. بەپێی زانیاریی منیش، لەسەرووی ٢٠٠ ساڵ بەر لە ئێستاوە تا ئەم دەمەش، لەیەک فۆرم و شێوازدا مەقامەکان گوتراون و دەگوترێنەوە، کە لەمەیاندا ئاسانتر هەڵوێستی مەقامبێژان دەبینین کە پێ لەسەر یەک شێوە وتن دادەگرن و هەر گۆڕانکارییەکیش تێیدا بە پێشێلکردنی پیرۆزییەکان دەبینن و بە سووکایەتیکردن بەهونەری مەقام و پیرۆزییەکانی وەردەگرن.. زۆرینەی ئەوانەی شارەزا و پسپۆڕی ئەم بوارەن، لەیەک شێوە گوتندا دەقیان گرتووە، هەر کەسێکیش بەئاستەم لەو شێوە گوتنەی ئەوان بترازێ، یاخود بیەوێ جۆرێک لە گۆڕان یان جوانکاریی تێدابکات، ئەوان لە ڕەتکردنەوەیاندا بە پێشێلکردنی پیرۆزییەکانی مەقام تۆمەتباری دەکەن و پێیان وایە لەبوارەکەدا ناشارەزایە، یاخود ڕەسەنایەتییان دەشێوێنێ، ئاکامیش لە پیرۆزییەکانی مەقام کەمدەکەنەوە، کە ئەمەش ڕێگرییەو دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم گەشەپێکردنی.

ئەدی ئەم وابەستەبوونەیە بەپیرۆزییەکان وایکردووە هونەری مەقام لە شوێنە باوەکەی خۆیدا بچەقێت و گەشە نەکات.. لەئاکامیشدا گەنجانی لێبتارێن، کاتێکیش گەنج ئامادەیی نەبێت شێوازە تەقلیدییەکەی ئەم هونەرە هەرس بکات، لەگەڵیدا ڕێگەی نوێکردنەوەو گەشەپێکردنی لێبگیرێت، هەقدار دەبێت خۆی لێ دوور بخاتەوەو لێی بسڵەمێتەوە..لێرەوەیە دیوی دووەمی ئاریشەکە دەست پێدەکات، کە گەنج ئامادەیی ئەوەی

نییە بگەڕێتەوە بۆ ٢٠٠ ساڵ بەر لە ئێستاو ڕووە تەقلیدییەکەی هونەری مەقام وەربگرێت.

لەم چەرخی گلۆبالیزمەدا، هونەری مەقام بەفەوڕمە سوواو و تەقلیدییەکەی لەهەموو واتاکاندا ڕەت دەکرێتەوە، موزیک و گۆرانیی سەردەم لەمێژە ئەو ئاستەی تێپەڕاندووە کە لەتوانایدابێت لە نێو کۆندا خۆی بتوێنێتەوە، لەڕووی دەنگیشەوە ئەگەر بەراوردێک بکەین لەنێوان شێوە گوتنی دەنگبێژانی کۆن و ئێستادا، لە ئاسمان و ڕێسماندا جوداوازن، ئەو کار و بزاڤە هارمۆنیکییانەی کە ئەمڕۆ لە دەنگ و موزیکدا دەبینرێن، بەهیچ جۆرێک ئاوێتەی ئەم شێوازە کۆنەی مەقام نابن، یان لە تەکیدا جووت نابن، کەئەمەش کاریگەرترین هۆکارە بۆ پیربوونی هونەری مەقام، بۆیە ئەم هونەرە داڕماوەو لە گیانەلێدایە.

لەگەڵ ئەوەی لەدیوێکدا هەقمان بە سڵەمینەوەکە داوە کە لەئاکامی ڕێگرییەکانی نەوەی کۆندا دێنە پێش نەوەی ئێستا، هاوکات سڵەمینەوەی گەنجان لە پیرۆزییە دەستکردەکانی هونەری مەقام، گەورەترین مەترسییە بۆتووناچوونی.. هونەرمەندە گەنجەکان، زیاتریش ئەوانەی لەئاستێکی باڵای شارەزاییدان، نەیانتوانیوە، یان نەیانوێراوە دەست بۆ ئەم ئاریشەیە بەرن و هەڵسوکەوتێکی سەردەمانەی لەتەکدا بکەن.. زۆر پێش ئێستا ژنەفتبووم مامۆستا ئامانج غازی لە هەوڵێکدا کاری لەسەر مەقامی (حەیران) کردبوو، بەو ئاراستەیەی شێوازی ئەم مەقامە لە پەیژەی (بەیات)ەوە بگوازێتەوە سەر پەیژەی مەقامی (حیجاز) و گۆڕانکاریی بەرەو جوانکاریی پتر بکاتەبەر مەقامەکە، لەڕاستیدا نازانم ئەم هەوڵەی مامۆستا بەکوێ گەیشت؟ هێندە نەبێت کەلەو دەمەدا هەوڵەکەیمان بەرز نرخاندو دواتر نەمانزانی پرۆژەکەی چیی بەسەر هات؟..من پێم وانییە نوێ کردنەوەی مەقامەکان لەنێو موزیکی سەردەمدا کارێکی فرە ئەستەم بێت، بەڵام زیاتر دەکەوێتە بەرئەرکی موزیکژەنە شارەزاکان، ئەوانەی پسپۆڕێتییان لەڕووە زانستەکەی موزیکدا بەبایەخ وەرگرتووە، چونکە دەستکاریکردنی مەقامەکان لە پەیژەکانیاندا لەوپەڕی هەستەوەریدایە، بۆیە دەخوازێ گەشەپێکردنەکەی لەبۆتەی موزیک و شێوەگوتن و هاوکات بەکاربردنی شیعری نوێی شاعیرە گەنج و نوێخوازەکان بێت، لەگەڵیدا ئاوێتە کردنی مەقامەکان بێت بەیەکدی، ئەمەش بەو واتایەی کە چەند مەقامێک لە بۆتەی یەک مەقامدا کۆبکرێنەوەو لەنێو دەنگێکدا کاری لەسەر بکرێت.

لێرەوە کورتی دەکەمەوە و پێم وانییە لەوەندە پترم پێویست بێت قسەی لەسەر بکەم، ئەوەی دەمێنێتەوە، بۆ دیالۆگێکی بەبەرهەمی جێدەهێڵم، بەو هیوایەی بتوانین (نەوشەفەق) بکەینە مینبەرێک بۆ دیالۆگ.

# چەند تاڵە بیرێكی ئاڵۆزكاو

جەمال شارباژێڕی

هەوارنامەی کتێب



١- (ئومێدێكی زۆرم بە جەمال شاربازێڕی هەیە. دوارۆژێكی باشی تێدا دەبینم.)

گۆران

٢- (جەمال شاربازێڕی یەكێكە لە شاعیرە حەقخوراوەكان و كاریگەریشی لەسەر من هەبووە.)

عەبدوڵڵا پەشێو

٣- (جەمال شاربازێڕی جیهانێكی تایبەتی لە خەم دروستكردووە. سەرەتای ژیانیش فرمێسك و خەمە.)

لەتیف هەڵمەت

٤-(جەمال شارباژێڕی شاعیرێکی ناسراوە، شیعرە لیریکییەکانی کاریگەریی خۆی بەسەر چەندان شاعیرەوە هەبووە، لەوانەش هەندێکیان ئەمڕۆکە شاعیری ناسراون. ئەو شاعیرە ڕۆمانسییە کە لەسەر ژێیەکی غەمگین تاری خۆی ژەنیوە. بە حەڵقەی گەیاندنی نێوان شاعیرەکانی ساڵانی شەست و شاعیرانی ڕوانگە دادەنرێ.

هەر بەو خولیای نوێ بوونەوەیەوە کەوتە ناو بەیاننامەی (ڕوانگە)، یەکێکە لەوانەی ئیمزای ئەو بەیاننامەیەی کردووە، کە کاریگەری خۆی لەسەر ئەدەبیاتی کوردی هەبووە. ئەم شاعیرە کە تا ئێستا چەندان دیوانە شیعری چاپکراوی هەیە و شاعیرێکی بە دەرەوەی قۆناغێکی گرنگ و ناسکی شیعری کوردییە، کەچی بە پێی پێویست لای لێ نەکراوەتەوە و ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی کوردی مافی خۆی نەداوەتێ.)

ئازاد عەبدولواحید

٥- (جەمال شارباژێڕی شاعیرێکی نوێخوازە و شیعرەکانی زۆر جوان و ڕێک و ئاودارن.)

جەوهەر غەمگین

٦- (جەمال شارباژێڕی لە ڕووی پێکهاتەوە شیعرەکانی پڕ سۆز و دیمەنی هەستدارن. زۆرتر بەرهەمی خەیاڵن لەوەی بەرهەمی هێزی بیرکردنەوە و کۆزانیاری بن. جۆرێک داهێنانی لە نێوان شەستەکان و سەرەتای حەفتایەکدا پێشکێش کرد، بووە بەخشندە و ناوەندێکی کراوە بۆ شاعیرەکانی دەوروبەری و کاریگەری خۆی زاڵ کرد، بەلام لەم ماوە دیایکراوەدا زیاتری تێنەپەڕاند و کۆتایی پێدێت.

تواناکانی لە ئەزموونی قووڵ و دەوڵەمەندتردا، کەش و دۆخێکی تاکە کەسی پێکنەهێنا. کەواتە کاریگەرییەکەی لەیەک قۆناغدا دەرکەوت و وەستا. نەبووە ڕۆحێکی چالاک و بەرهەمهێن لە جەستەی شیعری کوردیدا.)

سەباح ڕەنجدەر

٧- (شاعیرێکی وەک شێرکۆ بێکەس کە خۆی دانی پێداناوە، لەو نوێکارییەیدا سوودی لە شیعرەکانی جەمال شارباژێڕی وەرگرتووە، زۆر لە ڕەخنەگرانی ئەدەبی کوردیش هەستیان بەو سوود وەرگرتن و کاریگەرییە کردووە.)

کەریم شارەزا

٨- (جەمال شارباژێڕی: نەوەیەک لە شاعیرە هاوچەرخەکانی قەرزاری بەهرە و شیعرە ڕۆمانسییە هەستییەکانی ئەم شاعیرە پێشەنگ و ڕابەرەن.)

موحسین ئاوارە

٩- (شیعر یەکێک نییە لە کارەکانی جەمال شارباژێڕی، یەکێکە لە سیفەتەکانی، ئاخر ئەو شاعیر نییە، پیاوێکە لە شیعر، یان پیاوێکە شیعرین.)

حەمە سەعید حەسەن

١٠- (حەز بە خوێندنەوەی شیعری زۆربەی شاعیرەکانی ئەم سەردەمە دەکەم. تاڕادەیەکیش تاموچێژێکی زۆریان لێ دەبینم. شاعیری وەک جەمال شارباژێڕی و شاعیرانی دیکەش.)

محەمەد ڕەشید فەتاح

١١- (جەمال شارباژێڕی بەدرێژایی شەستەکان ئەزموونێکی باشی خستە سەر شیعری نوێی کوردی.)

دڵشاد عەبدوڵڵا

هەواڵنامەی کتێب

**١**

**پرسیار**

**ئایا ڕازی ئەبن**
**وشەی زەقی بێ سەرو بن**
**بۆتان بکەمە ڕستەوە**
**ناوی بنێم**
**هۆنراوەی من**

**وەرام**

**نەخێر**

**پرسیار**

ئایا پێتان خۆشە
کەوا وشەی پرشنگداری
وەک دڵداری
بەختیاری
کە لە لای خۆم لانەی بۆشە
بۆتانی بکەم بە دیاری

وەرام

نەخێر

پرسیار

ئایا ڕازی ئەبن
چەند بیرێکتان پێ بدەم
چەند مەتەڵێکی تێدابێ
بێ ئەوەی خۆشم تێی بگەم
ناوی بنێم
هۆنینەوەی ئەم سەردەمە
چونکە کەس نەدیوە لەمە

وەرام

نەخێر

هەواڵنامەی کتێب

سەمەرە و سەیرە
کەوایە ببوورن لێم
ئەگەر بڵێم

ئەگەر داهێنان
بۆ دواوە بێ
ئەگەر داگیراو
شەکاوە بێ
ئەگەر هێمنی
ئاژاوە بێ
ئەگەر داگیرساو
کوژاوە بێ
ئەگەر وشک بوون
ژیاوە بێ
ئەشێ ئەم وشە وشکانەی
منیش ناوی هۆنراوەبێ

٢

حەزم ئەکرد
ببوومایە
بە هاوڕێی نازی هەڵبەستێ
بێ جیابوونەوە لێم بستێ
کاتێ بمویستایە بچم
بۆ دیدەنی خۆشەویستێ
من تێر بمگوشیایە دەستێ

هەواڵنامەی کتێب

ئەویش دەستێ
لەگەڵ دەستە خوشکەکانی
وەک پەپوولە بفڕینایە
بۆ سەر لێوە سوورەکانی
منداڵە بێ نازەکانی
نزیکی شار
ببووینایە
بە گۆرانی و بەسروودی
شوان و جووتیار
جار لە دوای جار
بووتراین
بووتراین و بووترانیایەوە ئێجگار
زیاد لە هەزار
ببووینایە بە قەڵبەزە و خوڕەی ڕووبار
بە کانیلەی گیا شۆڕەی سەوزایی بنار
بۆ ئارامی ڕێبواری ماندووی ڕاگوزار

٣

حەزم ئەکرد
باوکی هەڵبەستێ بوومایە
لە باوەشی دایکێکدا خۆم
بە دڵی خۆم
بۆ خۆم هەڵمبژاردایە
نیگای بۆ سۆز
خۆشەویستی
ساماڵ

هەواڵنامەی کتێب

ئەستێرە

سەربەستی

مەل

چرۆ

چڵ

پەپوولە و گوڵ

شنینەوەی بناردایە

بزە و تریقەی بە گۆنا گەیاندایە

جارێک بیگوتبوایە

بابە

دەجار بیگوتبوایە

دایە

تێر لە باوەشم گرتبوایە

هەناسەیم هەڵمژیبوایە

چەند بە تیلەی چاو بەڕووەمیدا بڕوا نایە

شەتڵی گەشەی لە ناو هەستدا بڕوانایە

ئەم گرێ و گوڵە ئاڵۆزکاوەی بەختەمی

کەمێ بڕەوانایەوە

ئەوسا ئەبووم بە ئاوازێ

ئەچوومە گەرووی نایەوە

پەپوولە ئاوارەکانم

بۆ گوڵزار ئەهێنایەوە

٤

حەزم ئەکرد

هۆنراوەیەکم هەبووایە

هەواڵنامەی کتێب

منداڵانی پەروەردەی باخچەی ساوایان
لە پەلکەزێڕینەکەی قژ و سەریان دایە
قردێلەیەکی ئاوریشمین دەرکەوتایە
لەگەڵ هەموو ڕاکردن و بازدانێکدا
نەکەوتبووایە
بە ڕەنگێکی پیرۆزەی ئەم دروشمەی هەڵگرتبووایە
شیعر نانە
شیعر گیانە
شیعر ژیانە
ویژدانە
شیعر ژانە
جوانە
ژوانە
بارانە
دایکە
باوکە
نیشتمانە
خوشکە
کچە
دەزگیرانە
شیعر باخچەی ساوایانە
شیعر بروایە
ڕێگایە
نەوا و نەمانی درەختی سەوزی بەرزی دانیشگایە
قوتابییە

هەواڵنامەی کتێب

مامۆستایه
شیعر چرای شەوی هیوای
چەوساوەکانی کوردستان و دنیایه
هەرچی ئاوات و هیوایه
له ناو گلێنەی شیعردایه
شیعر خوایه
شاعیر پێغەمبەری خوایه

٥

حەزم ئەکرد
هۆنراوەیەکی ئاگرین
شاکارێکی سۆز و کسپه و ژان و ئەوین
بدەمه دەست فەرهاد و بیبات بۆ شیرین
مژدەی بداتێ
مادام زەوی نابێ له ڕاوەستاندا بێ
هیچ مرۆڤێ نابێ له ژێر دەستاندابێ
بلێ شیرین
وا هیوای شەهیدی جەربەزه
شەفەقێکه لەسەر ئاسۆی سوور و ئاڵه
ڕووی خۆر به بێژینگ ناگیرێ
شیرین
شیرین
تاڵ
هەر تاڵه

هەواڵنامەی کتێب

٦

حەزم ئەکرد
هۆنراوەیەکم دانابووایە
بۆ کچێکی شۆخ و شەنگم بناردبووایە
کە لە دامێن بناردایە
ڕوون و بێگەرد
وەک ئاوێنە قژی لەبەر داهێنابوایە

بەڵام ئاخ داخی گرانم
کە بێ بەهرەم و ناتوانم
منێکی بێ دانیشتنێکی
دوو قۆڵی
دەست گوشینێکی
دوو قۆڵی
یان گەڕانێکی
دوو قۆڵی
یان ژوانێکی
دوو قۆڵی
یان گریانێکی
دوو قۆڵی
ئەو سەر بکاتە سەر ئەژنۆم
منیش سەرخەمە سەر قۆڵی

منێک
تروسکەی باڵی کەڵی ڕووناکی نەدیوە

هەواڵنامەی کتێب

لەم

دیو

لەو

دیو

منێکی وا داخ کراوی

پشکۆ بە پێدا چزاوی

هەناسە هەڵکڕووزاوی

پلیشاوە

لە دووکەڵ و بۆ چرووک و سوتووی ڕەشبینی بەولاوە

من چی ڕیزکەم

چی پێشکەشی خۆشەویستێکی ئازیزکەم

لە خەزاندام و ناچارم

کە ئەبێ ڕوو لە پایزکەم

بێ بەهارم

٧

وتیان تۆ کێیت

چیت و لە کوێیت

من ئەوەتام

لە ناو نەخۆشخانەیەکدام

نەء ببوون

من خۆم نەخۆشخانەیەکم

شیرپەنجە

سیل

گرانەتا

تاعوون

هەواڵنامەی کتێب

پەتا

شەکر

دڵ

سینگ

تەوژمی خوێن

یەک بە دوای یەکتریدا دێن

دەک بەخێربێن

لە هەموویان زیاتر شێتی

دێنێ شاڵاوی برسێتی

ئایا لە دەنگی ئاواز و ناڵە و گریان

چی تر هەیە لە ناو نەخۆشخانەیەکدا

چی ئەبیستن

بێجگە لە ژان

شیرینەکەم

بێ گەردە نازەنینەکەم

لە پاڵ ئەمانەشدا من هەر خۆشم ئەوێی

وەک ژیان

وەک پاکی ئەوینەکەم

خۆشەویستی تۆش یەکێکە لەو نەخۆشی و شێتیانەی

کە هێرشیان هێنایەوە بۆ کەلاوەی نەخۆشخانەکەم

من شەیدای تۆم

هەردەم لای تۆم

ئەی تۆ لە کوێی

هەواڵنامەی کتێب

بۆچی نایەی

تا فەرشی نازت بۆ ڕاخەم
لە دیوەخانی گەردووندا
لە ژێر سامالّی دەروونداا
هەر کاتێ هاتی بەخێربێی
بەلاّم حەزم ئەکرد ئێستا
لام بوویتایە و لات بوومایە
هەست لە هەستدا
وەک تیشکی ڕووناکی بڕوێی
لە ناو گلێنەی هەلّبەستدا

٨

شیرینەکەم
حەزم ئەکرد
هەموو تالّێک لە قژی تۆ
بهۆنمەوە بەزەنگیانەی ڕەنگینی هەلّبەستەکانم

حەزم ئەکرد
هەموو خالّێکی گەردن و گۆنا و سینگت
بکەم بە نوختەی وشەی ناو ڕستەکانم

حەزم ئەکرد
هەموو هەناسەیەکی زۆر قوولّ و مەنگت
بکەم بە بینی شمشالّی
گەرووی شوان و لێوی مەمی هەستەکانم

هەوالّنامەی کتێب

حەزم ئەکرد
هەموو پیتێکی ناوی تۆ
بکەم بە نۆتەی ئاوازی تەلی کەمانی زیوینی
خاتوزینی
بەستەکانم

حەزم ئەکرد
هەموو تیشکێکی چاوی تۆم
بکەم بە هەتاوی وێنەی
پەردەی سینەمای دەروونی تاریکستان
هەر دڵۆپە شەونمێ لەو فرمێسکانەش کە بۆت ڕشتوم
لەگەڵ مەرەکەبی بیردا تێکەڵیانکەم
بۆ نووسینەوەی چیرۆک و شیعر و داستان

زۆر حەز ئەکەم
ئەی شۆخ و شەنگ
چاو ئەبڵەقە نێرەموکە چەپەڵەکەی
کەوا خۆی بۆ حەشار داوی
تەڵە و داوی
بۆ داناوی
هەتا بکەویتە ناوی
بکەم بە پەنک
ڕیسوای هەتا هەتای مێژووی جیهانی کەم
لەعنەت لە ناوچەوانی کەم
بە خەڵووزی دارەبەنەکانی کەژی سەوزی نەدیو

هەواڵنامەی کتێب

**به دووکەڵی قرچە قری جگەر سووتاوی دڵ تەزیو**

**بە قیرِی قینی تواوەی هەستی هەتیو**

**چاوی**

**یو**

**ئێس**

**ئەی**

**بۆیاخ کەم**

**ڕووی ئەنجومەنی پیران و هاوپەیمانی**

**پێوەی سواخ دەم**

**تەما و ئاواتی پێ داخ کەم**

* شاعیر ئەم شیعرەی لە ٢٢ی مارتی ١٩٧٢ لە یەکەم میهرەجانی شیعری کوردیدا لە شاری کەرکووک خوێندوەتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

چاپکراوەکانی جەمال شارباژێڕی:

١- کسپە و سۆز: ١٩٥٩.

٢- بەستەی مەبەست: ١٩٦١.

٣- پارچەیەک لە جگەرم: ١٩٦٨.

٤- فرمێسکی نهێنی: ١٩٦٨.

٥- لە ئەلبومی یادگارا: ١٩٨٣.

٦- ملوانکەی هەزار دەنکەی شارباژێڕ: ١٩٨٥.

٧- ژوانکەی هەژان و ژان: ١٩٩٨.